# فەرهادێکی تر

رۆمان

غەفور سالّح عەبدوڵا

چاپی یەکەم

لەبڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی / کەرکوک

**ناوی کتێب : فەرهادێکی تر**

**بابەت:رۆمان**

**نووسینی : غەفور ساڵح عەبدوڵا**

**کاری کۆمپیوتەر: نوسەر خۆی کردویەتی.**

**دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان**

**ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی گشتی**

**سلێمانی(2315) ساڵی 2008**

*پێشکەشە بە دایکم ...

*پێشکەشە بەو تێکۆشەرانەی کە گەندەڵی چۆکی پێ دانەدان.

*پێشکەشە بە شەهید(مستەفا گەرمیانی) کە لەتەقینەوەکانی

رۆژی16/7/ 2007 لە کەرکوك شەهید بوو....

(بۆیە رۆمان دەنووسم پێم وایە  بە گومانم وچونکە لاوازیشم..

رێگایەکیشە وەکو هەر رێگایەکی دیکە بۆ مردن ، بکوژی تارمایی وئەندێشەکانە)..

-خاپییر گارسیا سانجن-

## بەشداربووانی ئەم رۆمانە

-------------------

1-فەرهاد:فەرهادیکی دیکەی رەنج بە خەسار...

2-شازەمان:کچی حەمە شێت دەنکی فەرهاد بوو..

3-حەمە شێت:باوکی شازەمانە وکرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بوو.

4– سالار:شاعیر ودەربەدەر وبرادەری فەرهادە

5– فەرزەند:پوورزای فەرهادە وهاورێی پێشمەرگایەتی بوو.

6–پەروێز:ئەویش برادەری پێشمەرگایەتی فەرهادە

7–ئاسکۆڵ:ژنی فەرهاد بوو لە بۆردومانی کوردستان کوژرا

8–هەنار:دەنکی فەرهاد بوو.

9–شەزا:دەنکی پەروێز بوو لە کۆلیج لە بەغدا

10–خلە زلە: بەیتاڵچی خاوەنی هێسترو مێردی زلێخا

11–عەتیە: ژنی کەلە پۆخچی خاوەنی نێرەکەر

12–خاوەر: ژنی حەمە شێتە، دایکی شازەمانە

13–حاجی مەرجان: کۆنە سوزانی

14– خەرامان: کچی خاوەن خانووەکەی فەرزەند بوو.

15– ئامە: کچی خاوەن خانووەکەی قادر رۆستەم بوو ، بەمنداڵی مومارەسەی سێکسی لەگەڵدا کردبوو.

16– رێزان: کچە هاورێ ی فەرهاد بوو لە کۆلیج لە بەغدا.

17– شەزا، کچێکی عەرەبی شیوعی بوو لە کۆلێج پەروێز حەزی لێ کردبوو...

## هەندێك لە بارەی ئەم رۆمانەوە

(شۆڕشگێران و بانگەشەخوازان و سەرکردەو هونەرمەندو بیریارەکان،خەڵکانێکی نەخۆش و ماندوون، بەتیمارکردنی کەسانی دیکە چارەسەری ئازارەکانی خۆیان دەکەن)..

-عەبدلا ئەلقوصەیمی-

*

دیارە ئەم فەرهادە،فەرهادێکی هاوچەرخە و کەرکوکیە و تێکۆشەر بووە،بەلآم زۆربەی بەشەکانی ئەم رۆمانەم تەواو کردبوو ،دەشبوو کە فەرهاد لە هەندەران گەڕابایەوە بۆ شارەکەی ،دەبووایە بکوژرابایە، ئەگینا (فەرهاد) نیە ، بەراستی بەنیازبووم لە رووداوێکی تەقینەوە بە کوشتی بدەم بۆ دەربڕین لەو دۆخە سەختە پڕ مەترسیەی کە کەرکوك تیا دەژیا، ئەوەبوو خەریکی تایب کردنی بووم، تەقینەوەکانی کەرکوك لە بەردەم قەلآو سەرپردە کۆنەکە روویدا، ئەو پردەی کە زۆر لە رۆمانەکەدا ، لەگەڵ قەلآکە ناویان هاتووە و،جۆرە پاڵەوانێکی رۆمانەکەشن، تەقینەوەکانی 2007\10\16 تەواو چارەنووسی فەرهادی دیاری کرد و،کە هاوچارەنووس بوو تا رادەیەك لەگەڵ چارەنووسی شەهید (مستەفا گەرمیانی) رۆژنامەنووس بۆیە بەوم پێشکەش کرد .***

گەمژەیی و بدکاریی وگوناه و کەمنموودیی

ناخی داگیرکردوین و جەستەشی شەکەت کردوین

پەشیمانیی ناخی خۆمان تێر دەکەین

وەکو چۆن گەدایەك ڕشك و ئەسپێکانی خۆی تێردەکات، کەخوێنەکەی دەمژن

گوناهەکانمان چاوقایمن و پەشیمایەکانیشمان ترسنۆکن

نرخێکی گرانبای دانپیانەکانمان دەدەین

بەدڵخۆشیەوە بە نێو قوڕاودا رێدەکەین

پێمانوایە بە فرمێسك نرخی هەڵەکانمان دەدەین و

لەسەر سەرینی بەدکاریی ئەهریمەن رۆحی ئەفسوون لێکراومان رادەژەنێ

لە ناخماندا کانزای گرانبای ئیرادەمان ریشەکێش دەکات....

***

ئەمە چیرۆکی پیاوێکی کلۆڵە، بەقەد خودی کلۆڵی کلۆڵە، کە سەرجەم کلۆڵیی و خەمی وولاتێکی بەدناو وگومناوی لە خۆ گرتووە ، خەمێك هەموو رەنگی گەرمیانی گرتووە، یان لە هەموو رەنگەکانی ئەم وولاتە ، وەکو رەنگی تاریکی، وەکو رەنگی شاخ و رەنگی گوڵەبەرۆژە ، وەکو رەنگی ئەنفال ، وەکو رەنگی گەندەڵی دوای راپەرینی لە باربراو، وەکو رەنگی تالانکردنی خوێنی شەهیدەکان ، وەکو رەنگی داگیرکردنی کچێنی وئابرووی ژنەکان بە دەستی(شۆرەسوارەکانی دوای راپەرین و وولات بەدەستان) . تەنانەت سەربوردە سێکسیەکانیشی بەدبەختی و عەزابن..ئەم پیاوە بەدبەختە کە ئەم هەموو چیروکە دڵداریی و سێکسیە ژیاوە ، چۆن توانی ببێت بە تێکۆشەرێکی گەورەو، خاوەنی ئەم هەستە جیاوازە ناکۆکانە بێت . دەشێ ئەم جۆرە چیرۆکانە کۆتاییەکی بەدو خراپیان بەچاوەوە بێت..

دوای رووداوی تەقینەوەکانی ناو شار، دوای ئەوەی کوژراوو بریندارەکان گەیەنرانە خەستەخانەی شارەکەو، پزیشکی دادوەری. هەندیێ لە کوژراوەکان ناسرانەوە، هەندێکیش بەناسنامەکان ناسرانەوە. یەکێك لە کوژراوەکان بە پاسپۆرتەکەی ناسرایەوە ، پاسپۆرتەکە سوێدی بوو ، بەڵام ناوەکە بەکورد دەچوو، تیا نووسرابوو (فەرهاد) بەڵام ناوی باوکی وسییانیەکەی سووتا بوون ، یان خوێن سڕیبوونیەوە، بەڵامساڵی لە دایکبوونی وشوێنی لە دایکبوونی مابوون: 1956، کەرکوك ...

***ساڵانێك*** بوو چەشنی جاڵجاڵۆکە بە لیکی بیرەوەریەکانی تان وپۆی خۆی دەدا، زۆربەی شەوەکانیش بە بەدمەستی شارەکان دەورووژان، ئەم گەردونە چەتوونە هەڵدەوەشایەوەو دووبارە دەبووژایەوە، دەبوو بە منداڵی سەر بێشکەی خەیاڵ، دەمی دەنایە گۆی مەمکی هەزاران کیژۆڵەی سەر وعوزرنەشۆرو قەیرە کچەوە، کەچی هەر تینوو بوو ، مژی دەنایە لێوی بیرەوەریەکانیەوە ، لە جاران سوێرتر بوون، فووی دەکرد بە ملێونەها شمشاڵ و دووردگی نوێیەوە، خامۆشی شارە تەپیوەکانی دەشەڵەقاند ، کەچی کاتێ بە ئاگا دەهاتەوە شارەکان لە چڵپاوەدا خنکابوون، خەڵکەکەشیان لە ساڵی دەقنانووسەوە مەلەیان لەبیر چوو بووەوە. ئەو منداڵیی خۆی بیرنایەتەوە، تازە کێ ئەم بوونە پڕ سارد و سۆڵەو تەنیایەی گەرم دەکاتەوە ؟. لە ئاگردانی چ ئومێدیکدا ساڵە کەمەکانی تەمەنی ئۆقرە دەگرن وئۆقرە دەگرێت؟ . گەرچی هەمیشە ئۆقرە نەگرتوو بوو ، زوو بە زوو لە شتەکان جاڕس دەبوو و، بەدوای شتی نوێدا هەڵبەی دەکرد، تەمەن چی تیاماوە؟ زۆر کەمتری ماوە لەوەی کە بەسەر چوو. بوون لە لای ئەو لە دەمەو بەیانیەکاندا پێناسەی خۆی دەکردو، سەقامگیر دەبوو .. هەنووکە دەمەوبەیانیەکانیش وەکو هەموو دەمەکانی دیکە لەگەڵ یەکتری

چاوشارکێ دەکەن و پێی ڕادەبوێرن، هەستی پێ دەکەن و هەستیان پێ ناکات. تەنیاییش مرۆڤـ دەکاتە کۆت و زنجیری لەبیر چوونەوە و، ئاوەدانیەکانیش دەبنە بیابانێکی کاکی بە کاکی. حەزی دەکرد ژنێکی هەبێ بیدوێنێ ، بەسەریا بقیژێنێت ، لێ ی تورەبێت و لێ ی بتۆرێت وبە پاڕانەوە ئاشتی کاتەوە، ئێ کێ وەکو (ئاسکۆلێ) سارد وسڕی شەوانی خامۆشی گەرم دەکاتەوەو، گۆچانی ئۆمێد بداتە دەستی و، دەریبهێنێ لەم گۆڕە وێرانە؟. تەنانەت توانای یادکردنەوەی ئەویشی نەماوە، سات لە دوای سات ئەو و مەرگێکی ناهەڵبژاردە دەستیان کردوەتە گەردنی تەمەنی سۆزانیەکی ئەورووپی چاو بەئاشقاڵ و لەخواترس، ئێستا هەست دەکا تەمەنی بزنە پیرێکی ماوە، مووە ڕەش وسپیەکانی سەرە کاسەکەی لە گۆڕەپانی شەوە درێژەکاندا دەکەونە بۆربۆڕێنێکی سروشتییەوە، بێدەنگیەکەی لە تەرازووی غەڵبەغەڵبی شارە چاو چنۆکەکاندا لاسەنگە، لە کۆتایی شەوی سەماخانەکانی ئەورووپادا لەپەل وپۆ دەکەوێت. وەکو گیسکەکەی – هەیاس– ترس ورووژاوەتە کەولێەوەو، چاوەڕانی بڕیاری قەرەقوشێکی دیکەیە ، وەکو کەوێکی نەخۆش و لات لەقەفەزەکەی بەرەڵایکات. زۆرجار لە گوزەرەکانی ئەو شارەی لە سوێد ، (یۆتۆبۆری)کە لێی نشتەجێ یە،لە ناکاو ئاوڕ دەداتەوە ، ڕەپ رادەوەستێ ، پشت لە دیوارێك توونـد دەكات، نەبا سەرخۆشێك ، یان سەر لێ شێواوێکی پێست رەش چەقۆیەك بكات بە گازەرای پشتیدا ، هەندێ جاریش لەدیدەی مەستی رەشکراوی سوزانیەکان سلێ دەکردەوە...

__*هەمیشە*__ فەرهادێکی دووای هەرەسە یەك لە دوای یەکەکان بووم، بە تفەنگێکی ژەنگاوی وجووتێ کلاشی دڕاوەوە رووبە رووی هەموو سوپا مۆدێرنەکان دەبوومەوە ،لەوەتەی هەم لەلام کوردستان کۆمەڵێك رەمز وهێما وسروودی پڕ ئەفسوون بوو، بۆ هەر لایەك هەڵمروانیایە ڕەوەزە چیاکانی کە دەوریان لێ گرتبوو رێگەیان لە تەماشام دەبەستەوە، هەر بەقەدەر دوو سێ لاکێشەی گەورە شینایی ئاسمانم لێوە دیار بوو، دڵدانەوەکانم بەو خەنجەربالاّ و پەرەسێلکانە دەبوو، کە دەمەوبەهاران بەخۆشنودیەوە ئاسمانەکەیان دەتەنی. ئەو دەمەی منداڵیش بووم مامۆستا لە وانەی وێنەکێشاندا لیێ دەخواستین سەرو وێنەیەك بکێشین، منیش دەسبەجێ قەڵەمە رەنگاوڕەنگەکانم دەگرتە دەستەوە وخێرا زنجیرە چیایەك ورووبارێك وچەند دار سنەوبەرو داربەڕوویەك وچەندباڵندەیەکی سەیرو، کۆمەڵە خانوویەکی لە قور درووستکراوی بێ گیان وکز وداماوم دەنەخشاند ، مامۆستا هەرکە چاوی بەو وێنەیە کەوت وپێی وتم (تۆ چارەنووسێکی نادیار چاوەروانتە)، دیاربوو پێی سەیر بوو منداڵێکی کورد ، لەئیستاوە ئاوها بیربکاتەوە، دیاربوو لە داخانە ئاوهای پێ دەووتم ، منیش ترسم لێ دەنیشت . کومەڵێك چڵ وچێوو خۆزگە وحەسرەت و هەناسە ساردیەکی موزمین بووم، خەونی سەیرو سەمەرەم دەبینی ، جاری واشهەبوو دەبوومە رۆستەمی زاڵ و ،

هەندێ جاریش دەبوومە خولەپیزە !، ئەویش نە چیای ، نە دوڵی ، نە خاکی ، نەکانیاوی، لەوەتەی هەم لێم ناپرسن بۆ ئاوها دەستەوسانی ئەوم ، عومرێکم لەو دۆڵ ورەوەزە سەختانە بە سەر بردوە، نەمدەزانی لەکەیەوە وا لەو کەژانەم ، شەوانە لەگەڵ کەڵەکێوی وبزنە کێویەکان جێگای نووستنمان لە رەوەزە سەختەکانی (چەمی رەزان) و(حاجی ئومەران) و(زەڵێ) و( ناوزەنگ) دەگۆڕییەوە، شوێن پێ وبزنە رێ ی کەڵ و بزنە کیویەکان، وەکو ناو لەپی خۆم دەناسی ، لە مەرزی قاچاخچیەکاندا گۆش کرام . عومرێکە گوێم ئاشنای (کوجا میری وکوجا رفتی)یە. سەردەمێك لە گەل چریکەهای(ساواك)و سەردەمێکیش لە گەڵ پاسدارانی ئیتیلاعات ..(ئێ بە بنەچە پێشمەرگە بووین). باوکم لە دوای شەڕی براکوژیەکەی (1964)، چەکی داناو گزگدەری شارەوانی پێ بە شەرەف تر بوو، لەو شەڕی خۆکوژیە..باوکم دەیووت باوکی ئەویش، واتا باپیرەم پێشمەرگەی شیخ مەحموود بوو، بە پێشمەرگەیی لە دایك دەبین وبە پێشمەرگەیی دەژین وبە پێشمەرگەییش دەمرین. تازە موم لێهاتبوو پێنجتیر ئینگلیزیەکم کردە شان و ، بە هەڵمووت وتاتە بەردەکاندا هەڵزنام، (ئاسکول)م لەگەڵ کۆمەڵێك ماچی پەمەیی لەرزۆکدا بەجێهیشت، کۆڵەپشتێك خۆزگەو حەسرەت و ماڵویرانیم لە کۆڵ نا، هەر لەوێوەوە یەکەم داوی ئەشق و خۆشەویستی و بە مەقەسێکی بەدبەختی وپڕ سیاسەت قرتێندرا، هەر چەندێ دوای ئەوەش (ئاسکۆڵ) قیروسیای کردو دوام کەوت، دوای تیاچوونی ئەویش ، ئیدی هاوسەرو هاودەمم تفەنگێکی ژەنگاوی و وکۆڵەپشتێکی حەسرەت وبێ توێشوو بوو، بە ووشکە جاوی نانی ماڵە گوندیەکی هەژار تان وپۆی مێژوویێکی سەخت ودەست لێ شۆردراوم دەدا، هەمیشە لەو دیوی سنووری وڵاتفرۆشی و وخیانەت وماستاوساردکردنەوەو ئینتیهازیەکانەوە کەڵە کێویەکی خەڵتانی خوێن بووم، بە دڵۆپە خوێنی خۆم لێوم تەڕدەکرد، هێشتا پێشمەرگە بووم ، (بەبوورن دەروێش بووم) ، خوشەویست وسیاسەت لە ماچە پەمەییەکانی (ئاسکول) فێربووم ..بۆ نا؟. دەزانن چۆن (ئاسکۆڵ )م ناسی؟.. دوای ئەوەی لە قەلاَ گواستمانەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە، لەماڵی خاڵە (شەریف) بووین بەکرێچی، ژیانی ئەو حەوشەیەش زۆر شتی گۆڕیم ، ئەوەندەی دیکە تووشی بەدخووی کردم، لەتەمەنێکی کورتدا گڕ و بڵێسەی چاوبازی دڵداریی لە دەروونم تەشەنەی کرد، گەرچی گەڕەکە تازەکەمان هیچ جیاوازیەکی نەبوو لە گەڵ گوندێکی کوردەواری گەرمیان . تەنانەت زۆربەی خەڵکی ئەو گەڕەکەش لە بێ کارەبایی هێشتا قوتیلەو چرای نەوتیان بەکار دەهێنا، تەنها ئەوە بوو ببووە چمکی شارێك. دوو رۆژی پێ نەچوو لەو حەوشەیەدا جێگیر ببوین . زۆربەی شەوەکان ماڵی خاڵە (شەریف) لێمان کۆدەبوونەوە، بە تایبەت کچەکەیان کەناوی (ئاسکۆڵ) بوو. هاتوو چۆی گەرمتر بوو، هەروەها لە گەڵ (پووره رەعنا)ی کرێچیان بەتاقی تەنیا ، کە بە پارەی تەقاویتی کوڕە جوانەمەرگەکەی دەژیا. شەوانیش تا خەڵك خەوتنان مەتەڵەکانی دێوە سپی ودێوە

ڕەشی وکچی پاشا و کوڕە کەچەڵەی بۆ دەگێڕاینەوە. زۆرجاریش لە مەتەڵ گێڕانەوە دەوەستا و، دەکەوتە باسکردنی قەدو باڵا و جوانی و کەڵەمێردی کوڕە جوانەمەرگەکەی و دەیدایە پرمەی گریان ..

(ئاسکۆڵ) هاتوو چۆی گەرمتر بوو، هەموو جارێك بەرامبەرم دادەنیشت و چاوی تیَ دەبڕیم و نەیدەتروکاند، سەبارەتم ئەو رەفتارەیم بە کارێکی ئاسایی دەهاتە پێش چاوم . زیاتر هەستم دەکرد وبۆی دەچووم کە بەزەیی پێمدا بێتەوە، لە تروسکایی چاوە پڕ خەمەکانیدا دیار بوو، دەمێکە دەستی نێرینەی پیَ نەگەیشتووە ، یان جگە لە باوکی نێرینەی غەریبە لە گەڵیدا قسەی نەکردوە. چاوتێبڕینەکەی تامەزرۆیی کچێکی خێر نەدیوی دەگەیاند. ئاسکۆڵ کچێکی هێندیَ باڵابەرزو بیَ عەیب بوو ، گەنەمووی بازووەکانی ئارەزوویەکی بەتامی دەخستە دڵەوە.کە شیعرەکەی (گۆران)ی خستەوەیادم:

*( ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپەدوو،*

*گەنەمووی دەم وچاو مەچەك هەڵنەگرتوو..*

*ئەی ئەنام ووردیلەی نەرمۆڵەی ئێسك سووك،*

*ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە می بووك)*

منیش لاوازو و بیَ ووزە و کەمزان دەربارەی دڵ و و زۆرزانی ئەم جۆرە کچانە ، بەڵام هەر وەکو ئەو دەیووت قۆز بووم . هەرکە بە تەنیا لە ماڵەوە بوومایە ، دەهات بە تەنیشتمەوە کروشکەی دەکردو، چاوی لێم نەدەگواستەوە. جارێکیان بەخوێندنەوەوە خەریك بووم ، نازانم شتێك لەو بابەتە بوو،کەسیش لە حەوشەکەدا نەمابوو، زۆریش سەرم لیَ سوورِما بوو، چۆن ئاگای ئەوەم نەبوو کەس لە حەوشەکەدا نەماوە.! بەڵام دواجار بیرم کەوتەوە رۆژی پێنجشەممە بوو ، زۆر لە دانیشتوانی گەڕەك دەچن بۆ سەرقەبران، دایکیشم چووبوو بۆ سەر گۆڕی خاڵە جوانەمەرگەکەم. (پوورە رەعنا) بۆ سەر گۆڕی کوڕە جوانەمەرگەکەی . ماڵی (ئاسکۆل)یش هەر بۆ شتێکی لەوجورە چووبوون بۆ سەرقەبران. ئاگای ئەوەم نەبوو لەبەر ئاوێنەی ژوورەکەماندا یەکە یەکە جل و بەرگەکەی بەری بەدەم تەماشاکردنی خۆیەوە دادەکەنیَ ، حەپەسام، پێشەکی رەنگ لە سەروچاومدا نەما، دواجاریش سوورهەڵگەرا، بە تامەزرۆیەکی بیَ ئاگاوە تەماشای مەمکە رووتە توند و دەست لیَ نەدراوەکەیم دەکرد. پرچە قەترانیەکەی بەسەر شانە سپیەکەی و، گۆشتە خرپنەکەیدا پەشێو ببوو. دەتووت کۆمەڵە توولەمارێکی ڕەشن و، بەسەر سمت و پاشووی جوانوویەکی سپی و پەرداخ و توند و پڕدا شۆڕبوونەتەوە..ئالۆشێکی بیَ ئەژمار لە چاوە ڕەشە مەستەکانیدا دەچریسکایەوە. منیش خۆشەویستیەکی بیَ واتا لە دڵمدا سەری هەڵدا . حەزم نەدەکرد، یەك سات چیە لێی جودا ببمەوە. هێندە ئاگام لەخۆم بوو، خۆم لە جەستە توند و تۆڵەکەی ئاڵاندووە . ئەویش

به نازێکی پڕ تامەزرۆییەوە، بە پەلە لە سەر نوێنەکەم درێژ بووەوەو، هەناسەی چەند ساڵەی پڕ حەسرەتی هەڵدەکێشا. ئەم جۆرە رەفتارانەش واتای یاخی بوون نیە لە زۆر نەریتی کۆمەڵێکی دواکەوتوو. بگرە هیچ یاسایەکی کۆمەڵ ، ناتوانێ ئارەزووە راستەقینەکانی مرۆڤـ سەرکوت بکەن، هەر ئەو نەریتانەیش دەبنە هۆی ئەم لە رێ لادانانە و زۆر کردەوەی ناشازی ئادەمیزاد . زۆرجار پاکانەم بۆ کردەوەکەمان دەکرد. ئەویش بۆیە گوێی نەدەدا و شەرمی نەدەکرد . چەشنی جۆرە تۆڵەسەندنەوەیەك بوو لە ژیانە سەختەکەی..

*فەرهادی* کوێکەن نەبووم وەلێ فەرهادێکی هەمیشە کوڵ لە کوڵ بووم، تێشووم لە هەموو بێستوونەکان گیرکردو ئاویش بۆ گوندە تینووەکان هەر نەهات، شەوانە بەدەم خەوەوە دەمبینی کەڵ وبزنەکێوی دەوریان داووم ، لەژوور سەرم فرمێسك بۆ چارەنووس و بەدبەختیم دەرێژن. پێشمەرگە بووم ، وەلێ خیانەت ووڵاتفرۆشیەکان پێش مەرگم دەکەوتن ، سەنگەرەکانم لێ تێکەڵ دەبوون ، کەچی بزنەرێی کەڵ و بزنەکێویەکان رێنومام بوون، رێگەیان بۆ هەنگاوەکانم دەدۆزیەوە، دەیانووت:(ئێ کوڕی باش رێی تۆ لێرەوەیە ، ئەی هەر خۆت بڕوات بە فەلسەفەی پەڕەسێلکە نیە) ؟. بەدەم خەوەنووتکێیەوە رادەپەڕیم، تفەنگەکەم وەکو کۆرپەیەکی ئازیز لە ئامێز دەگرت و رامدەموۆسی : (تفەنگ دەردت بە جوونەم ، تفەنگ بی تۆ نەمونەم). فەلسەفەی پەرەسێلکەش ئەوەیە هەموو ساڵێك دەمەو بەهاران ، لە هەر کوێکی دنیا بێت دەگەرێتەوە بۆ ئەو هێلانەیەی کە سەری تیا لە هێلکە جووقا، بۆنی قوڕەلیتەی ماڵۆچکەکەی لە دووری سەدان کیلۆ مەترەوە دەبێتە رێنومای ..ساڵ نیە دەیان کوڕ وکچ بۆنی ژیانی بەرەڵایی و بەنگکێشانی ئەورووپا وهەندەران نەبێتە رێنومایان ، لەو دیوی سنوورەکانیشەوە زێدی خۆیان تف باران ئەکەن : (ماڵئاوا وڵاتی پڕ لە شەڕو ئاشوب ، هەموو سروودەکان درۆ بوون) . من دایکە کلۆڵەکەم فێری کردم ببمە دارقەڵەمتوزێکی وەرزەکانی شار، ڕقەبەرایەتی تۆف و زریانەکان بکەم ، نەك بکەومە تەکی ڕەوە پیاوی بێ وورەو شواڵ پلیتەکان و، کیژە ستریچ ویانتۆڵ لە پێیەکان ..لووت بەرزی کەڵەکێوی وکۆچی پەرەسێلکەکان فێریان کردبووم ، بۆ خاکێك خۆم بە کوشت بدەم، کە بستێ زەویم تیا نەبێ ، تا ماڵۆچکەیەکی لە سەر رۆنێم. باوکم کریکاریکی نەفام نەبوو ، بەڵام لەو سەنگەرانە خۆی بە کوشت نەدا ، کە خیانەت وەکو مشکە کوێرە خۆی تیا مەڵاس دابوو ، لە مەنفاکانیش هەگبەی خۆزگە وحەسرەتی کیژە بێ ئەنواو ژنە مێرد کوژراوەکان بووم ، هەموو بیرەوەیەکیشم دەست لە ملانێ ی –ئاسکۆڵ– بوو، لەگەڵ بیرەوەری کچە قەیرەکاندا بە جێمهێشت و رێگای هات ونەهاتم گرتەبەر..

**ئای فەرهاد** تۆ چ نەعلەتێکت لە دوای خۆتەوە بە جێهێشت، کێ پێ ی زانی و ئاوڕێکی لە دایکت دایەوە ؟ دایکت هەر لە سەرەتای گەنجیەوە کلۆڵ بوو، هێندە جوان بوو لە دێدا کەس نەبوو، گەنج نەبوو

حەسرەتی بۆ هەڵنەکێشیٚ، چەند کورە شێخ و ئاغا چاویان تیٚ بڕیبوو، داوایان کرد وباپیرەت قایل نەبوو.
تۆ تاوانەکانت زۆرن وبیٚ تاوانیشی، هەموو تاوانەکان خرانە ئەستۆت، شکستەکانیان ،پیاوکوژیەکانیان، وڵاتفروشیەکانیان،دڕندەیەکانیان،بەڵام یەك شتیان نەخستە ئەستۆتەت، ئەویش سەرکەوتنەکانیان بوو! !ئەمەیان بۆخویان هێشتەوە، وتیان (با ئەم تاوانە بۆ ئێمە بیت)..فەرهاد تۆ چیت بە جێهێشت؟هیچ، دەشیٚ ئێستا خۆیشت هیچ بیت و، لە هیچخانەکاندا دەست لە وڵاتفرۆشەکان پان کەیتەوە ، یان دەمێکە سەرت ناوەتەوەو سەرڕەحەت، ئێوە بە تایەفە تیاچوون وئاوەو ئاوچوون..ئای دەروێش (فەرهاد)، چەند دەروێش بووی؟یان دیارە تۆ مارەت لە تفەنگ وپێشمەرگایەتی بڕابوو؟.تامی خۆشیت نەکرد هەی بەدبەخت، دەشیٚ ساتە خۆشەکانی ئەو تەمەنەی ماوتە ئێستا بەدمەستی شەوانی مەنفاکان بیٚ ؟
ئای فەرهاد ، دایکە پیرەکەت لە چاوەڕوانی تۆدا سەری نایەوە، هەمیشە وڕێنەی بە هاتنەوەی تۆوە دەکرد ، دەیووت :

– فەرهادی کۆکەن دێتەوە وئاو لە بێستوونەوە دەهێنیٚ بۆ ئاواییە تینووەکان ، فەرهادم هەر دێتەوە ، ئەوەتا شیرین بسك وکەزی چاوەروانی بۆ دەهۆنێتەوە..

کەچی فەرهاد هەر نە هاتی، دایکت بەر لەوەی بمرێت لە سوێی تۆدا ئەقڵیشی لە دەستدا . چەند کلۆڵ بوو ئەو پیرێژنە بەدبەختە، وەکو خەلیلە شێت کەوتە جادەو کوڵانەکانی کەرکوك و، چیرۆکی شیرین وفەرهادی زەمانەی بۆ گەڕەکە لیٚ قەوماوەکان دەگێرایەوە..

ئاگای سیاسەتم نەبوو،بەڵام ماچە پەمەیی وئاڵەکانی تۆ لە خشتەیان بردم ، ئەوەندەش دەروێش بووی ماچیشت بە سیاسەت دەزانی ، لە نێوان ماچێك وماچێکدا وشەی سەیروسەمەرەت لەدەم دەهاتە دەریٚ، هێشتا سەروعوزرنەشۆر بووم، یان نەببووم، بە ماچە پەمەیی وئاڵەکانت فەرهەنگێکی سیاسەتت ئاخنیە گوێمەوە ، زاراوەی سەیروسەمەرەی سیاسەتت بۆ هەموو ئەندامەکانی لەشم دانابوو، دوا ماچیش ئەو ماچی ماڵئاواییە بوو ، کە دەمەوعەسرێك لە ژووری موبەقە بچکۆلانەکە پێت وتم:

–ئاسکۆڵ، ئیدی چاوەرێم مەبە ، دەنگێکی دوور بانگم دەکات ، نەخەڵەتێی لە مەنفاکانیش بۆم بگەرێی ..

دیار بوو پێشبینی گەلیٚ کارەساتت کردبوو ،ئەم پێشبینی کردنەشت لە باوکتەوە بۆت بە میراتی بە جیٚ مابوو. دڵت بە فرمێسك وپاڕانەوەی من ودایکە کلۆڵەکەت نەسووتا ، ئەوە بوو تازە مووت لیٚ هاتبوو دوا ماڵئاواییت کردو بی سەروشوێن بووی، دوای چەند مانگێك نامەیەکت کردبووە ئاغزە جگەرەو بۆت رەوانە کردم، نامەکەیش لە سەرەوە وێنەی کەڵەکێویەکی تفەنگ لە شانت لە سەری نەخشەکێشابوو، لە سەر دوندێك راوەستاوە، بەرەو ئاستێکی نادیار گەردنی هەڵبری بوو، هەڵیدەروانی و لە خواریشەوە

نوسرابوو:((ئاسکۆڵ، ئەتوانی بکەویتە دوام ، ئەگەریش بتەوێ ئەمدۆزیتەوە)).ئیدی ئەوە بوو کەوتمە دووات و، بووم بە هاوسەرت وتا چەند مانگێك منیش لە تەکت چەکم کردە شان ، تا جارێکیان لە شاخ بەربوومەوە و قاچێکم شکا و یەکەم منداڵیشم لەبار چوو، ئیدی لە گوندێك لە ژوور ماڵە گوندیەك جێگایان کردمەوە، وازم لە پێشمەرگایەتی هێنا. دایکی خۆم نەمابوو (جەمین) باوەژنم بوو، زۆر دەردەسەری و زووخاوی تفاندبووە گەروومەوە، زۆر وەڕزی کردبووم بەرامبەر ژیانی خۆم ، ئەگەر ماڵی ئێوە نەهاتبایە بۆ حەوشەمان و، تۆم نەناسیبایە ، بەتەمای خۆکوشتن بووم ، بۆ ئەوەی خۆم لەو چارەنووسە کلۆڵە دەربازکەم ، هەر لەبەر ئەوەش بوو خەریك بوو ئیدی دەبوومە گەورەکچ، باوکم بۆ پێشخزمەتی ژنەکەی داینابووم. بەشووی نەدەدام، دیاربوو ئەمەیش بەخێر بۆم شکایەوەو تۆم ناسی و دوات کەوتم بۆ ئەو شاخ و کەژانە. تۆ منت رزگارکرد و ، نەتهێشت باوکم پرچی رەش و سپیم پێ بهۆنێتەوە، چونکە دایمە پێی دەووتم:(( هەتا بمێنم دەبێ پرچی رەش و سپی بهۆنیتەوە)). بۆ نا؟ ئەگەر کەسێك ئەوەندە چاوچنۆك و خۆپەرست بێ ، بۆ لەزەتێکی تایبەتی هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی پێشێل دەکات!. جارێکیان بۆم گێرایتەوە ، کە ئەم باوەژنەم بەتەمای پارەو ماڵەوە شووی بە باوکم کردبوو ، باوکیشم هەر خاوەنی ئەو خانووە کەلاوەیە بوو ، کەپێکەوە تیا ژیایین. چەند رۆژ جارێك پیاوێك سەردانی دەکردین ، خۆی دەیووت ئامۆزامە، ئیتر نازانم!بەلآم هەرکە دەچوونە ژوورەکەی ئەودیو ، دەرگایان لەسەر خۆیان دادەخست و، زۆریان پێ دەچوو. منیش خۆت دەتزانی خۆتێهەڵقووڵتێنەر نیم تا سۆسەی ئەوە بکەم تابزانم چی دەکەن وچی ناکەن. نەشمدەوێرا بۆ باوکمی بگێرمەوە ، ئەگینا باوکم زوو تەڵەسمەکەی دەدۆزیەوەو، لە ئەنجامەکەی دەترسام . زۆریش بەهاتنی ماڵی ئێوە قەڵس بوو، بەلآم من زۆرم پێ خۆش بوو ، هەرکە زانیم کوڕێکی چاو بە ئاشقاڵی وەکو تۆشیان هەیە.

<u>***زۆر شتی***</u> تریش لەگەڵیدا ساتەکانیان یەکدی سەردەبڕن و، دەست دەکەنە گەردنی تەنیایی دەریاکان، بووەتە ئاوێتەی دوو دژایەتی ، یەکەم، کلۆڵیی بووەتە سەر پشکی هەموو بیرکردنەوەێکی ، تروسکەی رووناکی شتە ووردەکان تیشکی شتە گەورەکان دەمژن . دووەم ، دەیکاتە بووکە شووشەی دەستی منداڵی خواپێداوێك . بە ئارزو ورەزامەندی خۆی دەیانجار ووردخاش دەکرێت، لێکدانەوەی سۆفیانە کردویەتیە دێوانەیەکی تەمەڵی ئەم جیهانە کۆسکەوتووە، کە بەدوای پارویەکی بێ ماندوویدا وێڵ وسەرگەردان بێت..تا ئیستا خۆی بە خاوەنی هیچ نازانێ، جگە ئەوە نەبێ ئەم بارە قورسەی بەکۆڵەوەیە وبە نیخە نیخ ئەنجامی دەدات..

هەرچەندێ ماندوویی سەفەر تووشی هەندێ سەرەگێژەی کردبوو، بیرکردنەوەیشی ماندوو بوو، ئا ئەوا بۆ نزیکەی سی سالْ دەچێت یەکەمجارە پردە کۆنەکەی شارەکە بە شەکەتیەوە چاوەڕێی نزیك بوونەوەی دەکردو، نزیکەی سی سالْە تامەزرۆی پەڕینەوەیە بە سەر ئەم پردەدا. ئەو نەیدەزانی هەموو شتێ لەم وڵاتەدا گۆڕاوە، بەرەو باشە نا ، بگرە بەرەو ویرانە، جگە ئەوە نەبێ ئەم رووبارە ووشکە ئەزەلیە کە پێش سی سالْ وانەبوو ، زۆر وەها بەرین نەبوو، دیارە بۆ مەبەستێکی تایبەتی تەنها بایەخ بەو چەمە زستانیە درابوو ، گەرچی شوێنەکانی دیکە بەری نزیکەی سی سالْ باشتر بوون ، شەقامەکان ، خانووە داتەپیوەکان.. دەستێکی برد بۆ ناوچەوانی ، لەبەر ماندوویی سەری گەرم داهاتبوو، بە دەستی راستی توووند ناوچەوانی خۆی گوشی:(ئاە)..

هەرکە لە جامی ئۆتۆمبیلەکەوە نیگای دەگرتە دەرەوە، واقی ووڕدەما ، تەنانەت دەمەتەقێشی لە گەلْ شوفێرەکە لە بیرچووەوە، چاوی بڕوای نەهات، کە ئەمە ئەو شار بێت بەر لە نزیکەی سی سالْ گەڕەك و شەقامی نەمابوو تیا تەراتێن نەکات..ئەو دەمەی لە گەلْ (شازەمان) پەیوەندی باش بوو . هەموو هەینیەك بە بیانوی مالْی _نەسرین_ ی هاورێیەوە ، (خاوەر)ی دایکی دەخەڵەتاند ، خۆی لە دوزەخی حەوشەکە دەرباز دەکرد ، لە بت و بوڵەی دایکی ڕەها دەبوو، (فەرهاد)یش لەمەوبەر لەگەڵی ڕێکەوتبوو تاپێکڕا پیاسەیەکی ناو گەڕەکەکانی شارەکە بکەن ، بە کامی دڵەوە تێر تێر لە گەلْ یەکتر قسە بکەن و کفت وکۆی دڵی خۆیان بمرێنن، چەند سەعاتێکیش دەبنە خاوەنی خۆیان ودنیا لە پێ دەکەن. هەر دەست و برد(شازەمان) دەچوو عەبا ڕەشە تازەکەی (عەتیە)ی دەخواست و، دەیکردە جووتێ شاباڵی ڕەش و خۆی دەدایە دەم کلْپەی ئارەزوویەکی ساف و بێگەردەوەو، (فەرهاد) یش هەموو جارێك لە خوارەوەی قەلاَکە لە دەرگای بازاڕی حەلْواچیەکانەوە، هەموو جەستەی دەبووە چاوەڕوانی، هەرکە پێی دەگەیشت بەخۆشنوودیەوە سەری دنیایان لێ دەهاتەوە یەك ، ئەوەندەیان ئاگا لەخۆ بوو کە قاچەکانیان خۆڕسك زۆری لێ سەندون و، بەرەو گەڕەێکی شار ملی ڕێگایان گرتووە ، بەوە ڕازی دەبوون تاوێك بە کۆلاَنەکانیدا بسووڕێنەوە، بەسەدان دڵەکوتێی بەتامەوە، بەیادی شەوانی بەیکگەیشتنی سەربان و سووچ و قوژبنی حەوشەی هەردووکیانەوە، چەندین کۆلاَنیان تەی دەکرد ، زۆربەی خەڵکی گەڕەکەکەش بە چاوی سەر سووڕمانەوە، چاویان لێیان زل و بل دەکردەوە، کەین وبەینەکەیش لە گەڕەکێکی نیمچە لادێی ئاشکرا بوو ، منداڵە ووردکەو هەرزەکارەکانیان توانج وتەشەرەیان تێ دەگرتن..

چەند بە تاسەوە بوو کە ئەوەی بەرچاوی دەکەوێت خەون بێت و نەك ڕاستی بێ، زیاتر هەر بۆ ئەوە هاتبووەوە، دەشێ هەواڵی مەرگی باوکی هێندە بۆ گەڕانەوە هانی نەدابێت، چونکە باوکی ئەگەریش مردبێت

ئیستا خەڵك وخوا بەخاكیان سپاردووە، زۆر ئەركیان لە كۆڵی ئەو كردوەتەوە. ناتوانیٚ لە ( مێرسۆ) زیاتر هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بە مەرگی باوكی، (مێرسۆ) پاڵەوانی رۆمانی (نامۆ)ی (ئەلبێر كامۆ)، كاتیٚ دایكی دەمرێت دەچێت بۆ گەڕان و سینەما ، مردنی دایكی بەلایەوە هیچ بایەخێكی نابێت.. بیرەوەریەكان هێندیٚ گووڕ دەدەنە وورەو هیوای خۆڕاگری بەرامبەر بە ژیانی غوربەت وبیٚ كەسی و تەنیایی، بیرەوەریەكان یەكە بەیەكە لە مێشكی دا جێگیر بوون ، بەلاّم كوا شوێنەكانیان؟ ئەوەشیان لە نەخشەی بیروەریەكانیاندا سڕیەوە، هەموو بوونێكی ڕابردوویان لە خاك و خۆڵی بیرەوەریەكانیاندا تەكاند، بە ئایەتێكی قورئانەكەیان لەگەڵ زەویدا خاپوور بوون، چەند دڕندە بوون ئەوانەی ئەم كارەیان ئەنجامدا؟ بێگومان خۆیان نەبوونی بیرەوەریەكانیان هەبوو ، بۆیە ڕقیان لە خاك وبۆنی بووە، ئەوانەی كە هەموو بۆنێكیان لە بۆنی میزی حوشترەوە سەرچاوەی گرتبووە، ئەوانەی لە بۆنی لمی بیابانەوە داستانی كاولكردن فێربوون. تازە مووی لێهاتبوو ئەم شارەی بەجێهیشت و خۆی كرد بە پێشمەرگە، هیشتا خوێندكار بوو لە كۆلیجی یاسا و، سەربازی هەلاٚ توویش نەبوو، تا بەناچاری ببێتە پێشمەرگە، كەچی لەو هەندەرانەوە دەیبیست چەندین لەو سەربازە هەلاّتووە (شۆڕشگێڕانە) بوونەتە بەرپرس و وەزیری ئێستا لە حكوومەتەكەی باشوری كوردستان.

(فەرهاد) لە دڵی خۆیدا وتی:(ئەم خاكە لە ئاسمانەوە سەیری بكەیت جوانە، كاتیٚ لە ناو فرۆكە بووم دەتووت تابلوێكی خەیالّیە، كەچی هەركە دێیتە سەر واقیع بەڕەێیكی شڕوچڵكن وقێزەوەنە).لە گەڵ دەردی دڵی خۆی دوای نزیكەی سی ساڵ ئاوارە بوون و، دەردی سەری وئێستا هاتووەتە سەر ماڵی وێران و، شوڤێرەكە دەردی بیٚ بەنزینی وتەقینەوەو كوشتن وبڕین وبرسیەتی و، سەرەرای گەندەڵی ئیدارەی شارەكە:

–وڵاتی نەوت بە دەستی بیٚ نەوتی وبەنزین وسووتەمەنیەوە دەناڵێنیٚ، وەكو ئەوە وایە كابرایەك ڕەزیكی تری ی هەبیٚ و، دەنكە ترێیەكی لیٚ تام نەكردبێت..!!

ئەوەی بە بەرچاویدا دەهات شریتێكی سەیری رابردوو بوو، ساڵانی دەردیسەری وهەندەران وپێشمەرگایەتی ئەو هەمووەی لە بیربردبووەوە، ئەوا ئێستا بەرە بەرە بە دەم ڕێگاوە بەرجەستە دەبن. بۆ بیرەوەرێكی زۆر بۆ زێدی خۆی هاتووەتەوە، بەڵام دڵنیا نیە كە هەموو ئەوەی بە چاو دەبینیٚ ، كە هی بەر لە سی ساڵ بێت و، پەیوەندی بەم خاكەوە مابیٚ ، تەنانەت كەس وكاریشی نەیاندەزانی پەیوەندی تەلەفونییشی پێوەبكەن ، گەرچی كەسوكاری راستەقینەی تەنها باوكە تەقاویتەكەی بوو، تەنانەت دەرفەتی ئەوەیشی نەبوو كە لە دوورەوە یارمەتی بدات ، دایكیشی چەند ساڵێكە لە سویٚ ی ئەودا مردبوو، دەمێكیش بوو لە هیچ كەسێكەوە سۆراخی نەمابوو، بۆیە دەترسا ئەوەی لە پێناویدا هاتووەتەوە نەیبینیٚ ومایە پووچ

بگەڕێتەوە. یان هەر نەگەڕێتەوە.ئێستا تەمەنی لە پەنجا ساڵ تیپەڕیوە ، وارسی عیسایە وبێ ژن وماڵ وبێ کوڕ و بێ مەئوایە، شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی هاتەوەیاد:

*هەر منم ئێستا وارسی عیسا*

*بێ ژن وبی ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا..*

تازە مووی لێ هاتبوو ، بوو بە پیشمەرگە . ئێستاش لە خۆی دەپرسێ ، ئایا لە سەر هەق بوو یان هەڵە بوو؟.هەرکە وەڕزییش دەبوو هەندەران و تاراوگە خۆت بگرە هاتم ، یان هیچ ئومێدێك نەما و وڵات کاول بوو، تاراوگاش دوا پەنابوو، داوای کرد لە شوفێرەکە تۆزیك هێواشی کاتەوە ، بۆیە شوفێرەکە لێ ی پرسی:

–چییە ئەڵێ ی هەندەرانیت؟

بە تەوسێکەوە ئەمەی وت:

نەخێر ئێرەیی بووم ودەردە کورد کردوومی بە هەندەرانی ..بەڵێ خەڵکی ئەم شارەم ، بەڵام پێم بڵێ برا ئەم شارەی ئێمە بۆ وای لێهاتووە ؟

شۆفێرەکە هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

–برا کێ ئەیکا وکێ ئەیخوا ! !

–مەبەستت گا ئەیکا وکەر ئەیخوا ؟!

–بۆ هەر وانەبووە ؟!

–بۆ جەنابت لەمەوبەر چی بوویت؟

–وەڵا برا جەنابم گەوادیم بکردایە لەوەی من کردم باشتر بوو..

دیار بوو (فەرهاد) نەیویست زیاتر درێژە بە دەمەتەقییەکەی نێوان خۆی وشوفێرەکە بدات، بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی:

((باش بوو سەری خوم هەڵگرت ،ئەگینا لەم خراپتر دەبووم))

چونکە شوفێرەکە پێی وتبوو:

*–بەڵێ پێشـ...پێشمەرگە بووم ، بیست ساڵ شەقم لەبەرد هەڵدا بۆ کورد ، لە هەردوو شۆرشە شکستخواردووەکەی ، ئێستاش حاڵم دەبینی ! !*

دەمێك بوو وزای لە جگەرەکێشان هێنابوو، بەڵام بەشەرمێکەوە بەشۆفێرەکەی ووت:

– زەحمەت نەبێ جگەرەت پێیە؟

شۆڤێرەکەش دەسبەجێ دەستی برد بۆ گیرفانی شەڕواڵەکەی و پاکەتێکی جگەرەی دەرهێنا، دوای ئەوەی جگەرەکەی داگیرساند و مژێکی دا لێی:" دوای نزیکەی سێ سال ئەوە یەکەم جگەرەیە ئەیکێشیم، چیبکەم خۆم پی ناگیرێت". ئەو دەمەی نەچوو بوو بۆ هەندەران وزای لە جگەرەکێشان هێنابوو، دوای ئەوەی تووشی نەخۆشیەکی سەخت بوو ، ئیدی لەبەرچاوی کەوت:

–ئەمە ئەو شارە نیە کە من بەری نزیکە سی سالێ ئەبێ بەجێمهێشتووە !

–منیش بەناخێری گیانم کە هاتمەوە وام ووت..

( فەرهاد) دەتووت گوێیەکانی پەموویان تیا ئاخێنراوە ، خێرا خێرا مژی لە جگەرەکەی دەستی دەداو، تەماشای دیمەنە سەیرەکانی دەرەوەی دەکرد، لەو بەرەوە دیمەنی سەیری قەلا سەر رووتاوەکەی بەرچاوکەوت، دەستی بە ناو چاکسازی قەلای شارەکەی کاول ووێران کردوە، تا بڵێی دیمەنێکی رەزا قورسی بە خشیوەتە شارەکە، عەشتەبای بەسەرەوە نەماوە ، تەنها منارەکەی (دانیال) پێغەمبەر نەبێ، ئەو پێغەمبەرەی بابلیەکان بەدیل گرتیان و بردیان ، ئیدی نازانین بۆ ئارامگای لەوێیە؟ تۆ بڵی بابلیەکان بەرەڵایان کردبێ و لەوێ مردبێت؟! ئەمەیش وەکو نهێنی دەیان ئارامگای دیکە کە خەڵکی سەدان ساڵە بەپیرۆزی دەزانن و زیارەتی دەکەن . وەکو مەزاری ئەو کەرەی کە کابرایەکی ساختەچی لە قەرەاخ گوندێك ناشتبووی و، کردبووی بە مەزاری پیاو چاکێك ، لە ماوەی یەك دوو مانگدا کۆڵی پارەی پێ خڕکردەوە و، تێی تەقاند و، دواجار سەگی ئاوایی کەلاکی کەرەکەیان لە ژێر خۆڵەوە دەرهێنا..

کاتێ (فەرهاد) لەگەڵ دایکیدا بچووبایە بۆ ئەو مەرقەدە ، دەیبینی چەندان ژنە کوردی ڕەش و ڕووت خۆیان بەمەرقەدەکەوە دەساوی و دووعا و لووشە یان دەکرد، یان چەند ژنێك قفڵیان لە چەپەرە ئاسنیەکانی دەدا . جارێکیان دایکی پێی وتبوو ئەوەی قفڵ بدات لە مەرقەدەکەی دانیال پێغەمبەر، بۆ یەك دوو رۆژی تر دەچێ سەر لە قفڵەکە دەدات ، ئەگەر قفڵەکە کرابێتەوە ئەوا مەرازی حاسڵ دەبێت. ژنان ئەوەی نیازێکی لە دڵ بووایە، دەچوو قفڵێکی لێ دەدا، زۆربەی ئەو ژنانە هەرکە دوای یەك دوو ڕۆژ دەهاتنەوە، قفڵی هەندێکیان کرابوەوە ، بە خۆشی وبێشیەوە قفڵەکەیان دەرکردەوە و پارەیەکی چاکیشیان دەخستە مشتی مجێوەرەکە. دەیانووت مجێورەکە کۆمەڵە کلیلێکی هەبووە، بە شەو هەندێ لەو قفلانەی دەکردەوە، تا ژنەکان خەلاتێکی باشی بکەن. پاش ئەوەی دەولەمەند بوو دوکانێکی بازرگانی لە ناوەراستی شارکردبوەوە وگاڵتەی بە ئەقڵی هەموو ئەو ژنانە دەهات..

دەرگا عوسمانیەکەی قەلاکە هێشتا بەرامبەر چومی( ئەدەهەم) ماوە، ئەو هەموو ماڵ وخانووانەی کە بە چوار دەوری سەرترۆپکی قەلاکە بوون، بەپەنجەرە دێرینەکانیانەوە، دیمەنی دلگیریان دەبەخشیە

شەقامەکانی دەوروبەری، بەڕۆژ و شەو دەیان کچی جوانی کورد وتورکمان لەو پەنجەرانەوە هەناسەی ساردی حەزو ئارەزوە کپ کراوەکانیان دەبەخشیە، ئەو گەنجانەی لەسەر شەقامەکانی خوارەوە پیاسەیان دەکرد .

*جارێکیان* (سالار) لە ڕێگەی قوتابخانەدا لە پڕێکا لە بەردەم کۆنە دەرگایەکی دارینی بە بزماری سەر گۆپکەی گەورە داڕێژراوی یەکێك لەو ماڵانەی سەر قەڵاکە وەستا وپی ی ووت:

–ئای فەرهاد ئەزانی ئەمە ماڵی کێ یە؟

–چووزانم..!

ئەویش ئەو کۆنە چیرۆکە دڵتەزینەی بۆ گێرایەوە:

–ئەمە ماڵی (نورهان) بوو، ئەو کچە تورکمانە جوانەی کە زۆر بە خەستی خۆشم ویست..

فەرهاد بە سەرسووڕمانەوە لێی پرسی:

*–چۆن بە خەستی خۆشت ویست؟!*

ئەویش ئەنجامی یادەوەریەکان بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە:

*–نازانم!،بەڵام بە خەستی خۆشمویست وببڕێتەوە، کچە قەسابێك بوو هەرکە لێم تووڕە بووایە بە چەقۆ گەورەکەی باوکی هەڕەشەی لێ ئەکردم ، یان ئەوەتا بەباوکی ئەڵێ سەرم ببڕێت..هە*رکە باوکی بەم کەین وبەینەی زانی لە قوتابخانە دەریکرد و، پۆلی دووی ناوەندی بوو، چونکە باوکی زۆر ڕقی لە کورد بوو، هەموو ساڵێکیش ئەچوو بۆ سەردانی ئەستەموڵ ، بە زۆر بەشوویدا بە خزمێکی تورکمانی خۆی . هەر ساڵێك لەلای مێرد بوو، بە سەر مناڵەوە ڕۆیشت ومرد...

ئەیانووت ئەم باوکی (نورهان)ە هۆمۆسیکس بووە، واتا(دوودەکی) بوو، کوڕە لاوێکی کوردی دراوسێ ی دوکانەکەی بە خۆی فێر کردبوو ، هەتیوو لەدیواری نێوان هەردوو دوکانەکە کونێکی گەورەی کردبوەوە، لە وێوە قنگی خۆی ئەکردە ئەو دیوەوە بۆ مناڵە کوردەکە و ئەویش بۆی ئەکرد. کەچی دوای ئەوەش هەر جنێوی بە کورد ئەدا وڕقی لە کورد بوو..

فەرهادیش هەڵیدایی:

*– هەتیوو بەس نەبوو (نورهان) نەبوو بە ژنت ، ئەگەر ببوایە بە ژنت ومناڵتان بووایە، ئەیانووت باپیرەی مناڵەکان حیزە!*

*فەرهاد دایە قاقای پێکەنین و ووتی:*

*–کوڕە بە خوا لەمەیاندا ڕاست ئەکەی..*

*–وەلاَ ئەڵێن لەم شارەی خۆمان ئەفسەرێکی دەرەجەداری عەرەب هەبوو، فەرماندەی سەربازی بووە، هەر ڕۆژێك حەزی لێ بووایە سەربازەکانی ریز ئەکردو، سەربازێکی کوردی هەڵئەبژارد وئەیبردە ماڵەوەو بەزۆر ئەیخستە سەر خۆی، کەچی هەر بەو داخەوە مرد کە بۆچی کورد تەواو نابێت....!!*

*هەتیو کورد لە بە کارهێنانی مەترەقەکەیدا زۆر لێهاتووە!.*

–بەلاَم لەشتی تردا لێهاتوو نیە..

– وەکو ئەوەی زوو دوژمنەکانی خۆی لەبیر دەکات ، تاچزەی لێ ئەدەن..

لە یەکێك لەو ماڵانەی جارانی قەلاَکە چەند ساڵێك خیزانەکەی کرێچی بوو، کچە دراوسێیەکی چاوگەشیان هەبوو، ناوی (شازەمان) بوو، خرپن وچاورەش وگەورەو قەلاج بوو، تا نەبوو بە دۆستی بڕوای نەدەهات کە حەزی لە پیاو بێ، جارێکیان هەرکە ئەم سەیری کرد تێر جنێوی کرد ، بەلاَم ڕۆژێکیان خۆی کرد بە ماڵیاندا ولە پڕ داوای لێبووردنی لێ کرد وخێرا چاوی لێ داگرت . هەرکە بوو بە دڵداری هەموو بۆچوونەکانی لنگەو قووچ بوونەوە، تەنانەت زۆربەی شەوەکان لەسەربانەکەیانەوە خۆی هەڵدەدا ئارەزوەکانی خۆی تیا ترنجاند. جارێکیان (شازەمان) خۆی کرد بە ئاودەستەکەدا وبانگی فەرهادی کرد، ئەویش تا ناوقەدی بەرووتی خۆی پێوەنووساند، تا (خاوەر)ی دایکی هات بەسەرا وکێشای بە ڕوومەتی خۆیدا و وتی:

– ئەیەڕۆ (شازەمان) ئەوە چی ئەکەن ؟خۆ حەمە شێتی باوکت بزانێت هەردووکتان سەر ئەبڕیت ومنیش سێ بە سێ تەلاَق ئەدا...!!

لیێداو ڕۆیشت وبەجی ی هێشتن ، ئەوانیش لەترسا لە دوای ئەو هاتنەدەرەوە. (خاوەر ) لە دڵی خۆیدا وتی:(راستە گیا لە سەر بنجی خۆی ئەروێ، تا شووم نەکرد بوو بەم حەمەشێتە دەیان شتی وام کردوە)..

بەلاَم ئەو ساڵەی فەرهاد لە کۆلیج وەرگیرا لە بەغدا ، حەمە شێتی باوکی بە زۆر دای بەشوو بە خزمێکی خۆیان، بۆ ئەوەی لەدەستی کلّپەی ئارەزووەکانی شازەمان قوتاری بێت.ئەویش بوو بە یەکێك لە یادگارییە تاڵ وشیرینەکانی..جارێکیان خاوەر بە دایکی فەرهادی وتبوو:

*–بۆ شازەمان مارە ناکەیت بۆ فەرهاد؟ هەرکە خوێندنی تەواوکرد بیگوێزێتەوە..*

گەرچی دایکی فەرهاد لە ناخەوە بەم قسەیە گڕی گرتبوو،بەلاَم نقەی نەکرد بوو، تا جارێکیان سەرزەنشتی فەرهادی کردو وتی:

*–کوڕم، ئێمە لە کوێ وئەوان لە کوێ؟ئەڵێی دۆم وقەرەجن ، تۆ کوڕی کێت پێ ئەڵێن؟..هەست ئەکەم ئەو قەحپەیە ئەیەوێ خۆی بە سەرتا ساغ کاتەوە، ئاگاشم لێ یە شەوانە لە سەربانی خۆیانەوە خۆی ئەکا بەم دیوا، بەلاَم لەبەر باوکت ناوێرم نقە بکەم!*

خاوەریش، ژنێکی جوانکیلەو سوور وسپی وچاو بە ئاشقاڵ بوو، دایکی فەرهاد حەزی لەچارەی نەبوو، چونکە قسەکانی بۆنی شەواڵ پلیتیان لێ دەهات..

جارێکیان بەسەرهاتی هێستره مێیەکەی (خلە زلە) و نێرەکەرەکەی (کەلە پۆخچی) بۆ دایکی فەرهاد گێڕابووەوە، کە نێرەکەرەکە فێری هێستره مێیەکە ببوو، بە بەرچاوی خەڵکی گەڕەکەوە سواری هێسترەکە دەبوو، ولێی دەپەڕی. هەرکە نێرەکەرەکە لەدووری دەیان مەترەوە بزەڕییبایە هێسترەکە دەوەستاو قەوچەی دەکرد، تا خۆی پێی دەگەیاند ولێی دەپەڕی ، ئەنجایش هەریەکەیان بە ئاسوودەیی دەچوون بەلای ئالیکی خویەوە، تاجارێکیان (خلە زلە) هەڵیکوتایە سەرماڵی کەلە پۆخچی ویستی کارەساتی بقەومێنێ وپێی وت:

–ئەگەر ئەو نێرەکەرەت نەبەستیتەوە، بە شەرەفم منیش (عەتیە)ی ژنت ئەکەمە هێسترەکەو خوشم ئەبم بە نێرەکەرەکە..

بەڵام (کەلە پۆخچی) کابرایەکی ریوەڵە وترسنۆك بوو و، هیچی پێ نەدەوترا لەبەرامبەر کەتەیەکی رۆژهەڵاتی وەکو (خلە زلە). ئیدی لەوە بەدواوە نێرەکەرەکەی لە ماڵەوە قایم دەبەستەوە ، بۆ ئەوەی (عەتیە) ی ژنی لە بەڵای (خلە زلە) بپارێزێت، دایکی (شازەمان) یشی لەو دیمەنە ئالۆشاویانە بێ بەش کرد..کەچی هەموو جارێکیش هەرکە هێسترەکە لەگەڵ (خلە)دا بەبەردەم ماڵی کەلەپۆخچی ڕەت بوونایە، بۆنی دەنا بە دەرگاکەیانەوەو دەستی دەکرد بە قەوچەکردن و، گەڵی فش دەکردەوەو ئاوی دەهاتەوە. بەمەیش (خلەزلە) ئەوەندەی دی دەهری دەبوو ، چەندین جنێوی سێکسی دەدایە (عەتیە)ی ژنی (کەلەپۆخچی) وهێور دەبوەوە. تا هەندێ کوڕی هەرزەکاری گەڕەك پێی فێربوون، شەوانە بەدزیەوە جیگای نێرەکەرەکەیان دەگرتەوە..بەڵام نێرەکەرەکەش لە حەژمەتان لە حەوشە دەزەڕی وڕازو تامەزرۆیی خۆی دەگەیانە گوێ ی هێسترەکە. (عەتیە)ش لەو دیوەوە هەناسەیکی ساردی بۆ بەختی خۆی وهێسترەکە هەڵدەکێشا.. (خلە زلە) کاتی خۆی پولیس بوو تەقاویت کرابوو، ئەو هێسترەی هەبوو ، کەویشی بەخێو دەکرد، شەوانە هەرکە بیخواردایەتەوە ئارەقی دەدایە کەوەکانیش ، بەشەو بە(قاسپە قاسپ) خەڵکیان هەراسان دەکرد . ژنەکەی ناوی زلێخا بوو، لەدەوروبەری خانەقین خواستبووی پێیان دەووت (ژنە رافزیەکە)، چونکە شیعە مەزەب بوو، کوڕێکی لەو ساڵانەدا جاش بوو، بەدەستی پێشمەرگە کوژرابوو، کەچی هەر دەیووت (کوڕەکەم لەسەر کوردیەت شەهید بووە). ئەمەیش وەکو ئەو مەسەلەیەی ( نورە شەل) وابوو، لە ساڵی بەعسیەکان، ساڵی **1963** لە سەر کەرگایین گرتبوویان و، بردیان بۆ ژووری بەندیە

سیاسیەکان، هەرکە لێیان پرسی بوو ، نوری لە سەر چی گیراوی ؟ ئەویش بێ ئەوەی خۆی تێك بدات و مۆڕەیەکی لێ کردبوون:

*-بۆ کورد لە سەر چی ئەگیرێت ئەگەر کوردایەتی نەبێت!!*

(خلەزلە) دوای تەقاویت بوونی لە بەیتاڵخانەکەی نزیکی خۆیان بە رۆژانە دادەمەزرێت، ئیشی زۆر سەیری دەکرد ، ماینی لە نێرەکەر چات دەکرد بۆئەوەی هێستری ببێ. زیاتر لادێیەکانیش ئەمەیان دەکرد، چونکە هێستر بۆ ناوچە شاخاویەکان بە سەبر وجیرەدرێژە. بەیتاڵخانەکە نێرەکەرێکی سپی لێ بوو، ماینیان دەهێنا ولێی دەپەڕی، زۆرجار خلەزلە یارمەتی نێرەکەرەکەی دەدا تا سواری ئەو ماینە بەرزە بێت، رۆژێکیان (حاجی مەرجان) هەندێ بە تەمەن بوو، وەختی خۆیشی جوان بوو، چوو بووە سەر یەکێك لەو دیمەنانەوە، ئیدی خۆی بە ژوورا دەکا و ، لە دەستی خلەزلە دەگرێ ودەیباتە ژوورێکی بەیتاڵەکەوە ودەیخاتە سەر خۆی، (خلە)ش هیچ لاریەکی لەو جۆرە ئیشانە نەبوو. (حاجی مەرجان) چوار حەجی کردبوو، کەچی دوای ئەوەی  لە سۆزانێتی دا بە سالآ چوو بوو، ئیدی ببووە گەواد..

زیاتر ئەوەی هانی دا ئەم سەفەری گەڕانەوەیە بکات، دکتۆر( ئازاد) ی برادەری بوو کە لە شۆرشیش هەر پێکەوە بوون . هەموو جارێ دەهاتەوەو داد وبێدادی بوو لەسەر بارودۆخی ئێستا کوردستان ، هەموو جارێك دەهاتەوە بێ تاقەت ونەخۆش دەکەوت. دەیووت چیتە هەموو جارێك لە کوردستان دەگەرێیتەوە نەخۆش دەکەویت ، ئەویش دەیووت لەتاوی باری خراپ و، نالەباری ئەو خەڵکە بە دەستی دەسەڵاتی تازەی کوردستانەوە، خەڵکی زۆر بێ وەزعن ، دوای پانزە ساڵە کاروباری ئەو میللەتەیان بەدەستە ، کەچی نەیانتوانیوە ئاسانترین کێشە چارەسەر بکەن. بۆ نموونە کێشەی کارەبا کێشەی بێ کاری کێشەکان هێندە زۆرن باس ناکرێن ، سەباری گەندەڵی ودزوفزی کاربەدەستانی دەسەڵات ...

<u>***نەیزانی چ***</u> رێکەوتێکی نەعلەتی بوو، روو بە رووی ئەو وێنەی نێو چوارچێوەیەکی بچووکی برۆنزی کردەوە، کە شوفێرەکە لە سەر دەشپولی لای راستی خۆیەوە داینابوو. ژنێك بە سەرپۆشێکی تەنك وەکو باڵی مێشێ، نیوەی قژە زەردەکەی ، لە پشتەوە داپوشیوە، بە دەستی چەپی منداڵێکی ژیکەڵەی بە خۆیەوە نووساندوە، هەموو سۆزێکی دایکایەتی تێدا بەرجەستە بووە، بە جووتە بە بەرزەفڕییەوە چاویان بەرەو ئاستێکی نادیار بەرز هەڵدەروانن، خەمێکی تەنك ، گەلێ تەنکتر لە سەرپۆشەکەی سەر ژنەکە، لەسەروچاوە خرپنەکەیان ئاڵاوە . جوانیەکی خوداوەندی پێ رەوابینوون، کوت ومت دەتووت ئاسکۆڵە، وەلێ ئەو سەر پۆشی نەدەپوشی. وێرای ئەوەیش چاوی ژنی نێو تابلۆکە کاڵ بوو، بەڵام چاوی ئەو دەنکە ترێ ڕەشکەی شاربازێر بوو. چ سۆزو میهرێکی گراوی دایگرت بوو،  چی گەرم وگوورپەیەك لە بەندیخانەی

سنگیدا کەوتە پەلەقاژێ. چاوی بوونە دوو بزمار ولەسەر وێنەکە چەقین ، ئەوەندە چاوی بڕیە سەروچاوی ژنەکە ، بۆیە هەستی دەکرد دەجولێتەوە، سەری بۆ دەلەقێنێ ، جاربەجاریش ئاوڕێکی پڕ تەوسی لێ دەدایەوە، منداڵەکەیش ناوەناوە دەمە خونچەکە ئاساکەی دەپشکوێت وەدەڵێت (باوکە) وگوێی لێ نیە، یادەوەریەکی شیرینە و لە دەریای دەیان یادەوەری تفت وتاڵدا خنکاوەو، وەك فریاڕەسیك ناوە ناوە لە ژێر ئاوەوە سەر دەردێنیت..ئەگەر (ئاسکۆل) تووشی ئەو رووداوە نەبووایە و منداڵکەی لەبار نەچووبایە ، ئێستا زەلام بوو..

هەرکە کەوتنە هاوشانی گۆڕستانی سەر گردۆڵکەکەی ناو شار، مێشکی چەخماخەیەکی دا: شەوێك بوو ئەنگوستەچاو، لەگەل مەفرەزەیێکی پێشمەرگە شەوێکی درەنگ خۆیان کرد بە شاردا ، بەڵام بێ ئەوەی هیچ کارێك ئەنجام بدەن، کەوتنە بۆسەی خۆفرۆشانەوە، تەنها ئەم وکەسێکی دیکەیان کە ناوی بیرنایەتەوە رزگاریان بوو. (پەروێز) و(شێرزاد)و(جەمال) کوژران و تەرمەکانیان دەستی دوژمن کەوت وشوێن بزرکران...خۆی و(پەروێز ) پێکەوە بوون بە پێشمەرگە وهیچیشیان سەربازی هەڵاتوو نەبوون ، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هەواڵی ماڵ ومنداڵەکانی (پەروێز) بزانێت، بەڵام نزیکەی سی ساڵ دەبێ ونابێ، لەوانەیە ژنەکەی مردبێت و ، منداڵەکانیشی گەورە بوون و ، هیچ لەبارەی قارەمانیەتی باوکیانەوە نەزانن و، ئەوانیش گەندەڵی پێستەی گۆڕی بن ! !.

ئەو ساڵانەی لە کۆلیج لە بەغدا پێکەوە بوون . پەروێز، حەزی لە کچێکی شیوعی کردبوو، گەرچی ئەوەندەیش جوان نەبوو ، ناوی( شەزا) بوو، زۆرجار پێی دەووت :

–پەروێز، حەزت لە کوێی کردوە؟ راستە چاوی جوانە ، گەڵ وگوانیشی خراپ نیە؟!

ئەویش ووتی:

–*قسەکانی خۆشن ولە مارکسیزمدا زۆر شارەزایە..*

گەرچی( شەزا) ، هێندە بایەخی پێی نەدەدا ، (فەرهاد) یش دەیزانی کە پەیوەندی لە گەڵ کورێکی دیکەی عەرەب هەبوو لە دەرەوەی کۆلیج. دەشیانووت کوڕەکە (بەعسیە) ، لە دڵی نەدەهات راستی پێ بڵێت، کەچی رۆژێکیان (پەروێز) هاتەوە بۆ کۆلیج دوای ئەوەی ماوەیەك دیار نەما، ئەو رۆژە فەرهاد زۆر سۆراخی کردبوو، کەچی کە هاتەوە رەنگی پێ نەمابوو، دەتووت بڕیاری گرتنی دەرچووە، وەها نیگەران وخەفەتبار بوو، بۆیە چووە ژێر کلێشەیەوە، وەك بلێی درکی بە حاڵەتەکەی کردبێ و بە ووریاییەوە لێی پرسی:

–*پەرۆێز ، چی روویداوە، وامات ومەلوولی؟ خۆ هیچ شتێکی ناخۆش روونەداوە؟*

به چاوێکی زیتی هەندێ بە گلەیی ئامێزەوە تەماشای فەرهادی کرد، وەك بلّێ ی گومانی ئەوەی کردبێ کە شتێکی لەو راستیە دەزانی وپێی نەووتووە. جارێکیان(شەزا) پێی ووتبوو: تۆ چەپڕەوێکی توندڕەوی، منیش کچە چەپڕەوێکی میانرۆ، ئەگەر بۆ یەك ببین (ستالین)ێکی سەقەت دەخەینەوە.

دواجار کچێکی عەرەبی برادەری سەربردەکەی بۆ گێرابووەوە.کە زانیویەتی پەیوەندی لە گەڵ کوڕێکی عەرەب هەبووە لە دەرەوەی کۆلیج. هەر ئەوەندەی پێ نەچوو(پەروێز) پەیوەندی لەگەڵ کچێکی عەرەبی شیوعی دیکەی خەڵکی (کەربەلا) بەست بوو، بڕوای بەو خۆشەویستیە ئەفلاتونیەی جاران نەما بوو ، بۆیە زۆرجار دەیبرد بۆ سەر کۆرنیشی (ئەعزەمیە)و، دواجاریش دەهاتەوە باسی ئەو هەموو دەسبازی ومەمك گوشین وماچ و رابواردنانەی دەکرد کە لەگەڵ (هەنا) کردبووی، ئەم شیعرەیشی بۆ نووسیبوو:

*شەهرەزادەکەم،بە بیرت دێ*

*ئێوارەیەك سێبەری درەخت*

*لە هەموو جێیێك خۆی دەدۆزیەوە*

*ئاوی دیجلە لە رۆخی بەردینا دەنگی دەشکا*

*هەموو شتێ خوناوکەی بۆنی ئەو شەوەی*

*لێ دەباری*

*کە من وتۆ پێکرا لە یەك سەرینا*

*دەنووین پێکەوە..*

*بزەی مردووی سەر لێوانم*

*بانگت دەکەن*

*چۆن هەموو جارێك دادەنیشین*

*هەر ئەم دوو لێوانەی منن،دەیەها جار*

*لە ناو سوزی کڵپەی لێوانت دەخنکێن*

*دەبووورینەوە........*

*گەرچی پەروێز لە حیزبی شیوعی نەبوو، بەڵام مارکسیەکی توندڕەو بوو. فەرهادیش زانی بووی کە ماویەك بوو پەیوەندی بە رێکخراوێکی نهینی کوردی مارکسیزمی–لینینزمیەوە کردبوو، بۆیە بەرە بەرە لە دڵداری کردن لە گەڵ کچە شیوعیەکان دوورکەوتەوە، دواجاریش دەبینرا لەگەڵ کچە کوردێکی نیمچەبوورژوا*

پیاسەی دەکرد، کە ناوی (رێزان)بوو، کچێکی مامناوەندی چاو جوانی قسە خۆش ودەنگ ناسك بوو، ئەو چەند وێنەیەش لەو ساڵانە، کە لەگەڵیدا گرتبوونی ، تەنانەت ماوەیەکیش لە پێشمەرگایەتیدا پێی مابوو، بەڵام خۆیشی نەیزانی ئەو جانتا بچووکەی کە تێیدا بوو ، لە کوێ بەجێی هێشتبوو، هەرچەنێ ژنیشی هێنا بوو دوای ئەو، بەڵام زۆر بۆی بەداخ بوو، تاقە یادگاری ئەو رۆژانەبوو ودڵی پێی خۆش بوو.

دیسان چاوی چەقیەوە سەر ژن ومنداڵەکەی نێو چوارچێوە گچکەکەی بەردەمی ، قسەکەی (هەنار)ی بیرهاتەوە ( ئای کە سەرسەختی)!!.ساڵەها بوو لەو کەژانە لەبەر بەفرو سەرماو تۆفدا، هەرکە چاوەکانی (ئاسکۆڵ)ی یادهاتەوە، خۆی دەدایە بەر گەرم وگوڕی نیگاکانی و، بۆ خۆهەڵخەڵەتاندن خۆی پێیان گەرم دەکردەوە. جارێکیان دوای ئەوەی لە(حلە) کە بۆی نەفی کرابوو، هاتەوە بەسەردان بۆ کەرکوك، بۆ ئەوەی سەرێك لە دایك وباوکە بەدبەختەکەی بدات، لەبەغدا سواری پاسێك بوو، هەرکە چووە ناو پاسەکەوە ، کورسیەکی بەتاڵی دۆزیەوە و لەسەری دانیشت، رووخساری چرچ ولۆچی خەڵکەکەی بەسەرکردەوە، هەریەکەو لەدووتۆی پاڵتۆی گەرم و گووڕدا خۆیان مردوو پێچ کردبوو ،دەستێکی جادوبازانە دڵی دەشێلا ، ئێڵنجی دەدایەوە، سوێری زمانی پەلآس دەکرد، دەستی بەزاریەوە دەگرت ، نەك لێشاوی خوێن بێت فیچقە بکات. هەستی بەسەرما نەدەکرد، رووخساری ژنەکەی سەر کورسیەکەی بەردەمی، ژنەکەی لای تەنیشتی لێ ئاشکرا کرد، هەرکە بەدەم پێکەنینەوە روویان لەیەکتر دەکرد و قسەیان دەکرد، لە گەڵ رووخساری ئەو منداڵەی کە هاتە ناو پاسەکەوە لە دەستی ژنێکی رەشئەسمەری گرتبوو، دوو هێلی هاوتەرییان بە دەروونیدا دەکێشا..هەندێ جار هەردوو چاوی دەبوونە دوو مەلی ماندوو برسی رێگایەکی دوور، روومەتی ژنەکەی بەردەمی و منداڵەکەی ئەوبەریان دەکردە ویستگەی حەسانەوە، مێشکی بەدەم حەسرەتکێشانەوە ونجڕ ونجڕ دەبوو . منداڵەکە خێرا خێرا ئاوڕی لێ دەدایەوەو، هەندێ جاریش بەبزەیەکی هەڵبزرکاوەوە چاوێکی لێ ی دادەگرت . ژنەکەیش بەچاوی چەپی خێسەیەکی بەتامی لێ دەکرد. ئەویش وەکو ئاشنایەك زیزی کردبێ ، بۆ پاکانەکردن سەیرێکی کرد...ئەوەتا ئێستایش هەمان شت روودەدات ، بەلأم ئەم جارە لەو وێنەی ناو چوارچێوەکەی سەر دەشپولەکە ، هێندە بە خەستی چاوی بڕیە وێنەکەی ژن ومنداڵەکە، وای هاتە پێش چاو ژنەکە یەك دووجار چاوی هەڵهێناو هەڵیبری، لە پڕێکا دوو دڵۆپە فرمێسك لە چاوانیدا بازقەیان کرد و، بە سەر گۆنا گۆشتنەکەیدا غلبوونەوە، راچەنی تەزێکی سارد بە جەستەیدا فرکەی کرد، نیمچە لەرزێکی لێهات، هەرکە ئاوڕی دایەوە ، هیشتا شوفێرەکە لە خامووشیەکەی خۆیدا نووقم ببوو، پاشان کەوتە جنێودان ، پیشی دەخواردەوە، ئۆتۆمبیلەکەش وەکو سەرخۆشێکی درەنگە شەو لەتری دەدا، لارەلارەی بوو. شەقامەکان جمەیان دەهات، خەڵکێکی گێژوویژ رژاونەتە سەریان ، چەند جارێکیش

ئاژەڵێکی بەرەڵا، سەگێك، چێلێك، بەبێ باکی بە بەردەم ئۆتۆمبیلەکان وخەڵکەکەوە رەت دەبوون..زەڵەو ژاوەژاو بوو، وەکو مێگەلە ئاژەڵێکی ترسنۆك ودوودڵ ونیگەران بەیەکا دەهاتن، لووتیان دەتەقی بە لووتی یەکدیەوە، زۆربەیان لەتوورەیی ورقدا رەنگیان رەش داگیرسابوو، لێویان دەبزووت، لەناڕەزاییدا دەتەقیەوە، قیری جادەکانیان دەقەڵەشاند، شۆڤێرەکە بەسەروچاویدا دیاربوو لە بێدەنگەکەی ئەم گەیشتبوو، بەخێسەیەکی بێ تامەوە رووخساری ئەمی دەپشکنی، بزەیەکی بێ دڵی بۆ کرد، وەك بڵێی دەیویست دیسان بەقسەی بهێنێ، بەبەسەرکردنەوەی یەکە بەیەکەی ئاپۆراکەی سەرجادەکە ، خۆی لەدەستی سەرنجەکانی شوڤێرەکە قوتارکرد، بیری لەوە دەکردەوە ، ئەم عەشاماتەی شارە لەبیرکراوە دێرینەکەیان چەند بەکاوەخۆ وبەبێ ئاگا ئێستاش زۆری ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن، بە دڵنیایی ملیان بۆ کەچ دەکەن، تەنانەت رەفتاری سێکس و شەو باخەڵیشیان. ئەمیش تەمەنێکی درێژە زەڵەو بۆڵەی شارە نامۆکان دەیکەنە هەڕەزانەی ڕابواردنی خۆیان، بە پیرێژن شۆری وقاپ شۆری چێشتخانەکان ملێونەهاجار دەبێتە پێکی هەناسەساردی ودڵەکوتێ، ئێقی دەکەنەوە سەر جادەکان . ئالگوشراوێکی موزمینی لە گەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، خێرا جامی ئۆتۆمبیلەکەی داخست، جنێودانی شوڤێرەکە لەگەڵ پلوورەی هەناسەساردی ئەودا دەبوونە شلەتێن، نەیزانی لەوچرکەساتەدا چ ئاماژەیەك چەرخی هەڵبوونی دا لەبیرەوەریەکی کۆن ، دەشێ بگەڕێتەوە بۆ ساڵێك بەرلەوەی دایك وباوکی وکۆلیج بە جێ بهێڵێ و ، رابکات وبڕواتە شاخ و، دواجاریش بەرەو هەندەران.

**رۆژێك بوو** لە پرێکا لە بەردەمی کتێبخانە تاقانەکەی شەقامی کۆماری، ببوە دیوارێکی تلیساوە، رێبوارەکان بەشان لێدان لارە لارەیان پێی دەکرد ، بە خاوخلیچکیەوە خۆی دەگرتەوە، ئەوەی لەدێر زەمانەوە بەمێشکی مرۆڤدا هاتبوو نوسرابووەوە، ببووە کتێب و لەجامخانەو سەرزەوی کتێبخانەکەدا کەڵەکەکرابوون، بۆ خەڵکی زەنگیان لێ دەدا، ئەویش بەدیتنی رۆمانەکەی (هەمەنگوای)، نەیدەزانی وەکو زۆربەی ئەو خەڵکە بۆ کێ زەنگ لێ دەدات؟. بۆ خۆی ئەوە هەرهیچ ، ماوەیەکە تەنیا زەنگێك لەناوەوەی لێ دەدرێت، ئەویش ئەوەیە تەمەنێکی پڕلە کوولەمەرگی بەدوای خۆیەوە بەجێهێشت، ئا لەم بیرکردنەوانەدا بوو، لەپڕ دەستێکی سووکەلە بە ئەسپایی کەوتە سەرشانی، بەوەڕزیەکەوە ئاوڕی لێی دایەوە، (سالار)بوو، وەك بڵێی شەو ورۆژ لە گەڵی بووە، ئەویش نەبوو کە چەند ساڵێکە نەیدیبوو ، بەڵام خۆی هێندە لەو دۆخە تێنەگەیاند، دەستی کرد بە سۆراخ کردن لە هاورێکانی وخەڵکی گەڕەکەکەیان وچاپخانەکەی (حەمەنازەنین). دوای ئەوەی سۆراخی نەمابوو، ئەوەبوو لەم ساڵانەی دواییەدا لەیەکێك لە شارە ساردو تەزیوەکانی (نەرویژ ) گیرسابووەوە، وەکو خۆی هەموو جارێك تەلەفونی بۆ دەکرد، دەیووت ، ئەوەندە لە

وورچە سپیەکانی قوتبی باکورەوە دوور نیە و، زۆرجاریش گۆیی لە مرە مرپانە. هەموو شەوێکیش ئەو شەوە خۆشانەی بە بیردەهاتەوە کە پێکەوە لە شەقامی (52)و ، لە بەغدا لە ماڵی (نەجات خان)بە سەریان دەبردو ، کردبوویان بە پووری خۆیان. بە تایبەتی لە گەڵ ئەو کچە کریستیانەی ناوی (ئیمان)بوو، شووی کردبوو بە ئەفسەرێکی سیخوڕی عەرەب، بە ئاگاداری مێردەکەی دەهات لەوێ لەشفرۆشی دەکرد، زۆرجار (سالار) سوێندی دەخوراد کە لەو کچە ئەکتەرە عیراقیە دەچێت کە ناوی ( ئیلتیفات عەزیز) بوو ، چونکە کوت ومت بەو دەچوو، خرپن وگەنم ڕەنگ وهەندێ لێو گۆشتن بوو، فەرهادیش پێی دەووت (وانیە)،کەچی هەر سوور بوو ئەو کچە ئەکتەرە عیراقیەیە..ئەو شەوە (ئیمان) چیرۆکی ئەوەی بۆ گێرانەوە گوایە ساڵێکیان لە(عەنکاوە) بووە، وورچە نێرەیەك ڕفاندویەتی و بردبووی بۆ ئەشکەوتێك، کە لێیان پرسی وورچەکە چی لێ کردبوو، ئەویش ووتی (سوارم بوو)..وورچە مێیە پیاوی دەڕفاند تا سێکسی لەگەڵ بکات و، وورچە نێرەش کچ وژنی ڕفاندوە بۆ هەمان مەبەست..جارێکیان (حەمەنازەنین) بۆی گێرابووە، کاتی خۆی سەرباز دەبێت لە ناوچەی ڕەواندز، بیستبووی وورچ لە گوندێك کچێکی دوانزە ساڵانی ڕفاندبوو، ناوی (فاتمە) دەبێت،چەند ساڵێك بەندی دەکات و لە گەڵی رادەبوێریت، تەنانەت خەڵکی هۆشەی ئەوەشیان دەکرد، گوایە کاتێ خەڵکی ئاوایی دوای چەند ساڵێك بە شوێنی ئەشکەوتەکە دەزانن ودەیدۆزنەوە، وورچەکە ڕاودەنێن وفاتمە رزگار دەکەن، بەڵام دووسێ منداڵیشی لە گەڵدا دەبێت، نیوەیان بنیادەم دەبێت ونیوەکەی دیکەیان وورچ دەبێت ، بۆیە لەوێ دەسبەجێ دەیانکوژن وفاتەش دەهێننەوە بۆ ئاوایی وقژە سەری گەیشتبووە بەر پێی. دوای ئەوە هەموو بەیانیەکیش وورچەکە دەهاتە سەر کەلێکی ئاوایی وهاواری دەکرد (فاااتە)،وەکو ئەو دەیگێڕایەوە..

بەتەواوی ئەو سەردەمە ڕەشبینی ژیانی (سالار)ی داگرتبوو، هەموو رۆژەکانی بەبەدمەستی بەسەر دەبرد ، هەرکە زۆر مەستیش بووایە، بەسۆزە خۆشەکەی گۆرانیەکانی( ڕەفیق چالاك) و(سالح دیلان) ی دەووت..بەر لەوەی فەرهاد بێتەوە هەواڵی سەرنگگووم بوونی ساڵاری پێ گەیشتبوو. گەرچی هۆی سەرنگووم بوونەکەی زۆر ئاڵوز بوو. هەبوو دەیانووت هەر ئەو کاتەی سەربازبوو لە رێگاوبان لە ئۆتۆمبیل وەرگەڕابوو، مردبوو، تەرمەکەیشی دەستی دایکی نەکەوتبوو، یان دەیانووت لەلایەن رژیمەوە دەستگیرکراوەو سەرنگوم کراوە، هەندێکیش دەیانوت دوای کچە سەماکەرێکی قەرەج کەوتووەو خواستوویەتی، لە ترسی کەس وکاری نەیوێراوە بێتەوە. یەکێك لە نامەکانی لەلای فەرهاد مابوو کە ئەمە دەقەکەیەتی:

من ئاشقم

ئاشقیش نەسرەوتە

سەرجەم تەمەنم بووەتە گەڕان و

سەرگەردانیی،

گەڕان گوزەرانمە

کێچە وخوێنم دەمژێ

کەوڵم دەگرویت

شەوو ڕۆژ خەوی لێ حەرام کردوم

بووم بە شاری هەراسان

من ژیانم سەختە و لە گەڕانا دەمرم

نامەکەی بەو کۆپلە شیعرە دەستی پێ کردبوو، ئینجا نووسیبووی:

(فەرهادی ئازیز، سەردەمێکە هاودەم و هاوسەرم دەربەدەریە، شەوگاران بەدەم تاولەرزی هەمیشەییمەوە بووەتە هەتوانی خوێن بەربونەکانم، ئەگەر وانەبوومایە چیدیم دەکرد لەم دەورانە سەربەگۆبنە ، لەم ڕۆژهەڵاتە نەعلەتیە ، یان چەندین ملێون وشەی نوسراو، دەتوانێت ڕێگای بەهەشتی سەرزەویمان بۆ فەراهەم کات و، هەر ڕۆژەو نەبینە دەسکەلای دەستی برسیەتی وفرمێسك وخەم و وشکەژان !!.ئیدی چۆن قەڵەم وکاغەزمان دەکردە توێشوی بێ نەواییم ،(ئەویش لاوازترین بڕوایە)؟، هەروەها خوێنەکەشم دەکردە مەرەکەبی تۆمارکردنی قوڕبەسەریەکان؟!مەسەلەکەش ئەوەندە ئاسان نیە، تۆزی کەڵەکە کردوی سەر بیرەوەریە دڵتەزێنە پڕ موچڕکاویەکانم بتەکێنم، سەر لەنوێ دەستی پێ بکەینەوە!یان بەفری کەلیخانی دەروونە سڕبووەکەم بەنووچێك ڕامالّم ، ئێ باشە ئەوە من وئەوانی دیکە ، قەڵەم وکاغەزمان کردە ئامراز بۆ هەڵڕشتنی زووخاوی خەمە بە کەس نەگەیشتووەکانمان ، زۆربەی خەڵکمان تێ گەیاند قوڕبەسەرو بێکەس وتەنیا و ڕووت ورەجاڵین ، لارەخوارین، ئەی ئەو چەند ملێون ڕەش و ڕووتەی میللەتەکەمان کە سوورەتی (ئەلحەمدو)یش لە نوێژەکانیاندا بەسەقەتی دەڵێنەوە ونازانن واتای چیە، تەنها بە لایانەوە عادەتێکە لە باوباپیرانیانەوە وەکو میرات بۆیان بەجی ماوەتەوەو، هەروەهایش ڕێزی لێ دەگرن، دەزانی لەم ڕۆژهەڵاتە نەگریسەی ئێمەدا ، تەنانەت (یەسووع) ئاساکانیش خۆیان وەکو ووردەواڵەیەك دەفرۆشن وخۆیان دەگۆڕنەوە، دەبنە پەڕۆی بێ نوێژ، پشت لە گشت مەبدەئێکیان دەکەن!، ئەو ئاگرەی دەیانەوێ بیدزن و، ڕێگای خەڵکی هەشبەسەری پێ ڕووناك بکەنەوە ، دەیکەنە بڵێسەی دەستی پیاوخۆرەکانیان، تا کون وکەلەبەرکانیان ڕووناك بکەنەوە، بۆ دۆزینەوەی یاخی وسەرکێشەکان و، لە کوونی تاریکیان ڕاپێچ کەن، ئێ

بۆ نا هەموو شتێ لەم رۆژهەڵاتە ، وەکو شیری بەر دایك حەڵال و زووڵالە، دیارە برادەر ئەم رۆژهەڵاتە نایەوێت دەسبەرداری قەدەری گێلی خۆی ببێت!!،یەکێك بووم لەو مەسیح ئاساییانە، هەموو بیرکردنەوەیەکم بەو جۆرە بوو، ئێ بۆ نا ؟ دەستەمۆ بووم، بەدەستی خۆم نەبوو، برسیەتی زۆری ئەشکەنجە دابووم، وشەی شیعرەکانم نەدەبوونە پارووە نان وجل وبەرگ، دان بەوەدا دەنێم کە ئێستا هەست بە هەرەسهێنان دەکەم، خۆم لەبەر ئازار رانەگرت ، سەرجەم ژیانم هەناسەساردی وخوێن بەربوونێکی هەمیشەیی بوو،چۆرِیك چیە خوێن وابزانم لە دەمارەکانمدا نەمابوو، دوای چەند رۆژێك دەستەمۆیان کردم، شەش حەوت ساڵ بەر لە ئیستا ، شەوێك لە یەکێك لە ئوتێلەکانی پایتەخت ، کە بە ئاوارەیی لە ئامێزی نابووم ، من لە سۆزانیەکان و هاورێ کچە کۆنەکانی کۆلیج کەسی دیکە هاورێم نەبوون، بەشەویش زۆرجار لەگەل بۆیەکاندا دەرگای مەیخانەکانمان پێکەوە دادەخست، زۆرجاریش رێدەکەوت لەژووری یەکێك لە دۆستە سۆزانیەکانم خۆم دەبینیەوە. ئەو شەوە ، سێ وچوار زرتەی دەسەڵات لە شیرین خەودا رایانپەڕاندم، تەنانەت نەیانهێشت خۆشم بگۆڕم ، منیان خستە پێش خۆیان ، زۆر کاتیش لە شەقامەکاندا لە سەر زەوی رایاندەکێشام ، پاشان وەکو پریاسکەیەك بەتووندی توورِیان دامە ناو ئۆتۆمبیلێکی خرِی قەپاتەوە، هەرکە دیار بوو کە منیان گەیاند بووە شوێنی مەبەست ، چوار زرتە زەڵامەکە دەستیان کرد بە پێ راِبواردنم ، بە پێڵاوەکانیان لەسەر سکم هەڵدەپەرِین ، لەوێش برِە زرتە زەڵامێکی دیکە منیان قۆستەوە، ئێستاش پاشکۆم ئەنجامی ئەو شەوانە خەوم لێ هەراسان دەکات، ئەو شەوە چەند بوتڵێکی بەتاڵیان بە پاشکۆم تاقی کردەوە، دوای ئەوەیش نەمزانی چییان لێ کردم ، تەنها لەبەر ئەوەی دەیانووت شیعرەکانت دار بە کونی زەردەواڵەوە دەکەن ، خەڵکی دەووروژێنن، مێشکیان پرِدەکەن، یاخیان دەکەن، لاوەکان دەکەنە (موخەرِیب)!زۆریان هەوڵدا بەئەشکەنجەدان ، بەئابرِوبردن ، بەپارەو پایە لەخشتەم بەرن، ئەسپێکی سەرکێش بووم ، بۆیان کەوی نەدەکرام و، نەیاندەتوانی جڵەوم کەن، دوای ئەوەی سێ مانگ ئەشکەنجەیان تفاندە گەرووموە، دەماری پیاوەتیمیان دەرهێنا، بە نیوە مردووی فرِییان دامە گەرِەکی شارێکی نامۆوە، دەمەو بەیان ئەو کەسانەی کە چەند ساڵێك پشتم لێیان کردبوو، رژانە سەرم ، بە سۆزو خۆشەویستیەوە پێچامیانەوە، بۆماوەی مانگێك هەرکە چاکیش بوومەوە دیسان بوومە گەریدەی شاروگوندان، شیعرەکانم بوونەوە بە ووزەی کارەبا، چوکلێت، گۆرانی دەمی وردو درشت..پێت ناڵێم هەموو شتێ لەم رۆژهەڵاتە دەعجانیە بە زیادەرۆیی ئەنجام دەدرێت).

ئیدی سالار دوای ئەو نامەیە هەڵات وبەر لەوەی بێ سەروشوێن بێ ، ئەم نامە ناتەواوەی بۆ نارد بوو.

جارێکیان پێی وت:

–فەرهاد ، کەسانی وەکو تۆ لە دڵداری بەختەوەر نابن و، هەست بەتام و لەزەتی ناکەن، چونکە تۆ دڵداری بە جۆرە بەنج وتلیاکێك دەزانی، دەتەوێ خۆتی پی ٛسڕکەیت ، چونکە دەروونت لەبەردەم مندا کتێبێکی کراوەیە ودێر بەدێر، وشە بە وشەی دەخوێنمەوە ...

ئەویش وەك بڵێی دەیویست پتر لەسەری نەڕواو، هێندەی دیکە برینەکانی نەکولێنێتەوە، هەرکە برینەکانیشی سەریان هەڵدایەوە بە زەحمەت قەتماغە دەگرن، بۆیە گوتی:

–سالار ، ئەڵێی چی ، وڕێنە ئەکەی؟کەر لە کوێ کەوتووە وکونە لەکوێ دڕاوە؟!راستەکەی من خۆشەویستی مێینە بە جۆرە تلیاکێك ئەزانم ،وەلێ ئامادەیش نیم بە ئاسانی دەست بەرداری کبریای خۆم ببم..

سالار قاقا بە پێکەنین چوو بە پشتا، تاسەری نەتەقی بە دیواری ژوورەکە لە پشتەوە بێدەنگ نەبوو، سووکە ئۆفێکی لەزار هاتە دەرێ ، دوای ئەوەی بە ناولەپ هێندێ پشتی سەری خۆی هەڵکراند، تا ئازارەکەی سەری کپ کات..

فەرهادیش بەبێ بایەخی چاوی بڕیەوە دەست وپەنجەکانی خۆی و، لەسەر قەرەوێڵەکەی بەرانبەر پالی لێ دایەوەو، هێندی جاریش چاوی هەڵدەبڕی و، دنیایەکی سەیر وپڕ بێزهاتنەوەو قێزەوەنی لە میچی ژووری بەشی ناوخۆییەکە دەهاتە بەرچاوی وتەراتێنیان دەکرد، دەیان وێنەی جیاجیا وپەشێوو پڕ نەگبەتی ونائومێدیی و، پرزەبڕاوی بە یەکا دەهاتن و، تابلۆیکی سوورریالیان دەنەخشاند. خەم وخەفەت وئاواتی پەیدەر پەی مرۆڤ ، (بە تایبەتی مروڤی کورد)ی تیا سەرەتاتکێیان بوو. لەودیوی وێنەکانیەوە بەلێوبەباری لەگەڵ هێلەکانی تیشکی چاوی تێکەڵ دەبوون، لەپەنجەرەی رۆژگارێکی ساختەچیەوە ئاوەدیو دەبوون، لەگەڵ گەڵا نیوە پەژموردەکانی چیمەنی حەوشەی بەشی ناوخۆیی ، وەکو تۆزو گەردی شوێن پێی کاروان وکاروانچیەکان دەنیشتەوە سەریان ، بەراستی نەیدەزانی (سالار) چی بیرکەوتەوە کە وتی:

–دەزانی چیم بیرکەوتەوە؟!

هەرچیەکی بیرکەوتبێتەوە هێندە بەلایەوە گرنگ نەبوو، هەرکە ئەوەشی وەبیرهاتەوە بچرپچڕ درکاندنی، بگرە نە خەندەیەك ونەشێوەی سووکە خەمێکیش بەرلێوانی نەکەوت، (سالار) گوتی :

– تۆ کابرایەکی ئاسنی سارد دەکوتی ، وەکو ئەو فەرموودەییەی (کیتس)ی شاعیر بە تەمای ناوی خۆت لەسەر ئاو بنووسی.!.

قسەکەی وادیار بوو بەلایەوە گرنگ نەبوو، بێ واتایش بوو، بە کەم تەرخەمیەوە نیگای بڕیە تاریکیە کاڵەکەی ناو چیمەنەکە، لەبەر رۆشنایی ناوەوەی ژوورەکە ، پێی وابوو ئەرتەشێکی تارمایی وخێوی نەدیتراو

له گەڵی دا سەرەتاتکێ دەکەن. (هەنار)یش یەکێك بوو لەو تارماییانە و بە رووتی وقووتی خۆی پێ نیشان دەدات ، بەهەردوو دەستی جووتە مەمکە خڕە توندەکانی خۆی دەگوشی و، زمانی تامەزرۆیی لێ دەردێناو، بەچاوی تێی دەگەیەنێ، کە تامەزرۆی دەستە زبرەکانی جارانی ئەون..

(سالار) ئەو تاقە برادەرەی بوو، کە پەیوەندیەکی نیمچە سۆفیانەی لەگەڵدا گرێدابوو، ئەویش زۆر خۆشی بەمدا دەهاتەوە، بە تایبەتی دڵی بەسەر سەختیی وبێ پەروایی وبەلەسەیەکەی ئەو دەکرایەوە، ئەمیش گەش دیدەیی ئەوی لەبەر دڵ وپەسەند بوو، گەرچی ژیان وبیرو هۆش وفامی بە شێوە رەشبینیەك خۆی پێچابوەوە، ئەمەیش هیچ پەیوەندی ومافی ئەمی پێوە نەبوو، وەلێ بە میراتی وپشتاوپشت وبە ڕچەڵەك بۆی بەجێمابوو. زەحمەت بوو لێی خۆی قوتار کات، تا رادەیەکیش دڵی پێی خۆش بوو، لە زۆر لایەنی بیروبیرکردنەوەو ، راو بۆچوون یەك رێرەوبوو، هۆی ئەو پەیوەندیە نیمچە سۆفیانە بوو،(سالار) کوڕە شاری بوو، دەگمەنیش لەلادێ ژیابوو، فەرهادیش لەخانەوادەیەکی جووتیار بوو، تووك وکاژی لادیی بەرنەدابوو، گەرچی زۆر دەمێکیش بوو لەشار بوون، بە تایبەتی لە قەڵای شاری کەرکووك نشتەجێ بوون.دواجاریش گواستیانەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە و بوونە کرێچی ماڵی (ئاسکۆڵ) ئیدی ئەوە دوا هەوارگەیان بوو تا کۆلێجی تەواو کردەو چووە شاخیش. چونکە ئەوان وەکو پشیلەیان لێ هاتبوو هەر شەوی لەشوێنێك بوون. لەبیری نایەت چەند خانوویان کردبوو تاکۆلیجی تەواوکرد... لەم بارەیەشەوە خۆی بە راست دەزانی ، وەلێ ئەو لە بیروباوەردا لە فەرهاد شورشگێڕتر بوو ، بۆیە ببووە خاوەنی ئەو قەناعەتە ، کە سەرچاوەی شورشگێریی ویاخی بوون پەیوەست نیە بە گوندنشینی وشار نشینیەوە ، بگرە پەیوەستە بەناخی مرۆڤ و، یاخیبوون وبەرەنگاربوونەوەی زوڵم وستەم ودەردی سەری و هەست کردن بە قورسایی ئەرکی مێژوویی و بەڵاو کارەساتەکانیەوە..هەردووکیان پێکەوە خوێندنی دوا ناوەندیان تەواو کردو، هەریەکەو لە کۆلیجێك لە بەغدا وەرگیران، فەرهاد لە کۆلیجی یاساو ، سالاریش لە کۆلیجی ئەدەبیات وبەرەبەرە لە گەڵ رۆژگاردا هەر لەمناڵیەوە ، بەدەم ئەو هاوبیری وهەست وبۆچوونەوە گەورە بوون. کاتی خۆیشی زۆرجار سالار دەبووە پارێزەری فەرهاد و، لە گێچەل وبەڵای منداڵە شاری رزگاری دەکرد، هەموو هەفتەی جارێکیش دەهاتە لای بۆ بەشی ناوخۆیی و شەوێکی پڕ دەمەتەقێی هەمەجۆریان بەسەر دبرد..

هەرکە فەرهاد سەیری ناو چێمەنەکەی کرد، تاریکیەکە خەست ببووە ، تارماییەکانیش رەوییبوونەوە و، تارماییەکەی (هەنار)یش کەوتبووە تەکیان وسەری خۆی هەڵگرتبوو، بۆ دواجار کە فەرهاد بڕیاری دابوو واز لە( هەنار) بهێنێ، دەیان پاکانەی بۆ هێنابوەوە، دەیان ناخۆشی وهۆی بۆ دۆزیەوە، چونکە هەنار دەیەویست فەرهاد بیخوازێت و، ئەویش نەیدەتوانی ودەیووت کەی ئەو بۆ ژن ومناڵ بە خێوکردن خوڵقاوە،

دوای ئەو بڕیارە (هەنار) بەرگی رەشی پۆشی و بەدەگمەن دەهاتەوە بۆ کۆلیج ، بەڵام کاسێتێکی هەڵبژاردەی گۆرانیەکانی (عەبدول حەلیم حافیز)ی وەکو یادگاریەك پێی بەخشی ، گۆرانیەکانیش هەموویان دەرَبری شکستی ئەو دڵداریە بوو. بە تایبەتی ئەو گۆرانیەی کە دەڵێ:(ئەمە نەسیبی من نیە بەلأم خۆشەویستمە).

– تەنانەت دەرفەتی ئەوەشیان لە بەردوممان نەهێشتەوە کە بە کامی دڵەوە هەرزەکاری ولاوی خۆمان ببەینەسەرو ، نایابترین رۆژانی تەمەنمان بە کارببەین! چارەنووسمان وا بوو کە لە خۆشی ژیان بێ بەش بین، نە منالیمان منالی بوو،نە هەرزەکاریمان هەرزەکاری بوو، نە لاوێتیمان لاوی بوو، تەنانەت تامی دڵداریەکی ئەوتۆشمان نەکردووە، لە ژیانی خۆمدا کەس دڵی نەداومەتەوە، تەنها بۆ مەبەستی ئارەزووی خۆیان بووە، چیرۆکی دڵداریە کانیشمان جۆرە سەرەرۆیی وخۆسرکردنێك بوون، دواییش چاوەرێ ی هیچ سەرکەوتنێك لەم بوارەدا ناکەین، بگرە بەلای خراپەیشدا دەشکێتەوە ودەبێتە هەرەسێکی سێکسی رووت وقووت، (سالار) وەك بلێ ی ئاگای لە قسەکەی فەرهاد نەبووبێت، یان بە جۆرێکی ساکارانە قسەکەی شی کردبێتەوە،یان گەش بینیەکەی بوو بووە هۆی ئەو بۆچوونەی...

– راست ئەکەی، بەلأم هەموو مێژوویەك وسەردەمێکیش هەل ومەرجی خۆی هەیە، بۆ مەسەلەی دڵداریی، من شۆرش ودڵداریی پێکەوە ئەبەستمەوە..مەسەلەکە لەلای من براوەتەوە، لەوانەیە ئەوەی کە ئێستا بروامان پێی هەیە جۆرە دڵداریەك بێت!

(فەرهاد)بە خەم ساردیەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەشێ هەروایش بێت!ئەمەیش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵیکی هەژار و دواکەوتوو لە دایك بووین ، بۆیە هێندە دوور بین نەبووین . تەنانەت زۆرجار بەر پێی خۆمان نابینین، بۆیە کارەساتی یەك لە دوای یەك دەستەو یەخەمان دەبێت ، ئێمەمانانیش ناتوانین چاویان لێ بنووقێنین و بە بیرێکی بەرەڵاییەوە بروانینە مەسەلەکە و کارەساتەکانی..

(سالار) لەسەر جێگاکە راست بووەو بەکاوەخۆوە دەستێکی درێژ کرد بۆ پاکەتی سەر مێزە بچکۆلانەکەی نێوان هەردوو قەرەوێلەکە، جگەرەیەکی دەرهێناو نای بە لێویەوە، دوای دەمێ تێرامان دایگیرساند وهەندێکیش لەفکرەوە چوو، لە پڕ هەڵیدایێ:

– دەسا بۆیە من وتۆ لە منالیەوە بووین بە جمك و، زۆرجاریش لە خۆڕایی لە یەك لالووت دەبین، لەبەر هەندێ ناتەبایی فیکری..

– بەڵی .. بەڵێ..بەلأم لەوانەیە تۆ لە جێ بەجێ کردنی بیروباوەری خۆتدا راستگۆتربی..

دیسان پاڵی لێ دایەوە ولەگەڵ دوکەڵی جگەرەکەیدا کەوتە گەمەیەکی بێهوودەوە، لە پاشان چاوی بڕیە میچە لە دووکەڵ زەرد هەڵگەڕاوەکە، لەبەر تەڕەشووع وێنەی شێوەکاری سەیری لە سەر نەخشابوو، وەك بڵێی وێنەگری ئەو ژوورەیە و رووداوە یەك لەدووای یەکەکانی لە سەر کەفماڵی میچەکە تۆمار کردوەو، لەگەڵ گۆڕانی تیشکی ژوورەکەدا یەك یەك ئەو وێنانە دەشۆرنەوە..

سالار وتی:

– چۆن ؟تێ ناگەم؟

–منیش لە سەرەتاوە وەکو تۆ بۆ مەسەلەکە دەچووم، یان ئەتوانم بڵێم ئێستا هەندێ شت هەن رێگام لێ ئەگرن ، تۆ ئەتەوێ لە رێگای توندەتیژیەوە، واتا لە رێگەی چەکەوە بیرەباوەرت جێ بە جێ بکەیت ، منیش لە رێگای نووسین وبڵاوکردنەوەی رۆشنبیریەوە ، چونکە رۆشنبیریی و دەروونی مرۆڤی کورد لە هەموو خڵت وخەوش و بیروباوەری خێڵەکی پاك دەکاتەوە..من ناڵێم ئەوە تاکە رێگاچارەیە..!!

(سالار) بە پێکەنینەوە قسەکەی پێ بڕی :

–چی یە ؟خۆناتەوێت وەکو (ماوتسی تۆنگ) شۆڕشی رۆشنبیریی راگەیەنیت، ئەو شۆڕشەی کە سەدان بیرمەند و رووناکبیری گەورە وزانا بوونە قوربانی ، بەدەستی ماو خۆی وهاورێکانی گوللە باران کران، دەڵێن لەو شۆڕشەی ماوتسی تۆنگ حەوت ملیون چینی لە ناودران!.

– بەدووری مەزانە ..چونکە میللەتەکەمان چەندان قۆناغ لەشارستانیەتی مرۆڤایەتیەوە دواکەوتووە و، زۆریش پێویستی بە شۆڕشێکی وایە..هەرچەندێ ئەمە بۆ تاکە کەسێك زەحمەتە ، ئەمەیش خەونێکە، بۆیە دەڵێم تا ئەم قۆناغە تۆ لە سەرراستی و، چەکیش دوا نەعلەت ودوا چارەیە..دەتوانین بڵێین (مارکس)و(لینین) و(ماوتسی تۆنگ) پێغەمبەر ئاسا بوون ، بەڵام هەموو پێغەمبەرێك هەڵەی خۆی هەبوو، لەو بڕوایەشدا نیم تازە مرۆڤایەتی پێویستی بە پیغەمبەرانی لە شیوەی عیسا وموسا ومحەمەد هەبێت، ئەوە قوناغیك بوو بە سەرچوو.(محەمەد)یش بەرلە چواردە صەدە پێشبینی ئەوەی کردبوو ، ئیتر مرۆڤایەتی پێویستی بە پێغەمبەر نیە ، بۆیە رایگەیاند کە خۆی دوا پێغەمبەری خوایە!

–ئەی گیڤاراش..؟

–گیڤارا بڕوای بە چەك هەبوو، هەستی دەکرد بەشێوەی سیاسی و رێگای مەسیحانە ناتوانرێت میللەتان رزگار بکرێن ، یەکەم کەس بوو خاوەن پلە پای و کورسی بوو شەقی لەهەمووی دا و لە گەڵ چەند گەریلایەك روویانکردە جەنگەڵەکانی( پۆلیڤیا) ، ئەنجامیش مەسیح ئاسا شەهید بوو، ئەویش هەرچەنی راست بوو، بەڵام هەڵەی خۆی هەبوو.

–بەڕای من بە شەرەفترین مرۆڤی سەر زەویە تا ئێستاش، پێغەمبەرێکی ڕاستەقینە بوو، سەرمایەدارەکان ناویان زڕاند، ئەوەتا کۆمپانیاکانی دنیا لە سەر وێنەکەی کەوتوونەتە کێ برکێیەوە...تۆ هەمیشە شاعیرانە بۆ مەسەلەکان ئەچی، زەحمەتیشە پیاوی شاعیر ببێت بە سیاسی وپەنجە بخاتە سەر پیتکەی تفەنگ ، بەڵام لەبیریشت نەچێت (هۆشی منە)و (ئۆگوستو نیتۆ)یش شاعیر بوون و، وڵاتەکەی خۆیان ڕزگار کرد..

–بەڵام،نە (بۆدلێر) ونە (رامبۆ)ونە (ئەلیوت)و نە(ئەزرا پاوەند) ونە(عەبدوڵا گۆران)بوون..!

(سالار) دوای ئەوەی جگەرەکەی بە کەمتەرخەمیەوە لە نێو تەپڵەکی جگەرەکەدا بە ڕقەوە کوژاندەوە، ویستی بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ڕقە بە ڕەفتارێك هێورکاتەوە و دەستی بۆ رادیو بچووکەکەی سەرەمێزەکە برد وپاڵی لێدایەوە، ڕادێوکەی لەسەر سنگی خۆی دانا، هەرکە میلەکەی باداو سووکە چرکەیەکی لێوەهات، قاقای پێکەنینێك لەپڕێکا ژوورەکەی ئاوس کرد وکپ بوو، هەرکە ئاوڕیدایەوە تێگەیشت لە ڕادیوکەوەبوو، ئەگینا فەرهادی تاوانبار دەکرد.

لەم پارچە زەویەدا، پارچە زەویەك بە قورڕخشتی سەرجەم خورافاتەکان دیوار بە دیواری هەڵچنرابێ . پێ کەنین و گریان لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵدەقووڵێن، گریان هۆو مەبەستی بۆنیە، هەمیشە وەکو برسیەتی و جنێو حازر بەدەستە، وەلێ پێکەنین دەبێ هۆی تایبەتی خۆی هەبێ، ئەگینا بەزەحمەت لە گەروو دێتە دەرەوەو دەنگ دەداتەوە، لێی دەترسن و زەندقیان لێی دەچێ ، ئەگەر هاتوو بەبێ هۆ پێ بکەنن، دواجاریش پەشیمان دەبنەوە و ، دەچن لەلای مەلاو جادوبازەکان دوعا ونووشتەی بۆ دەکەن، یان دوو ڕکات نوێژی بۆ دەکەنە قەزاوەگێڕ. خۆیشی یەکێکە لەوانەی کە نازانێ پێکەنین هۆ ومەبەستی چیە ، ئەگەریش پێ بکەنێت لاسایی کەسانی دیکە دەکاتەوە و ، دەم دادەبچڕێنی ودانە زەرد داگڕاوەکانی دەباتە ڕیچەوە..سالار بەدەم سووڕدانی میلی ڕادێوکەوە ئاژاوەیێکی گەورەی لە ژوورەکەدا بەرپاکرد بوو، کونە وردو درشتی دیوارەکانی دەپەستانەوە. ئەویش ژاوە ژاوەکەی دەدایە دەستی تاریکی ناو چیمەنەکەو، تارماییەکان لە پریاسکەیان دەنا و بەرەو شوێنێکی نادیار دەیاندە بەکوڵەوە.دەنگێکی لرخن لە ڕادێوکەوە بەرزبوەوەو کردیە گاڵەگاڵ و، بە قیرەو دەربڕینە ڕازاوەکانی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوای دەدایە دەم یەکەوە، نووسشتی دەکرد بە سەرکەوتن و، خوێن ڕشتنی وپیاوکوشتنی دەکرد بە گەمەو سەماو گۆڕانی، ناڵەی بومب و ڕۆکێتی دەکرد بە ئاوازی سەمفۆنیا و ، پەلەقاژەی مەرگیشی دەکرد بە سەمای باڵێ..

– دەڵێن سوپای عیراق هێرش دەبا وخەریکە (خووڕەم شار) داگیردەکات..

– مەسەلەی شەری عێراق وئێران شێوە کارەساتێکی دەرەکیە وهیچ لە مێژوو ناگۆڕێت ، وەکو جەنگی جیهانی دووەم کومەڵێك کارەسات دەنێتەوە و ، لەوانەیشە ئەنجام ببێ بە هۆی دابەشکردنی چەند زەوی و

ولآتێك..یاخود ببێ بە هاندەرێك بۆ ئەوەی مرۆڤی ئەم وڵاتە هەتاهەتایە ، تەنانەت ڕقی لەجەنگی پارتیزانیش ببێتەوەو، بڕوا بەوەش بێنێ کە ئیمپریالیزم گەلێ لە حکوومەتە خۆماڵیەکان چاکترە..

سالار، رادیوکەی کپ کرد وبە سستیەوە لەسەر قەروێڵەکە داینا.

–ئەی تۆ قەت بیرت بۆ ئەوە ناچێت کە ئەم جەنگە ئەنجامێکی راستەوخۆی ئاشبەتاڵی شۆڕشی ئەیلوول بێت؟.

–لە راستیدا من و تۆ لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول ، تا رادەیەك هەرزکار بووین، نە تامی شۆڕش و نەتامی ئاشبەتاڵیش بە تەواوی نازانین. هێندەش سەرمان لەکەم وکوڕی و دەرهاویشتەکانی دەرناچێت، تەنها لە دەمی کەس وکارمانەوە نەبێت ، هیچ زانیاریەکی ئەوتۆمان نیە. یان چاکتر بە بیرێکی کارامە وفراوانەوە ئاگاداری رووداوەکانی نەبووین، . ئێستاش وەکو مێژوو ئەیگێرنەوە،بەلأم هەست بە مەرگەساتیکی گەورە ئەکەین ،

چونکە مێژوویەکی سەختیان خستە ئەستۆمان..

–ویستیان هەڵە بە هەڵە چاك بکەن، کە ئەمەشیان مەحاڵەو لەدوای خۆی مەرگەساتێکیی تر بەجێ دێلێ ، وەکو ماڵی هەتیوو بەش کەن وایە و، ئەنجامیش بە بەرکەس نابرێت.، لە راستی دا مل ملانێ ی ئێمە لەگەڵ کەس و تاقمێك نیە، بەڵکو مل ملانێی نیوان دوو بیرو باوەری جیاوازە ، بگرە لەوە دوورتریش برۆ، مل ملانێی دوو مێژووی جیاوازە ، ئەما هێندێ شوڤێنیست ئەیانەویست دەست بە سەر مێژووی هەموو میللەتانی دراوسێدا بگرن و، وا ئەزانن بۆیان ئەچێتەسەر..

– هەست ناکەیت ئەمەیان ئارەزوی تاکە کەسێك بێت؟

– نەخێر ، چونکە هەمیشە تاکە کەس رەنگدانەوەی بیروباوەرێکی کۆنەو، لەو تاکەکەسە دا سەر هەڵئەدا..

– مەبەستت وایە داگیرکردنەکانی عەرەب بۆ وڵاتانی دیکە بەناوی ئاییینی ئیسلامە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە؟!

– بەڵێ ، ئەوان ئەڵێن ئێمە ئیسلاممان بە زەبری شمشێر بڵاوکردەوە، کە لەگەڵ خۆیدا کەلتووری عەرەبی لە ناوچە داگیرکراوەکان بڵاوکردەوە، بگرە بووە هۆی ئەوەی هەندێ میللەت ئاسەواریان بسرێتەوەو ببن بە عەرەب!وەکو میسریەکان وئامازیغیەکان ومیللەتانی باکووری ئەفریقیاو فینیقیەکان ورۆمیەکان لە لوبنان وسوریا..

–واتە ئێستاشیان بەردوام دانە بەو بیروباوەرە!!

–بەڵێ..

-بۆیان ناچێته سەر.

-بەڵام مێژووی هەندێ لە میللەتان تا رادەیەك ئەشێوێنن وکەلتوری بیابان وحوشتر تاماوەیەك بەرقەرار دەبێ..

زۆرجار من وفەرهاد بۆ پشوودان لە گوندێك یان لەبارگایەك دادەنیشتین ودەکەوتینە دەمەتەقێ ی کتیب خویندنەوەو بابەتەکانیانمان باس دەکرد، فەرهاد کەسێکی روشنبیرو سەر بە تەووژمی بوونگەرایی بوو، هەرچی کتێبەکانی (سارتەر)و شیعرەکانی(بۆدلێر)و رۆمانەکانی (ئەلبێر کامۆ)هەبوو، خویندبوونیەوە، بۆیە زۆرجار دەگەیشتە تینی ودەیووت:

-پەروێز، تەقەلای ئێمە وەکو تەقەلای سیزیف وایە.

منیش چونکە هەرزەیەکی مارکسی بووم، بۆیە لێم دەپرسی:

-سیزیف کی یە؟

ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دەدایەوە:

-کابرایەکی شارەزووری بوو، لە دێر زەمان خوا سزای دابوو، بەوەی دەبێ تاشەبەردێك بە پاڵدان سەر بخاتە سەر پیرەمەگروون، بەڵام ئەویش هەرکە تا سەری دەخست بۆ لووتکە لەوێ غل دەبوەوە بۆ ناو دۆڵەکە و، ئیتر تا رۆژی قیامەت ئەمە ئیشی ئەم کابرایەیە..

منیش لێم پرسی:

-بۆ فەرهاد تۆ بروات بە قیامەت ومیامەت هەیە؟

-شتێکە هەندێ کەس بۆ دڵدانەوەی خۆیان خستوویانەتە دەمی خەڵکی، ئەگینا گیان لەبەر نیە لەم کەونەدا بمرێ وجارێکی دیکە زیندوو بێتەوە! خۆ دنیا فلیمی کارتۆن نیە..

ئاخر دۆستۆیفیسکی ئەڵێ ئەگەر خوا نەبێ هەموو شتێ حەڵاڵە!!

- ترسەکە لێرەدایە ، خەڵکی نەفام بڕوایان بە خواو قیامەتیش هەیە، کەچی خراپە وتاوانی وا ئەکەن زۆر قیزەوەنە، بەڵام خەڵکی رووناکبیر ئەگەریش بڕوای بەوەنەبی بەقەرەی خراپەدا ناچێت ، چونکە یاسایەك هەیە لەسەر زەوی لێی ئەپێچێتەوەو سزای دەدات.دواجار مەسەلەی ویژدانیش گرنگە، مروڤی ئاقڵ وروناکبیر ویژدانی خۆی بۆ هەموو شتێ دەکاتە حەکەم..

دیسان پەروێز بە وریابوونەوە پەلەی کرد و وتی:

-بابیرم نەچێتەوە، ئەو کابرای سیزیفە بۆ واز لەو سەریەشەیە ناهێنێ وبچێ لە ماڵەوە بۆ خۆی دانشێ؟!

ئەویش وەڵامی دایەوە:

–ئەی بۆ من وتۆیش واز لەم کاسبیە ناهێنین وبچینەوە ناو ماڵ وکەس وکاری خۆمان باشتر نیە؟!

بۆیە پەرویز لێی ووەڕز بوو ودەیووت:

– تۆ بە کەڵکی پێشمەرگایەتی نایێت ، هەر بۆ جاشی باشیت!

ئەویش دەیدایە قاقای پێکەنین ودواجار بێدەنگ دەبوو، نەیەزانی چی لەتەك چەپڕەوێکی هەرزەی وەکو ئەوا بڵێیت.

ئەوەتا لەو ئاوێنە چکۆڵەی بەردەمی تەماشایەکی سەر و رووخساری خۆی کرد ، هەروەها لۆچەکانی نێوچەوانی و ، ئەوانەی کە دەوری هەردوو چاوە هەڵزەپاوەکانیان داوە، تاك وتەراش مووی رەش لە قژو رِدێنەکەیدا ماوە، بینایی کزبووە، ماکی هێندە نەخۆشی دیارو شاراوە سەری لێ هەڵداوە، ئەژنۆکانی شل بوون، بەدبەختە تامی خۆشی ژیانی نەکرد، دەپرسێت دەبێ تامی چۆن بیت ؟ ماچی شاژنێك بێت، یان ژەمێك لەوەڕاندنێکی چەور بێت؟یان بەدەمەستی و درۆکردن بۆ کیژە حەیشەری و ژنە قەیرە وبێوەژنەکان بێ؟. تەنانەت لە لای (هەنار)یش راستگۆ بوو، بەر لەوەی (ئاسکۆڵ) بخوازێت لە کۆلیج پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵ (هەنار)دا هەبوو، ئەو درۆی بۆ دەکرد و (فەرهاد)یش پێی نەدەزانی. تازە زەحمەت بوو درۆ فێر بێ ، چەندین ساڵ کێوی بوو، هەنووکە راست و درۆ لە یەك جیا ناکاتەوە، (لە ئاوێنەکە هێندە لە خۆت وورد مەبەرەوە، نەبا ئاوێنەکەش رقی لێت هەڵسێت وخۆی ووردوخاش کات و چەند پریشکێکی بەرت کەوێت وخەڵتانی خوێن بیت).

(هەنار ) راستی دەکرد و دەیووت :(ئای کە سەرسەختی ، ژیانت سەختە و لە گەڕاندا دەمریت).ئای کە سەرسەخت وبێ دەربەست بوو، خۆیشی نازانێ بە چ کلۆجێ ئەم تەمەنەی بردوەتە سەر، هەر بۆ خۆخڵافاندن وفیز، مرخی لە چەند کیژێکی کۆلیژەکەیان خۆش کردبوو، یەك دوو کیژیش دیاربوو مرخیان لەو خۆش کردبوو. (هەنار)یش بەوەی دەزانی و خۆی لێ گێل کردبوو، وەك بڵێی دڵنیا بوو، کە هەر بۆ ئەو بەرگەشت دەبێتەوە، مەست ببوو، مەستی شتێك لەسەروەی خۆزگە وهۆشیەوە بوون، بەشەو وبەرۆژ جەستە و مێشکی گوشار دەدا ، وەك کرم برِە دەیکرماند، ئۆقرەی لێ برِیبوو ، هەستی بە هیچ ئازارێکی دیکە نەدەکرد، جگە ئازاری تلانەوە نەبێت. ئەشقێکی سەیر ودانسقە بوو، گرِی لە هەناوی بەر دابوو، نەشیدەپرسی ئەم ئەشقە لە پای چی وبەرەو کوێ دەبات؟! لەچ هەڵدێر و هەزار بە هەزارێکدا دەیکاتە خۆراکی قەل و داڵاشان.

تاجارێکیان (هەنار) پێی وت:(تۆ زۆر کەللەشەقی بیروباوەری خۆتی ، هێندە توندرِەویش مەبە!تۆزێك ئاورِ لە خۆت بدەرەوە، لاوێتی و جوانی خۆت بەهەدەرمەدە، دواجار پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت)..

لەبەر ئەو قسەیە زۆر تووڕە بوو ، دەمری بوو، هەستی دەکرد کوفرێکی گەورەی کردوە ، چاوێکی بە دەوری خۆیدا گێڕا . لەو ناو چیمەن وباغە تەریکەی پایتەخت ، هەستی دەکرد کەسیان لێوە دیار نیە ، هەتا خۆی بگرێت شەقازللەیەکی کێشا بە ڕوومەتە خرپنەکەی لای چەپیەوە، (هەنار) سووکە لەترێکی دا، پرچەکەی لەبەر ئەو تەکان و لەترە بەسەر دەم وچاویدا پەرێشان بوو، سۆزی ئەشقێکی شێتانە ڕاپێچی کرد، کە بە جووتێ چاوی ئەبڵەق و پەشۆکاوەوە ئاوڕی لێی دایەوە، گلەیێکی خەستی پڕ بەزەییانە وەکو عەقیق تیا دەدرەوشایەوە، هێندەی دیکە قەشەنگیەکی خوداوەندیان دەنواند، قەدەرێك تێڕاما ، هیچی نەووت . وەك بڵێی دڵی بەسەر لێشیواویەکەی دەسووتا، وەلێ هێندەی زانی (هەنار) لەپرمەی گریانی دا و، سەری خۆی هاویشتە سەرسنگی (فەرهاد)، بە کوڵ هەنیسکی دەداو هیچی نەدەووت. ئەویش بە سوزێکی سەرەرۆیانەوە بە تووندی سەری گوشی بە سنگی خۆیەوە. لەوێ بۆ جاری یەکەم تامی پەشیمانی چەشت، لەگەڵی دا دڵی بەخۆی سووتا ، بۆ وا دەکا؟ تۆڵەی ئەشقێکی دەروێشانە بوو، خۆزیای دەکرد ئەو دەستەی ببڕایەتەوە ،بەڵام جورئەتی نەبوو، تا دەمەوئێوارەیەکی درەنگ لەوێ مانەوەو متەقیان لێوە نەهات، نەیانزانی بیر لە چی دەکەنەوە، یان هەموو بیرکردنەوەیەکیان لەبیرچوو بووەوە، جگە ئەوە نەبێ گوێیان بۆ جووکە جووکی پاساری لە سەرما هەڵنشیتووی سەر درەختەکان هەڵخست ، سەمفۆنیایەکی دڵتەزینی ئەبەدی بوونیان جۆش دابوو، بۆیە لەناخیشەوە نەفرەتیان لە بوونی خۆیان دەکرد، نەیزانی ئەو ئێوارەیەش چۆن لەیەك دابڕان . ئیدی ئەوە دواجار بوو (هەنار)ی بینی. لەوانەیە هەنووکە بیبینێت نەیناسێتەوە. هەر ڕۆژێك دوای ئەوە ، گەرچی لەمێژبوو بریاری خۆی دابوو، وەکو شوێن پێی ڕێبوارێکی شەکەت ، کۆمەڵێك حەسرەتی بە دوای خۆیەوە بەجێهێشت و، بەرەو هەوارگەی مەبەست ڕێگای هات ونەهاتی گرتەبەر . تەنانەت ماڵئاوایی لە کەس وکاریشی نەکرد. جا ماڵئاوایی ئاوها سەرەڕۆییانە چ پێویست دەکات؟. هەموو کەس وکاریشی تەنیا پیرێژنەکەی دایکی و باوکە پیرەکەی بوو، دایکی ژنێکی کڵۆڵ بوو ، نەك لە مێردەکەی بگرە لەمیش زراوی دەڕژا، کراسێکی ترسی لەبەر کردبوو، بەساڵیش بۆشووشتن لەبەری خۆی داینەدەماڵی. باوکیشی بە سووکە تەقاویتیەکەی شارەوانی دەیانجار سوپاسی خوای دەکرد، ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق، بەگەرماوسەرما شەقام وگەڕەکە لەوتاوەکانی کەرکوکی بەدەم قەتار و ئەڵاوەیسیەوە ، بەدەنگێکی نزم دەماڵی. زۆرجار شەوان هەرکە لە ژماردنی ڕۆژانەی پارەکەی دەبووەوە، کە لە سەنووقێکی بچووکی ئاخنی بوو، دەستی دەنایە بنە گوێیەکانی و، وەکو(سەی عەلی ئەزغەر) تێی دەچریکاند. پولی لە سەر پوول دادەنا و ئەو دایکی دەچەوسانەوە :(نیمە ،لە کوێ بێنم ؟ڕێی ماڵی خوام لەبەرە...!!). وایدەزانی حەج کردن بۆ (مەکە) لە فەرزەکانی ئیسلامەو، لەوێ گوناحەکانیان دەدەنە دەم گەردەلوولی بیابانی دوورگەی عەرەبەوە،

نەیدەزانی کە سەدان ساڵ پێش هاتنی ئیسلام ، بتپەرستەکانی عەرەب دەچوون لەدەوری کەعبە دەسووڕانەوەو ، پێیان دەووت حەج. پێغەمبەری ئیسلامیش بۆ دڵ ڕاگرتنی بازرگانەکانی قورەیش وبتپەرستانی عەرەب ، ئەو حەج کردنەی ئاوەدیو کرد بۆ سەردەمی خۆی وئیسلام. زیارەتی دوو بتی سەردەمی جاهلیەتی، وەکو (ئاساف) و (نائیلە)ی گۆڕی بە ماراسۆنی سەفا و مەروا. باوکی پارووی لەدەمی ئەمان دەگرتەوەو دای بە کەشیدەیەکی ڕەنگ هێلکەورۆنی. وایدەزانی لەرۆژی قیامەت ئەو کەشیدەیە دەکاتە فەرشیباو بۆ بەهەشت پێی دەفڕێت!!.

خێزانەکەیان ئەو دەمەی لە گەڕەکی قەلاّ بوون، لەدوو ژوورو بەردالاّنیك دەژیا، پەنجەرەکانیان دەکەوتە سەرڕێگا تەریکەکەی قەراغ قەلاّکەوە، پەنجەرەکانیشی لەو جۆرە پەنجەرانە بوون، تەمەنیان دەگەڕایەوە بۆ دوو سەد ساڵ لەمەوبەرتر. لەوانەیە وەستایەکی جوولەکە یان وەستایەکی عوسمانی درووستی کردبن، هەر بەو دارو بارەی خۆیان مابوونەوە، زۆر شتی سەیر وسەمەرە بە سەر دیواری ژوورەکان وحەوشەکەدا هەبوون، یان نەخش کرابوون ، یان هەڵواسرابوون. دنیایەکی پڕ لە خورافاتیان دەخستە بەرچاو ، لەبەردەم هەر ژوورێك یان سەری بزنە کێویەکی شاخدار ، یان سەری کەمتیارێکی مێینە هەڵواسرابوو. سەری بزنە کێویەکە واتای وەحشەت وبەهێزی وزۆر نهێنیتری ژیانی ئەو خەڵکە سادەییەی دەبەخشی. سەری کەمتیارە مێیەکەش وەکو باوکی دەیووت کەمتیاری مێینە واتای ئەوەیە ، گوایە هەرکەسێ بهاتبایە ئەو حەوەشەوە هیچی لە دڵ نەدەما ، دڵی لێیان نەرم دەبوو:

- ئەی نەتبیستووە دەڵێن فڵانە کەس ئەوەندە زوو بەگیرت ئەمێنێت هەر ئەڵێی قوزە کەمتیاری پێیە!

یان هەندێ وێنەی دەستکرد بە دیوارە چڵکنەکانەوە مت ببون. وێنەی پیاوێکی زەبەلاح و قەوی وقوڵ وسەروبەست سەوز ، تا ئەژنۆی بە پیستەی پڵنگ پێچرابوو، بە دەستی ڕاستی شمشێرێکی هەڵگرتبوو، کەللەسەری زەلامێکی سەربڕاویش بەدەستی چەپیەوە بوو ، بە جوامێریی و لە خۆبایی ڕاوەستابوو، جەستەی کابرا سەر براوەکەش لەزەویەکەدا لە خوێنی خۆی گەوزابوو، هەندێ ژنی جادوبازیش دەوری تەرمەکەیان داوەو حەیشەریانە دتریقێنەوە..

ئەمە مێژووی دوورگەیەك دەگێریتەوە، بە ناوی ئیسلامەوە پیاویان دەکوشت وژنەکەیان مارە دەکرد، خالیدی کوڕی وەلید ، مالیك کوڕی نوەیرەی کوشت بۆ ئەوەی ژنەکەی داگیر بکات،چونکە ژنەکەی زۆر جوان بوو. خالید لە شەوو ڕۆژێکدا لە پیاوکوژێکی سەردەمی بتپەرستەکانی عەرەبەوە بوو بە

غەزاچیەکی سەردەمی ئیسلام، دوای ئیسلام بوونی خێڵێکی قەتل وعام کرد ، چونکە لەسەردەمی بت پەرستیدا مامێکی ئەویان کوشت بوو، کەسیش پێی نەووت برۆ بەسەر چاوتەوەیە!.

ئەو وێنەیە مێژوویەکی رەشی هەتا هەتایی دوورگەی عەرەبان دەگێریتەوە..

یان چەند وێنەیەکی پیاو وژنی باڵدار، لە قوڵی چەند پیاو وژنێکی رووت وقووتیان گرتووە، بۆ ناو ئاگرێکی سوور شۆڕیان کردبوونەوە. هەندێ کەسیش بەدەم ناڵەو گریانەوە لەناو ئاگرە سوورەکە هەڵمەقۆیان بوو، دەست بۆ پیاو وژنە باڵدارەکان درێژ دەکەن ، ئەمە وێنەی ئەو دۆزەخەیە کە خەڵکی نەفامی پێ ئەترەش دەبەن ، هەرەشەی هەموو ئاینێکە بۆ ئەوانەی لە بانگەشەو رێنماییەکانی یاخی دەبن ولە قسەکانی دەردەچن، هەموو ئایینێك سیاسەتە. یان لەبەردە سەخسی چەند چاوێکی زەق هەڵکەنرابوون و، لەسەر پەنجەرەکان داکوترابوون، بۆ ئەوەی چاوی پیس خۆی لە پەنجەرەکانەوە نەکاتە ژوورەوە..

لە ناوەراستی حەوشەکەدا دارتوویەکی چرپڕ وبەبژ وپوازێکی ئەستوورەوە بەئاسمانا هەڵچووبوو ، سێ چارەکی ئاسمانی حەوشەکەی تەنی بوو، هەرکە شەوانی هاوین دەهات چەندان رەوە پاساری لە نێو لق وپۆپە چرەکانیا خۆیان دەشاردەوە ، تا شەوێکی درەنگیش بە جووکە جووکێکی خەمناك حەوشەکەیان کاس دەکرد، بە زستانانیش دەبووە دالدەی شەوانەی رەوە ریشۆڵە، ئیتر ئەو شەوە زستانیانە دەبووە بەزم وهەرا. دانیشتوانی حەوشەکە دەکەوتنە راوکردنی ریشۆڵە، بەشی چەند رۆژێك گۆشتی ریشۆڵەیان مسوگەر دەکرد، یان بە هاوینانیش هەروایان دەکرد ،ئیدی بەو جۆرە بەراوی سەر دارتووەکە، تێر سکی خۆیان گۆشتیان دەخوارد. هەرگیانیان بەوەش بوو...

دایکی زۆر لێی پاڕابوەوە:((فەرهاد، عومری بزنە پیرێکم ماوەو دەستم دامێنت بە جێمان مەهێڵە)).

ئەو کەی بیری لەو جۆرە پابەندبوونە کردبوەوە، دایك وباوکی بەو سووکە مووچەیەی شارەوانی باوکی دوا ساڵەکانی تەمەنیان دەگوزەرێنن. ئەو مەست بوو ، مەست!!.ئاگای هیچی نەما بوو ، پاڕانەوەو نزای دایکە پیرەکانی دنیا پاشگەزیان نەدەکردەوە، هەموو ئامێزی ژنانی دنیا نەیاندەتوانی سەعاتێك کۆت وزنجیری بکەن ،کەچی ئیستا بەعەزرەتی بۆڵە بۆڵی قەیرە کچێکەوەیە،دایکیشی دوای یك دوو مانگ زانی خۆی گەیاندۆتە هاورێ دەروێشەکانی و گەردن لە چەقۆی چارەنووسێکی سەخت ودژوار دەسوون، دەروێش ئاسا چیا و دۆڵیان کرتووەتەر وخوێنی خۆیان لە مشت هەڵگرتووە، ئیدی ئەو پیرێژنە هەشبەسەرە بە قەلەندەریی بەسەر خەم وحەسرەتەکانی خۆیدا نووشتایەوەو،دوای چەند ساڵێك لە

چاوەڕوانی ئەودا سەری نایەوە،چەند زۆرن ئەو ژنانەی لە چاوەڕوانی ڕۆڵەکانیان یان مێردەکانیان سەریان نایەوە..

ئەوانەی (فەرهاد) بۆیان گەڕابووەوە زۆربەیان لەناوچووبوون، یان مردبوون.یان لە داخانە بەملا و بەولادا سەری خۆیان هەڵگرتبوو. هەرکە ئۆتۆمبیلەکە لەلای پردە کۆنەکە وەستا، تەماشایەکی ئاقاری قەڵاکەی کرد، تەلارەکەی سینەما (خەیام) ی بەرچاو نەکەوت، جگە لە شوێنەکەی هەندێ درەختی قەڵەم تۆزو سنەوبەر قووت ببوونەوە.ئاوڕێکی لە شوفێرەکە دایەوەو لێ ی پرسی :

ئەرێ سینەما خەیام کە بەرامبەر قەڵاکە بوو دیار نیە، چی لێهات ؟

شوفێرەکە بەخەمساردیەکەوە وەڵامی دایەوە:

- کە منیش هاتمەوە هەمان پرسیارم کرد. وتیان حکومەت رووخاندویەتی ، چونکە بەرامبەری یەکێك لە بارەگا حیزبیەکانیان بووە!.

ئیدی فەرهاد لە خۆی و شۆفێرەکەو دنیای دەرەوەش دابڕا، گەڕایەوە بۆ سەردەمی هەرزەکاریی و لاوێتی خۆی، کە هەموو ڕۆژێکی هەینی خۆی و (مەجید) ی برادەری یەکسەر ڕوویان دەکردە ئەم سینەما(خەیام)ە ، بە تایبەتیش کەوتبوە سەر ڕێگای قوتابخانەکەی . هەر تابلۆی فلیمێکی خۆشی فلیمێکی عەرەبی ، یان فارسی یان هەرقل و ماجستی دیبایە، ئاگاداری دەکردەوە و، تا ڕۆژی هەینی پارەیان کۆدەکردەوە تا بچن فلیمەکان ببینن. تا ئیستایش بۆ ماوەی سی ساڵ دەچێت بابەت و ناوی ئەو فلیمانەی لە بیر ماوە. جوانترین سۆزو یادگاریی پێ دەبەخشن، جاری یەکەم کە ئاشنای ئەم سینەمایە بوو، بە فلیمێکی عەرەبی بوو بە ناوی (ملوانکەی مرواری لە نواندنی (سەباح) و (فەهد بلان) بوو، دواجاریش کۆمەڵێ فلیمی دیکەی عەرەبی و فارسی بوو.یادەوەری ئەو فلیمانە سۆزیان جۆش دا، بە تایبەتی فلیمێکی فارسی( هاوارێك لە نیوە شەودا) ، لە نواندنی (ئارمان) بوو ، کە پێمان دەووت (مەحموود ملێجی ) ئێران، هەروەها ژنە شۆخی ئەکتەری ئێرانی ( پەروینی غەفاری) و (فەردین) بوو ، چوون بۆ تەماشای ئەو فلیمە، لە هۆڵی پیشاندنەکەی هاوینەی سینەماکە بوو، کە لەسەر ڕۆخی (خاسە) بوو، (پەروینی غەفاری) گۆرانیەکی بۆ (فەردین) ووت ، بۆ ئەوەی لە خشتەی بەرێ و سێکسی لەگەڵدا بکات، ئەو گۆرانیە بە دەنگی ئەو شۆخەژنە، لەو کپی شەوی سەر ڕۆخی چەمە زستانیەکەی (خاسە) دەبووە دەسماڵێکی نەبینراو و، سەرجەم ئەو ناوەی دادەپۆشی. هەستت دەکرد دارو بەردی چەمە ووشکەکەیش بە دڵ گوێ لەو دەنگە فریشتە ئاسایە دەگرن . ئیستایش بۆ سی ساڵ دەچێت ئەو دەنگەی ئەو ئەکتەرە شۆخە ژنە لە گوێیدا دەزرنگێتەوە، دەشێ ئیستا تۆزیشی نەمابێت!. (عەنتەری

حەمە لاو) یەکێك بوو لە ئاشقەکانی سینەما لە کەرکوك، هەموو ڕۆژێك مەنجەڵێك نۆکاوی دەفرۆشت و ئیدی سینەماکانی ئەوبەر خۆتان بگرن عەنتەر هات. هەرکە دەهاتیشەوە بۆ گەڕەك بۆ کوڕانی گەڕەك ، چیرۆکی فلیمەکەی بەدەم نواندنەوە بۆیان دەگێڕایەوە. زۆرجار هەڵەی هونەری لە دەرهێنانی فلیمەکان دەگرت. ژنێکی زۆر جوانی هەبوو ، کەچی دەچوو بۆ سینەما دەسپەڕی بە (برژێت باردۆ و ئاڤا گارنەر)ەوە دەکرد ، تەنانەت بە تامی دەسپەڕەکەیشی بۆیان دەگێڕایەوە..

دوای ئەمەیش فلیمی (سوارەی کوردستان) کە خۆی ناوی (تەڵەسمی شکستە) بوو. خاوەن سینەماکە هەرچەندێ تورکمان بوو ، برایەکیشی لە هەراکەی ساڵی ***1959*** بە دەستی کوردە شیوعیەکان کوژرایوو بەڵام بۆ ڕاکێشانی بینەرانی کورد ، ناوەکەی کردبوو بە کوردی. پاڵەوانەکانی(فەردین) و (ویدا قارەمانی) بوون، چیرۆکێکی کوردیان بەرجەستە دەکردو، جل و بەرگی کوردیان لەبەر بوو. یان فلیمی (جەهەنەمی ژێر پای من)، کە دیسان فلیمێکی دیکەی هیندی دیبوو، بە ناوی (کەنگا و جەمنا) ، چیرۆکی هەردوو فلیمەکە یەکبوون. یان فلیمی (شەیتان دەر میزەنەد)، یان (یەك قەدەم تا مەرگ)، یان فلیمی (حەسەن کورد). یان فلیمی (ئەبو جاسملەر) کە بە عەرەبی و بە لەهجەی بەغدادی دوبلاژ کرابوو. ئەو فلیمە فارسیانە تەنها لەو سینەمایەدا نمایش دەکران، چونکە ئەو گەڕەکانەی دەکەوتنە سەر ئەم سینەمایە سەرجەم کورد بوون، بەدەگمەن عەرەب یان تورکمانیان تیا بوو.خۆشترین فلیمی فارسی کە هەستی جولاندبێ فلیمی(گورگی بیابان) بوو، بەدیتنی خەیاڵ بردیەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، کە بەسەردان هەمووو ساڵێك دەچووەوە بۆی. بە تایبەتی بۆ ئەو دۆڵە قوولەی هەتا چاو بڕکات هەر ڕەز و باغ و باغات بوو، دۆڵێکی تەنگەبەر ، ناویشی ( ناوتەنگ) بوو، پانیەکەی پانزە مەترێك دەبوو ، قووڵایەکەیشی سەد و پەنجا یاردە دەبوو، ڕووبارێکی بچووك بە درێژایی کیلۆمەترێك لە سەرچاوەی تەنگەکەوە هەڵدەقووڵا، بە نێو تەنگەکەدا ڕێدەکات، ئەمە جگە لەو تاڤگە بچووکانەی کە لە هەموو لایەکی لێڕوارەکانی هەورازەکەوە دەرژانە ئەو ڕووبارەوە، تا دەگەیشتە ئاواییەکەیان ئاش گەڕێك ئاوی هەبوو، کەچی ڕووبارەکە دوو ئاشی یەك لە دوای یەکی لەسەر بوو، خەڵکی ئاواییەکەیان و، ئاواییەکانی دەوروبەر لە ڕۆژانی سەخت دا گیانیان بەو دوو ئاشە بوو. ئەم دۆڵە هەتا چاو هەتەر بکات، بە چەپ و ڕاست دا هەر ڕەزو باغ بوو، هەزاران درەختی جیا جیای تیابوو، بەردار وبێ بەر ..قۆخ..هەنار..هەرمێ..گێوژ..بەی.. بەڵاڵوك..چوواڵە..هەنجیر..بەڕوو..گوێز..دار گەز . دار تایلە..بەوز ..چنارو شیلان ..بی. زۆربەی ئەو ڕووەك و درەختانە بەدیواری هەردوو لای تەنگەکەوە شۆڕ ببوونەوە، بەزەحمەت ئادەمیزاد هیچی لێیان هەڵدەکران، بە چۆڕاگەو پلووسکی ئاوەکان خۆ بە خۆیان پاراو دەبوون. جارێکیان بە ڕێکەوت لە گەڵ

کچە شارییەك کە ڕۆژی هەینی بۆ سەیران هاتبوو بۆ ئەوێ پەیوەندیان درووست کردو، ناوی (سەعادەت) بوو. جارێکیان هاتوو شەوێك لە ماڵی ناسیاوێکیان مایەوە، کە دراوسێ ی ماڵی خاڵی(فەرهاد) بوو ، ئەویش ئەوەی بە هەل زانی و نەگەڕاپەوە بۆ کەرکوك و شەو لە ماڵی خاڵی مایەوە، هەرچەنێ خاڵی خۆی نەبوو، بەڵام خاڵی دایکی بوو. شەو کاتێ چوو بۆ نوستن لە سەربان کە بەدەم سەربانەکەی خانە خوێکەیەوە بوو. کاتێ چووە سەر دۆشەکەڵەکەو راکشا، جار ناجارێك تەماشای سەعاتەکەی دەستی دەکرد، ئەستێرەکانی ئەو شەوە دەبوونە چەند ووردە خاڵێکی تیشك و ، بە شووشەی سەعاتەکەیەوە دەچریسکانەوە، سەعاتەکەش بە گاڵتە پێکردنەوە دەکەوتە پێشبڕکێ لە گەڵ ئەودا، میلە درێژەکە وەکو نیشانەیەکی وەڕزیی بە بێزاریەوە بێ ووچان ئێزگەی ژمارەکانی دەشێلا.ئەم وەڕز بوو ، لە سەر چۆك دانیشت و، هەردوو ئەژنۆی لە دۆشەکەڵەکە

توونـد کرد، تەزوویەکی خەست زەڕەبینی گڵێنە خەواڵوووە بێ ئارامەکانی لێستەوە. جگەرەیەکی دەرهێنا، وەکو ملی چۆلەکەیەکی مردو هەڵکێشیێ، فلتەرەکەی بچڕاند، تاوەکو دووکەڵەکەی خەستتر هەڵمژێت، تەڵە شقاتەیەك، گڕێك، بە دووکەڵی باروتە سووتاوەکە گەرووی کەرخ بوو، یەك دوو نەرمە کۆکەی بۆ کرد .شیعرەکەی (شێخ رەزای تاڵەبانی) بیرهاتەوە و بزەیەك گرتی، شیعرەکە دەڵێ :

پیر ئەگەر کۆکی و نەترِی دوورە لەمردن

وورده ئاهەنگی دوای کۆکین نیشانەی مردنە..

لەگەڵ یەکەم مژی جگەرەکە زمانی چووزایەوە،چەند جارێك بەڵێنی دابوو، خۆی لە جگەرەکێشان ببڕێتەوە، بەڵام ئەیهوو بە دووکەڵ چاوی کردۆتەوە ، رۆژانە لەگەڵ خوێنی دەتەرەکێن و، زاوزێ دەکەن.. ئەرخەوانی گۆڕستانی گوندەکە لە دوورەوە دەبووە دێوێك وپێدەکەنی، لق و پۆپەکانی ببوونە دوو بەشەوە وتیلەی سەرنجەکانیان دەقۆستەوە. موچرکێك جەستەی لول دەدا، ناچار بە تەنافی خەیاڵ چەندین ژنی رووت وقووتی لە مێشکی خۆیدا هەڵدەواسی، بە هەوەسێکی بێ شەرمانە کاوێژی دەکرد. ئارەزوی خامۆشی لە سەرەتای شەوێکی ئاوسی ژانگرتوودا کرێتۆشی دەبردو، بە تریفەئێیك سەرزەنشتی شتە ووردەکانی دەکرد. دەیروانیە سەربانە بێ شوورەکانی ئاوایی، تەنها گەڵای شۆڕەوەبووی درەختە چڕۆ رووت و زەردهەڵگەراوەکان، کە دەڵێ ی کۆمەڵە مرۆڤێکی لە برسا هەڵترووشکاو بوون و، ببوونە تەمێکی خۆڵەمێشی ریزە کێوەکەی بەرامبەر ئاوایی. چاوی بڕیبووە پەیژەی خانووەکەی بەرامبەریان لەو بەرەوە. بزووتن و خشەی جاجم و لێفەکان بە دەزووی جاڵجاڵۆکەی حەپەساویەکەی بەرەو ناخی هەڵدەکشا، دڵی دەبووە ماسیەکی سڕو بە شەپۆلی خورپەکان تلی دەدا. بە سەرینەکەی ئامێزی گەرم

دەکردەوە ، لە دڵی خۆیدا دەیووت:( تەمەنی مرۆڤ سەراپا برگەیەکی چاوەڕوانیە ). رادێو کۆنەکەی خانەخوێکەی خستە سەر سنگی و، میلی رادێوکەی بەراست وچەپدا سوڕانەوە ..مۆسیقا . زەڵە زەڵ ..خشەخش..نەڕەی گۆرانیەکی ڕۆژئاوایی دایچەڵەکاند، خێرا پەنجەی توووند کردە سەر میلی دەنگەکەو، بە ڕقێکی شپرزەوە دەمی گۆرانیبێژەکەی داخست. ترسا خەڵکە خەوتووەکەی دەوروبەری خەبەر کاتەوە، سەری بردە دواوە، چاوی بڕیە ئاسمانە کۆنەکەی ملیۆنەها ساڵ، پنتکێ تیشکی چەمووش خۆی دەگەوزاندو ڕەوتی ئەستێرە سستەکانی راودەناو، لە سنووری تێ روانینە ستوونیەکەی گوزەری دەکرد.. ئەودەمەی منداڵ بوو جارێك نەنکی تێ ی گەیاند بوو ، کە ئەو پنتکە تیشکە _ قەمەر سەناعیە _ و وێنەی ئێمە دەگرێت بۆ ئەوەی وەکو خۆیان کافرمان کەن.! (ئیستا چەند گاڵتەی بە ئەقڵی ئەو خەڵکە کێویە دێت، کە چۆن ئایین سەرکوێری کردبوون!).

دیسانەوە سەری لە دووتۆی سەرینەکە نووقم کردەوە، تەنگە نەفەس بوو ، وای هەست کرد خرچە خرچی قوومی تێ و رووژاوی پێڵوەکانی دێتە گوێ ی . لە گوێسەوانە و خشتی دیوارەکان خێسەی دەکرد، لەناکاو بەنجی لەش ولارێکی نەرم وگەرم مێخی لە دڵ و دەرونی داکوتی . لە بڕبڕەی پشتیەوە دیوەدەر بوو و، بە زەویەکەدا ڕۆچوو. لەوەتەی خۆی ناسیوەتەوە ڕێکەوت و ناکاویی دوو مەدالیایی گەردنی ئاواتە نەزۆکەکانی بووە، بەرگە سپیە ژنانەکەی لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا کردبوویە فریشتەو ، مەتەڵەکانی نەنکی هاتەوە یاد. موچڕکێکی ترس دایگرت، خێرا لێفەکەی راکێشایە سەرخۆی، قسەی بۆ نەکرا، لە ژێرەوە دەستێکی بۆ درێژ کرد، (سەعادەت) خۆی بوو، چمکی لێفەکەی هەڵبری و ئەویشی کێشایە ژێر لێفەکەوە . هەناسە گڕاویە بەتامەکەی دەچووە گژیەوە:

- هیچ ڕێگەی پێ نەگرتیت ؟
- تەنیا ترسی مەرگی ئەم خۆشەویستیە نەبێت!

بە چرپەوە:

- دەنگ هەڵمەبڕە ..چرپەکەت خۆشە ، بە چرپەوە قسە بکە ..

لە هەمان کاتدا دەستی برد بۆ لەش ولارە خرپنەکەی ، بە تایبەتی پاشەڵە خڕەکەی، تێر لێوەکانی مژی، زۆری لێ دەکرد بیکات بەژن ، بەڵام ترسا، بگرە ئەم داوای لێ ی کرد پێکەوە هەڵبێن بۆ گوندێکی ئێران ، کەچی ئەو ڕەتی کردەوە ، دەیویست سەری بکا بەقوڕا و ناچاربێ بیکات بە ژنی خۆی. بیریکەوتەوە دەبێ ئیستا مابێ یان شووی کردبێت و ، خاوەن ڕەوەڵەیەك منداڵە؟.وەکو دوو ماری ئاشقە وماشقە لە یەك ئاڵان.. تەمەن ، بیرکردنەوە ، دادپەروەریی ، ئاسوودەیی ژیان، هەموو کوێرە دوومەڵی چڵك و کێمن و لە

شانەی سیەکانی گیر بوون و هەڵدەزەپێن و شین ومۆر دەبنەوە.. لادێیەك دەبێتە شەوە ژووانی خۆشەویستیەکی کڵۆڵ:

– دڵداریش هەر لەلادێ خۆشە..

لێفەکەیان کێشایە سەر خۆیان ، تەنها بە هەست سەروچاوی یەکتریان دەبینی و بوونە ئاشقە و ماشقەکە، بە تووندی بە یەکەوە ئالأن. پێ ی ووت :

– هەرکە موچڕکی ژانەکەم دامدەگرێت ، نازانی چ قەلەڕەشێکی لاسار بەسەر لاشەی ویژدانمەوە باڵەفڕە دەکات ودەقیڕێنێ..

دەستێکی بە قژە کاڵەکەیەوە هێنا و سەرتاپای جەستەی بووە سۆز..

–بۆ دەیەمین جار تۆ فەرامۆش دەکەم..

–با سەری خۆمان هەڵگرین و کونە ئەشکەوتێك بکەینە هێلانەو هەوار..

– ئای خوایە گیان ، چەن خۆشە، تەنها دڵداریی مرۆڤـ سڕ دەکات و ئاگای لە دەردی سەری نامێنێ..

– دەی با دوور بڕۆین ، دوور.

– ئەی ناترسی لەوێش لە یەکتر بێزار بین و بیر لە ناو خەڵکی بکەینەوە؟

– نازانم ، بەڵام ئەم خەڵکە هێشتا بەر ماوەی چاخە بەردینەکانن..

– خۆشەویستی من و تۆیش لەناو ئەم خەڵکەدا تام و واتای هەیە..

هەرك لێفەکەی هەڵدایەوە بایە تیژەکە چاوەکانی سوورهەڵگەڕاند، هەندێ پەردە و کوللەی هەمە شێوە لە سەربانەکان دەلەرینەوە، زۆربەی سەربانەکانی دیکە بێ پەردە و و کوللە لێ ی خەوتبون . ئەمیش بەر لەوەی ئەم بێت ، چاوی پێیاندا دەگێڕا و، بە چاوی پڕ ئارەزووەوە چاوی دەگێڕا، بەڵکە ئەمە ژنێك خۆی هەڵدابێتەوە..

–منت خۆش دەوێت..؟

– ئەستێرەش بۆ خۆشەویستی دەسووتێ.. دڵداریش دەکەن بێ ئەوەی بزانن زەماوەند دوا قۆناغی ئەو دڵداریەیە..

هەر لەژێر لێفەکەیەوە هەموو جلەکانی لەبەر داکەنی . ماوەیەك دەستی بە جەستە خرپنەکەیەوە دەهێنا، ئەویش هەناسە تامەزرۆیی هەڵدەکێشا، دەم و چاوی خستە ناو مەمکە خڕو تونەکانیەوە ، ئینجا بەرەو خوارتر بووەوە ، تا گەیشتە درزە خۆشەکە ئەو سووکە حیلکەیەکی لەزەتاوی بۆکرد.دواییش بۆنی قژە چڕەکەی دەکرد، ئەو شەوە نەیوێرا ، یان دڵی نەهات بیکات بە ژنێکی

ناشەرعی، گەرچی (سەعادەت) لە کڵپەی خۆشیدا داوای لێ دەکرد ئەوە بکات. ئەوە دوا دیتنی (سەعادەت) بوو، چونکە ئیدی لە کۆلیج وەرگیرا و کەوتە شاخ و دواجاریش هەندەران..

ئا لەو دەمە لە پرێکا کەسێك لەبەردەم ئۆتۆمبیلەکە پەڕیەوە، زۆری لێ وورد بووەوە، زۆر بە شێوە لە ((قادر رۆستەم) دەچوو، لەخۆی پرسی : تۆ بڵێی برای ئەو بێ؟!گەرچی لە قادر رۆستەمی بیست بوو کە برایەکی لە خۆی بچووکتری هێشتا لە شارەکەیان ماوە و، کۆمەڵێ خێزانی بە سەرەوەیە.(قادر رۆستەم) زۆر نەبوو هاتبووە (سوێد)، بەڵام لەوەوەبەر لە ئەڵمانیا قەیرەژنێکی ئەڵمانی مارە کردبوو، لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆ سوێد. کارەساتی ژیانی( قادر رۆستەم)یش بۆ خۆی کارەساتێکی دیکەبوو، وەکو خۆی دەیگێڕایەوە، نەیدەزانی کەس وکاری ژنە پێشووەکەی ، چ بیانوویەکیان هەبوو تا ژنەکەیان لێ سەندەوەو ، بیدەن بە کەڵێکی لەو بە گوورتر،ئیدی دەکەوێتە سەر ساجی عەلی و،سەری خۆی هەڵدەگرێت بۆ باشووری عێراق، تا لەوێ سەری گوریسێك بگرێت و بوونە بەناچاریەکەی خۆی بپارێزێت، گەرچی سەرهەڵگرتنێکی زۆرەملێش بوو، فرمانی دوور خستنەوەیشی لە تەك بوو.لەوانەیە شتێك هەبێ مرۆڤ هانبدات وئەو ژیانەی کە خەونی پێوە دەبینێ، بە چاو تروکانێك وەکو هێلکەی پاککراو لە بەردەمی داینێن. زۆر جاربیری لە خۆکوشتن کردبوەوە، هەمیشە بەخیلیشی بەو کەسانە دەبرد خۆیان دەکوژن، هەستیشی دەکرد ئەوان لە سیلەی مرۆڤ نین وقارەمانن، بەڵێ قارەمانن..بریارێکی سەیرە ،لە مردن دەترسێت ، کەچی بەسەری خۆیدا دەسەپێنێ! ! .دەبێ چ نهێنیەك لەو دیوی ئەم بریارەوە هەبێت؟! یاخود چ قارەمانیەتێك لەو دیوی ئەم بریارەوە هەبێت؟.ئەوەی هەستی پێ دەکات وەڕزیی نیە، بگرە شتێکی دیکەیە وناوی بۆ نەدۆزراوەتەوە، باوکیشی لە سەرەتای شۆرشی ئەیلول تیا چووبوو. هێندەی پیلان وتەڵەکە بۆ مرۆڤی بەشخوراو دەنرێتەوە، هێندە بۆ مرۆڤی بە دەسەلأت نانرێتەوە..ئیدی بە بژی ومەمر لە زانکۆ وەرگیرا ولە مێژوو بەکالۆریۆسی وەرگرتبوو،دوای ئەوە وەکو نیمچە دوور خراوەیەك باروبنەی دەربەدەریی راگوێزرا، زەحمەتیشە مرۆڤ لە دەربەدەری و وڵاتی نامۆدا خودی خۆی بسەلمێنێ ، بەلأم چار چیە؟! بەلاشیەوەجۆرە تاقی کردنەوەیەك بوو،ئەو تاقی کردنەوەیەی کە لە شوێن و رێی خۆیدا هەل ودەرفەتی رەخساندنی نەمابوو، بگرە دواشخرا، ئەوەبوو بە مامۆستای مێژوو دامەزرا لەو باشووری عێراقە.وەکو خۆی دەیوت :مێژوویەکی دەووتەوە مێژووی خۆی نەبوو، مێژوویەك بوو بەدرۆ راست شمشێر جۆگەلەو رووباری خوێنی هەڵبەستبوو، بە فێڵ وتەڵەکەبازی وکەللەسەری مرۆڤ شارستانیەتێکی گەندەڵیان هەڵچنیبوو، ئەو شارستانیەتەش بەرداشێك بوو شەوو رۆژ ئێسك و پرووسکی دەهاڕی، گەلێ جاریش هەر لە خۆیەوە سەربردەی مێژوویەکی دادەمەزراند، یان مێژووی خۆی دەگێرایەوە، تەنها بۆ ئەوەی خۆی

بخەڵەتێنێ ، یان مێشکی قوتابیەکان بەوەی خۆی دەیەوێ تان وپۆ بدات، کەچی قوتابیەکانیش پێکەنینیان پێی دەهات ولەرووی دەوەستان ، چونکە ئەوەی دەیووت لە کتێبی مێژوودا نەبوو، راستیشیان دەکرد، چونکە مێژوو بریتیە لە کاغەزو مەرەکەب، هەر بۆیە هۆلاکۆ کاتێ بەغدای داگیرکرد هەزاران کتێبی تووڕدایە رووباری دیجلەوە ..

باپیرەیشی چەکدارێکی شێخ مەحموود بووە. دەشیووت دوای جوانەمەرگکردنی (سمکۆی شکاك) هەڵاتووەو ئاوەدیوی ئەم دیو بووە، هەر لەو خوارە بەسیخە ئاسایەك بێوەژنێکی خواستبوو، بەتەمەن زۆر لە خۆی گەورەتر بوو ، مەسەلەکە جۆرە تەمەڵیەکی تیا بوو، کە چیدی ووزەی ئەوەی نەمابوو خێزان پێکەوە بنێت، وەکو دەشیانووت کۆشکی پاشە رۆژ لە سەر قولەی قاف هەڵچنێ، ئیدی لەدوای دەیان سەرەڕۆیی و ئاواتی بەرز ببێت بە رێنومای، زەحمەتە پلانێکی لەو جۆرە ئەنجام بدات ، زۆرجار تەنها بۆئەوەی هەستی بروشێنن پێیان دووت بە دایکت دەشێ..ها..ها..ها...ها. کەچی دایکی ژنێکی کوڵەپنەی دەم وچاو ئاولاوی هێندێ رەشتاڵە بوو، سێ وچوار ساڵ دووای مەرگی باوکی تەمەنێکی درێژی بۆ بەجێهێشت، بەڵام ئەو بێوەژنە لەو وێنە هەڵواسراوەی سەر دیواری ژوورەکەیان لە پۆزلێدانیشدا لاسایی–سۆفیا لۆرین– ی دەکردەوە، قژێکی کاڵ، جووتێ چاوی رەنگ خورمایی، دەم ولێوێکی گۆشتن، دەتووت دڵێکە و لە ناوەراستەوە بە چەقۆ شەقکرابوو. ئارەزوێکی شێتانە دەخستە دڵەوە، دیاریش بوو هەر ئەو ئارەزووە بوو هانیدابوو ئەو سەرچڵیە بەلەزەتە راپەرێنێت، لەلای ئەو دوو شێوە بیرکردنەوەی دەگەیاند، بێنازبوونی هەموو یاسایەکی هەڵدەوەشاندەوە، دووەمیش، جۆرە توڵەسەندنەوەیەك بوو، لەو ناسکۆڵانەی کە شەوەها ئەشکی گەرمیان پێی رشتبوو، هەرکە پێیشی دادەگرت ئەو دوانەش نەبوو، دەبێ شتێکی دیکە بووبێت، رەنگە شتەکە شاراوە نەبووبێت، خۆ ئەو شتەیشی بدرکانایە کەس بڕوای پێ نەدەکرد..دەشیانووت بۆ چاوی رەشی سامانەکەی بوو، ساڵێکی رەبەق دەستی لە یەخەی ووتنەوەی ئەو مێژووەش بوەوە کە مێژووی خۆی نەبوو، شەو و رۆژ بوونە پریاسکەی خواردنەوەو قسەی زل بۆ ئەوانی لە گەڵیان دادەنیشت، یان لە رێگەوبان بە زۆرەملێ دەیکردنە برادەر، مێژووی خۆی بۆ دەگێرانەوە، هەبوو بو دڵ نەشکاندنی گوێ رایەڵ دەبوو. هەشبوون بە بزەیەکی گاڵتە پێکردنەوە بە جێیاندەهێشت ودەیانخستە بەر زریانی وەڕزیی وسەرخۆشی.تا جارێکیان پیاوێکی ئاقڵیان پێ ی ووت:

–کاکە تۆ سەری خۆت دەیەشێنی.. ئەمەی تۆ دەیڵێی لەم ووڵاتە لە قووتوی هیچ عەتارێك نایدۆزیتەوە..حەز دەکەم واقیعی بی، واقیعی ئیستای ئێمەش ئەمەیە..

(سۆفیا لۆرین) بە رۆژ دەبووە دەعجانی و بەشەویش بەرگی بووکێنی فریشتەی دەپۆشی.. پیکەرۆکێکی بچووکی کەڵەباب ومریشکێکیش لەسەر مێزێکی گچکە لە تەنیشت چەرپایەکەوە دانابوو، هەموو شەوێکیش هەڵیدەگرت و بۆنی دەکرد و، بەچاوێکی بە ئاشقالەوە خێسەیکی لێ دەکرد تا کوڵی پێیدا. بەتەنها وێنەی کورە جوانەمەرگەکەی لەماڵەکەدا وێنەی نێرینە بوو، ئەویش لە جەنگی عێراق ئێران کوژرابوو. چەند جارێکیش داوای لێ کردبوو وێنەیەکی ئەویش هەڵواسیت، تا هەست بە خاوەن ماڵیەتی خۆی بکات ، بەڵام وەك بڵێی دڵنیابوو لەوەی کە لەلای میوانەو لەسەرەڕۆیی ئەو شارەزا بوو ، بۆیە بە مۆڕەیەکی پڕ هەوەسی بەتەمەن وەڵامی دایەوە، هەرکە شەویش سواری بووایە رووی وێنەی کورە کوژراوەکەی وەردەگێرا ، نەبا رۆحی کورە کۆچکردوەکەی چاوی بەو دیمەنە بێ شەرمە ڕووتانەی دایکی بکەوێت. تابلۆیەکیش لە ماڵەکەدا بەسەر یەکێك لە دیوارەکانەوە مت بوو بوو، وەك بڵێ ی هەموو جارێك بیەوێت دڵی بداتەوە ، یان پاکانە بۆ جووت بوونیان بکات، دەیووت:(سەیرێکی ئەو تابلۆیە بکە)، گەرچی هیچ پێویستی بەو پاکان شاراوەیە نەبوو. تابلۆکە وێنەی دوو درەخت بوو، یەکێکیان دیار بوو نەمامێکی چوار پێنج ساڵە بوو، ئەویدیش درەختێکی بەتەمەن و پوازەکەی گرنج گرنج بوو، گەرچیش بە باڵاو گەلا لە هاوشانی یەکدی سەوز دەچوونەوە ، لە ژوورسەری نوێنەکەدا هەڵیواسی بوو. بەلأم ئەو هیچی لەو ژنە نەدەویست ، ئەوەی تەنها لێی دەویست لە گەڵ خۆیدا بردیە گڵەوە، چیدی پێویستی بە هیچ نەمابوو ، دوای ئەوەی ماوەی ساڵێك دوا چۆڕی ئارەزووی خۆی تێدا ترنجاند، بە نەخۆشیەکی کوت وپڕ سەری نایەوەو لەسەر شێتی ئەم و هەوەسە گڕگرتووەکانی خۆی قوتار بوو. سامانەکەیشی بە سەرکەس و کارە چاوچنۆکەکەیدا بەش بەش بووەوە.

(قادر روستەم)یش خۆی لەخۆیدا حکایەتێکی بەر ئاگردانی هەمیشە شەوە ساردەکانی( سوید) بوو، ئیدی شەوانە دەهاتە لام وبەدەم خواردنەوەوە، هەرلە شێوەی زنجیرەی تەلەفزیونی سەربووردی ژیانی خۆی لە نووکەوە بۆ دەگێرامەوە ، بەدەم پێك هەڵدانەوە وەك بڵێی بیرەوەریەکانی خۆی بۆ دەگێرامەوە و منیش زۆرجار خۆمم بیردەکەوتەوە ، (قادر رۆستەم ) دەیووت:(من نازانم کەی و لە چ ساڵێك لە دایك بووم . تەنانەت دایك وباوکیشم بە تەواوی شەو ورۆژی لە دایك بوونمیان لەلا روون نەبوو، لەبەر ئەوەی لەلادێ رۆژمێر نەبوو تا رۆژی ومانگ وساڵ بژمێرن، بۆیە ئیستاش هەر جارەی ساڵێك دادەنێم بۆ ساڵی لە دایك بوونم. من هێندە چاوم کردەوە لە شاروچکەیەکی نێوان کەرکوك وسلێمانی ، لە ماڵی حاجی نوری کافرۆشی، ژوورێکمان بەکرێ گرتبوو، دواجار بۆم روون بوەوە کە باوکم لە دەستی باپیرەم هەڵاتووە و، لە گەڵ دایکمدا لەو شاروچکەیە گیرسابوونەوە. لە فەرمانگەیێك وەکو گزگەدەر دامەزرابوو، باوکم لەلادێ کورە کویخا بوو، لەنازو نیعمەتدا بوو، بەڵام گیانی سەرەڕۆیی وژیانی خۆشتر کەوڵی ختووکە دابوو . هەرچەنێ

داوای لە باپیرەم کردبوو ، دەیەوێت بچێت بۆ شاری کەرکوك ئیش بکات ، بەڵام باپیرەم لێی تووڕە دەبوو وپێی دەووت (تۆ لە چیت کەمە وکوڕی کێت پێ دەڵێن ). ئیدی لە شەوێکدا درەنگ وەکو دایکم دەیووت ، من تەمەنم چوار ساڵ بوو بەدزیەوە بۆی دەردەچن، بەپێ خۆیان دەگەیێەننە ئەو شاروچکەیە. بەراستی ئیدی نازانم ژیانم چۆن دەست پی کردوە، یان ژیان چۆن دەستی بە من کردوە. هەرکە تەمەنیشم بووە شەش ساڵ منیان خستە بەر خویندن ، لە قوتابخانەش زۆر شەرمن بووم ،تەنانەت رۆژێکیان زۆر میزم هات ولە رووم نەهات بچمە ئاودەست، یان دەترسام شتێکم لی بکەن (هەندێ پێکەنی) بۆیە میزم کردە ناو پانتۆڵەکەم، لەوە ناخۆشتر جارێکیان سکمەچوو ئەویشم کردە ناو پانتۆڵەکەم، (من دەستم کرد بە پێکەنین ، بەڵام ئەو هیچ هەستی بە تەریقبوونەوە نەکرد و لەسەری بەردەوام بوو). بۆ ئەوەی کەس پیێ نەزانێ سەرکەوتمە سەر دیواری قوتابخانە و هەڵاتم، لە چوڵەوانیەك خۆم پاك کردەوە و، چوومەوە بۆ ماڵ ، تەنانەت نەمهێشت دایکیشم پێی بزانێ ، چونکە دەمزانی لەبەر ئەوەو لەبەر زوو هاتنەوەم بۆماڵ تانێك بیرازم دەکات .(هەناسەیەکی هەڵکێشا) فەرهاد ، پەت پەتی زۆرم بەسەر هاتووە ، هەتا ئاوها لە غوربەت پێکەوەبین هەموو شتێکت بو باس دەکەم ، دوای مردنی عارەبە ژنەکەش ئیتر گیانێکم بە دەسپەڕ بوو .

تۆزێك وەستا و جورئەتی دایە خۆی و وتی:کورە بە خوا ئیستاش هەروەهام..

منیش نازانم چۆن بوو لێم پرسی:

- ئەرێ قادر ، قەت بیرت بەلای هاوڕەگەزی خۆتا نەچووە کە لێرە پێ ی دەڵێن (هۆمۆسێکس) ؟

هەندێ سەری سوڕماو وەکو خۆی لە پرسیارەکەم بدزێتەوە، بە پرسیارێك وەڵامی دامەوە.

- فەرهاد ،مەبەستت چیە؟
- واتا بیرت لە نێربازی نەکردۆتەوە وحەزت بۆی نە جوولاوە؟

هەندێ بە تووڕەیی و سووربوونەوە وتی:

- راستیت دەوێ فەرهاد تووشی زۆر کەسی قوندەر و حیز بووم، جاری واش هەبووە تەکلیفیان لێ کردووم کە بیکەم، بەڵام هەمیشە رقم لێی بووەتەوە ، یان حەزم پێی نەکردوە ..لە گەڕەکەکەمان یان دراوسێی کوڕمان هەبوو فێری دان بوون، دەیانووت فلان حیزە، بۆ نموونە (کەریم) ناوێك هەبوو ئیدی بەم رۆژگارە مندالبازەکان دەیانبرد بەم لاو بەو لادا وسواری دەبوون ، بەڵام لەم دواییە ژنی هێنابوو و ریشێکی بەردابوەو ببوو بە ئیسلامی.. یان (نەزمی ) و یان کورێك هەبوو ناوی (یالچین) بوو دەیانووت فیعلی وایە ، خۆم بروام ناکرد ، بەڵام رۆژێکیان من و برادەرێکم لەبەردەم سینەما (ئەتلەس) وەستابووین ، کەچی ئەو (یالچین)ە هاتەلای برادەرەکەم و هەواڵی کەسێکی لێی پرسی

ئەو ووتی نەمدیوە . دوایی کە لە سینەما هاتینە دەرەوە یاڵچین هاتە لامان و بەوی ووت کە(حەسەن)ی دۆزیوتەوەو لە ناو سینەماکە لەکاتی تاریکی بۆی لیداوە. من ئەوجا زانیم کە خەڵکی ئاوها نێر هەیە کە باسی گاندانی خۆی زور بە ڕەهاییەوە بکات . بەتایبەتی لەناو تورکمانەکاندا لەوانەیە بزانی خەڵکانی وەها زۆرن . (یلماز) ناوێك هەبوو کە دەمبینی زەندەقم لێی دەچوو ، جەنتڵ وقۆز بوو ، دواجار زانیم ئەم یلمازە پیاوی دەبرد بۆ دایکی و خوشکەکەی خۆی ، دەبووایە بەر لە خوشك و دایکەکەی سواری خۆی بن، ئەمە مەرجی ئەو بوو، هەبوو قبووڵیان دەکرد هەشبوون ڕەتیان دەکردەوە، خوشکەکەی ناوی (فەوزیە) بوو بە ریکوردێکی گۆرەندیك کونیان کردبوو . کابرایەك هەبوو ناوی(خولە) بوو ئەویش وابوو کەچی جاسووسی حکوومەت دەرچوو ..

ئیستا و ئەو سەردەمە دوو ژیانی جیاوازن لەیەك ناڕازین وەکو دوو ژنی چەقاوەسوو بە گژی یەکدا دەچن، پەلاماری یەکدی دەدەن ، یان وەکو سەردەم هەریەکە و یاسای جیاواز بەرێوەیان دەبات ، مرۆڤێك بوو هەموو شتێك لە بەرچاوی تراویلکەو تارمایی بوون ، هەستی دەکرد زەمەن لەوێدا بە بزمارێك دادەکوترێت، وئیدی دەوەستێت، گەرچی وانەبوو قەتیش وانەبووە، لەم تەمەنەی ئێستاشیدا تارادەیەك تێ گەیشتم هەموو شتەکان نەوەکام وناکاملن، بە ژمارەی ساڵەکان ئەو سەردەمەو ئێستا ئەوەندە جیاواز نین ، تەنها کارەسات و دەردی سەری و ساڵەکان کردویە بە چەرخێکی تەواو. هەرکە هاتەوە سەرخۆی ترافیك لایتەکانی سەر پردە دێرینەکە ئۆتۆمبیلەکانی راگرتبوون ، شوفێرەکە تووڕەبوو ، بە مڕومۆچیەوە تەماشای عەشاماتە هەلرژاوەکەی سەر شۆستەو جادەکانی دەکرد ، پۆل پۆل ژن وپیاو ومنداڵی لاسار بە چاوقایمی دەپەڕینەوە وخێسەیان لی دەکرد، هەندێ ژن لە چەقی جادەکاندا هەر دەمەوەری دەکەن ، هەموو شتێ لەم ڕوژهەڵاتە نەگریسەدا رادەبەدەرە لە حەد دەرچووە و، بە ئیفرات جێ بەجێ دەکرێت ، تا رادەی ئینتەلا بوون . کۆمەڵە ژنێکی لێوبەبار هەندێکیان سك وپڕ و، بە بێزاریەوە منداڵێکیشیان لە باوش گرتووە ، بە حەسرەتەوە لە ناخەوە هەناسە هەڵدەکێشن ، کە لەم بارودۆخەی ئیستایان چییان زیادکردوە لە ژیان جگە بیزاریی نەبێت؟ . مێژووەکەی بووەتە (سیزیف) و، بەگابەردەکەی سەرشانی یاری دەکات . دیسان دنیا لەسەرشاخی گایە وگا لەسەر پشتی ماسی یە، ماسیش لە دەریایە دەریا لەسەر ڕەشەبایە ، دایکی هەمیشە دەیووت و دووعا ولووشەی دەکرد کەی ئەم ترەکەلەکە دەرووخێت ، تاوەکو بزانین دوای ئەوە چی دێت! تەمەنی درێژم جووینەوی مێژوویەکی دوور ودریژی برسیەتی وکۆمەڵە دڵداریی کردنێکی سەرنەکەوتووبوو. چارەنووس وای نەخشە بۆ کێشابوو بەدەم فرمێسك وهەنیسك و برسیەتی و دەردەو نەخۆشیەوە شەوان ورۆژانی بە دەزووی یادگاریەکی

نەزۆك دەدايە دەم يەكەوە ، دڵيشى هەر بەوە خۆشە كە دەڵێن (غەريبان شار و وڵاتيان نيە)،

هەرگيزيش حەزى بەوە نەكردوە لە شار وڵاتيكدا بسرەوێ وخۆيان بە خاوەنى بزانن ..

ئەو نەيدەزانى (فەرزەند جەمشيد)ى كوڕى پوورى سەرى خۆى هەڵگرتبوو، دواى مردنى (نەخشين)ى پوورى كەسى نەما بوو لە سووچێكى ئەوروپا گيرسابوەوە، چونكە كەمئەنداميش بوو دڵيان پێى سووتا بوو، هەر زوو مافى پەنابەريان پێ ى دابوو، لە هۆڵندا لە گەلەريەك ببووە بەردەست لە شارێكى زەويە نزمەكانى ئەوروپا، ئەو وڵاتەى ماست و مانگاى زۆرە ، پوورى ژنێكى باڵا مامناوەندى وگۆشتن بوو، مەچەك ئەستور بوو، هەرگيز لەگەڵ رووخسارە ژنانيەكەيدا يەكيان نەدەگرتەوە ، چاو كاڵ و هێندێ سوورو سپى و لێو تەنك ولووت خڕ بوو . دەنگى گەلێ خۆش بوو، زۆرجار بۆ ئەوو (فەرزەند) گۆرانى دەووت هەركە لێش دەبوەوە دەيووت:

–بە خوا بچمە ئيداعە لەو گۆرانبێژە سەقەتانە خۆشترى ئەڵێم..

لەمەشدا درۆى نەدەكرد و دەنگى سۆزو جۆشێكى تايبەتى هەبوو، خەم ودەردى سەرى دەيان ساڵى لە خۆى لوول دابوو . ديار بوو پوورى وەختى خۆى گيرۆدەى ئەشقێك بوو بوو، وەلێ  هەرگيز نەيدركاندبوو، كەسيش پێى نەزانى بوو ، ئەو ئەشقە پاك وپيرۆزە بوو كە ئاشقى راستگۆ دەرينابرێت وتامردن پێوەى دەتلێتەوە وگۆرانى خەم وئەشقى بۆ دەڵێت .  پوورى ژنێكى دڕ بوو، دڕايەتيەكەى لە(پيرۆت)ى باپيريەوە بۆى مابوەوە، دەستى لە مێردەكەى نەدەپاراست وجنێوى دنياى پێ دەدا، تا خەڵك وخواى حەوشەكە ودراوسێكان فريا دەكەوتن ، يەكديان خەڵتانى خوێن دەكرد، تا جارێكيان (فەرزەند)يش دەستى دايە چەقۆ وپەلامارى باوكى دا، كەچى بەو حاڵەشەوە هێشتا بە ژن ومێردايەتى خۆيان ڕازى بوون! !جارى واش هەبوو شەوان (جەميشد)ى باوكى بۆى دەكشا وخۆى دەكردە ژێر لێفەكەى پووريەوە وكارەساتێكى ديكە دەقەوما، لە پاشان (جەمشيد)بە ئەسپايى وبدزيەوە دەگەڕايەوە سەر نوێنەكەى خۆى و خەودەيبردەوە، لەگەڵ بەيانيشدا بەدەم جنێودانى هەردووكيانەوە بە ئاگادەهاتەوە..

سەر گورشتەى (فەرهاد) وەكو قارەمانى ئەو چيرۆكەى (سۆمەر ست موم) ، كە لەكتێبكدا برادەرێكى عەرەبى پێى دابوو خوێندبويەوە بە ناوى (سوورە)وە ، كە چۆن بەتۆپزى لە شارەكەى خۆى دەيبەن و، دواى چەند ساڵێك گەڕابوەوە و كەس نەيناسيبوەوە. وەكو سەرگورشتەى (خەسرەو)ى گوندەكەى خۆيان كە بە ئيشى قاچاخچى چوو بوو بۆ ئێران و لەوێ گيرابوو، دواى ئەوەى پانزە ساڵ لە بەنديخانە بەسەر دەبات لە  كۆدەتاكەى خومەينى بەرەڵا دەبێ و، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ديو، بۆ ئاوابيەكەى خۆيان، ئەو رۆژەى كە هاتەوە هاتبوەوە سەر شووكردنى ژنەكەى بەكەسێكى ديكە ، چونكە پێيان وابوو (خەسرەو)

نەماوە وئیدی شوو دەكات، هەرچەنیّ ئەو ژنەیش كاتی خۆی لە گوندێكی شارەزوور ڕەدووی خستبوو، وخواستبووی، هەروەكو ئەو ژنانەی كە مێردەكانیان ئەنفال كرابوون وبیّ سەرو شوین بوون . هەركە دێتە ناو ئاوایی كەس خەسرەو ناناسێتەوە ، بۆیە بریار دەدات سەری خۆی هەڵگرێت بۆ ناوچەیەكی دیكە، دوای ئەوەش ژنی هێنا بوو . دەیانووت چەند كورێكی گەورەی هەیە، تەنانەت یەكێكیان بووە بە پزیشك . ئەم بەشەی چیرۆكەكەی ، بە دوا بەشی چیرۆكی ژیانی (زۆربا) دەچوو، كە چۆن دوای ئەوەی (بۆبۆڵینا) دەمرێت و، هەموو پرۆژەكانی شكست دەهێنن و، (كرِیت) بە جێدەهێلێت وسەری خۆی هەڵدەگرێت بۆ رۆمانیا بۆ ئەوەی لە كانەكانی ئیش بكات. دواجار گەیشتە (سایبریا) ولەویّ لەبەر سەرما ژن دەهێنیّ و، دیاری ژنهێنانەكەی ئەو ئەنگوستیلەیە بوو ، كە لە بۆبۆلینا بۆی مابوەوە، دواجاریش لە گوندی (سوێكلّی) لە سایبریا سەری نایەوە. وەكو دەیانگێرایەوە خەسرەویش لەژیاندا مابوو، ئەویش وەكو(زۆربا) رقی لە مەلاكان بووەو، وەسیەتی كردبوو مەلاكان نەیەن تەڵقینی بدەن.. گوایە لەو ساڵانەدا لەلای خزمێكی گوندەكەیان خۆی ئاشكرا كردبوو و، بەسەرهاتی ئەو رۆژەی بۆ گێرابوەوە كە هاتەوەسەر زەماوەندی بە شوودانی (نازەنین)ی ژنی بۆ فەتاحی مامە رەشە، ئەم خۆ ئاشكرا كردنە گەیشتبووە گوێی (نازەنین)، ئەویش لەبەر ئەوەی مێردەكەی دیكەی ئەنفال كرابوو ، بۆیە هێندە بە لایەوە گرنگ نەبوو ..چونكە خەسرەو ژنی هێنابوو منالّی ببوو. (پیروت)كە باپیرەی دایكی (فەرزەند)بوو، لەتاف لاوێتیدا هەركە سوپای عوسمانیەكان دوای شكستی لە شەری جیهانی یەكەم پاشەكشەی كردبوو بەرەو توركیا، ئەویش هیچ چارەێكی نابیّ ودەكەوێتە تەكیان . ئەمیش وەكو بەسەرهاتەكەی (خەسرەو) وابوو، گەرچی هی ئەم دڵتەزێنتر بوو. بەچاوی خۆی شكستی دەیان ئەرتەشی دیبوو ، ئەو ئەرتەشانەی كە بە هەموو جۆرە بیانوویەك وڵاتەكەیان داگیر دەكرد، دوای ئەوەی كە بێزار دەبوون ، یان دەبەزین وڵاتەكەیان بەكاولی بەجێدەهیشت، بۆیە زۆری پیّ خۆش بوو، كە ئەو ئەرتەشەی بەشق وشرِی و پاشەڵی خوێناویەوە دەبینی، بە چاوی خۆی رووخان و تەفروتوونابوونی دەیان فەرمانرِەوایی وفەرمانرِەوای دیبوو. ئەوانەی ویستیان خاكەكەی بە بۆمباو چەك بكێڵن، كەچی ئەوانە بە حەسرەتی لەناو بردنەوە سەریان نایەوە، گەل وخاكەكەی ئەمیش تادێت وەكو دارگوێز وداربەرِوو هێندەی دیكە رِەگ لەزەوی دادەكوتێت، دوای ساڵانێكی دووردرێژ بە كولەمەرگی لە توركیا ژیانی بردەسەر ، بەرۆژ كۆڵكێشی دەكردو، بەشەویش لەخانەكاندا دەخەوت، ئەنجام برِیاریدا بەقاچاخی خۆی بدزێتەوە و بگەرێتەوە بۆ وڵاتەكەی خۆی..گەرچی ترسی ئەویشی هەبوو ئەگەرگەرِایەوە لە (پیرۆت )ەكەی جاران نەچێت و نەیناسنەوە، یاخود برِوای پیّ نەكەن، چونكە بەدەگمەن

کەس لەو کارەساتەی(سەفەر بەرلك) قوتار ببوون. هەرکە گەڕایشەوە خەڵکی هێندێ لێی بەگومان بوون کە پیرۆت خۆی بێت. بەتەواوی گۆڕابوو، چونکە ئەو دەمەی ڕۆیشت تازە مووی لێهاتبوو.

وەلێ هەرکەهاتەوە تاك و تەرا سکەی سپی کەتبووە سەرو ریشی، بەڵام بەو نیشانەی کە لە پێ ی چەپی بوو ناسیانەوە، کەوەختی خۆی پێی چەپی گۆی شەقێن برینداری کردبوو . یان خۆی زۆرجار لەنێو کۆڕو کۆمەڵی گەنجانی دێدا بۆ وەخت بەسەر بردن وحەوانەوەی دڵ وهەناوی لاوان، ئەو سەربهوردە سێکسیانەی بۆ دەگێرانەوە کە بەسەر خۆی هاتبوون. ئەوانیش بەتامەزرۆییەوە گوێیان لێ ی دەگرت،: ( ساڵێکیان لەم دەشتی گەرمیانە ڕاووم دەکرد ، ئەو سەردەمەیش عارەب دەمەوهاوین بۆ ئاژەڵداریی لە گەرمیان ڕەشماڵیان هەڵئەدا، لەوەڕیان لە ئاغاکانی ناوچەکە ئەکرێ و ماڵاتیان ئەلەوەڕاند. ڕۆژێکیان دیم عارەبە ژنێك کۆلێك چیلکەو چێوالی خڕکردوەتەوە ، شانی داوەتە بەری ونایتوانی لە ژێریا ڕاست بێتەوە ، هەرکە چاوی پێم کەوت بانگی لێ کردم لە دوورەوە ( کاکە کاکە)، بە زمانێکی عارەبی بانگی لێکردم تا یاریدەی بدەم .

هەرکە دیم لنگی لێ بڵاوکردوەتەوە دەرپێی لە پێ نیە، ئیتر شەیتانی ئارەزوو گڕی تێ بەردام ، یەکسەر پڕم دایە هەردوو قاچی وهەڵمبڕین . زۆر هەوڵیدا و کۆشا هیچ سوودی نەبوو ، دیاربوو ئەنجام خۆیشی ناوگەڵی گڕی گرتبوو، خۆی دایە دەستەوە. خێرا خێراش سووکە جنێوی ئەداو ، داوای لێ ئەکردم کە زوو تەواوی کەم. دواجاریش گەلێ مەمنونم بوو، وەکو لە چاوە گەشەکانیا دیاربوو، ئەبریسکانەوە . پاشان کۆڵەکەم دا بەکۆڵیەوە ، هەتا لێم دوور کەوتەوە ئاوڕی ئەدایەوە و بزەی لێوە ئەهات. دیار بوو ئەم عەرەبانە گانکردنیش نازانن بۆیە وەها ژنەکانیان لاکوت ئەکەن ؟ (مەبەستی خیانەت لەمێردەکانیان دەکەن، لە گەرمیان پیاو یان ژن خیانەتی ژن ومێردایەتی بکات، پێی دەڵێن –لاکووت دەکا–).هەر بۆ شایەتیش لەو شوێنە بە خڕکەبەرد ووشکە کەڵکێکم هەڵچنی ، تا ئەم ساڵانەی دووایەش ووشکە کەڵەکەکە وەکو خۆی مابوو، شوانەکان ئەیانکردە شوێنی حەوانەوەی خۆیان و، بۆنی ناوگەڵی ژنە عارەبەکەی لێئەهات. بەخوا ئەو ساڵانە بە پیت وبەرەکەت بوون قەت پەکم ناکەوت). یان دەیووت (لە بەغداوە تا دەریا چەندان نەوەی ناشەرعیم خستووەتەوە، ئەمانە کە دێن وگێچەڵمان پێ ئەکەن لەسەر نیوەیان توخمی هاپۆتن). یان دەیگێڕایەوە:( لە یەکێك لە ڕەشماڵەکانی دەورو بەرمان دۆستە ژنێکم هەبوو، حەفتەی دوو سێ شەو ئەچووم بۆ ڕەشماڵەکان، هەچ شەوێك مانگەشەو بوایە تا درەنگە شەوێك لە سەر گردەکەی بەرامبەر ڕەشماڵەکان خۆم مات دەدا. هەرکە ڕەشماڵ کپ و بێ دەنگ ئەبوو، چراکان ئەکوژانەوە ، هەروەکو ڕەشمار بۆی ئەکشام ، هەر لەدووری دوو سەد شەقاوێکەوە تا بگەمە ڕەشماڵی ژنە دۆستەکەم، بە چوار چنگڵە ئەڕۆیشتم و ، وەکو کلکە سەگیش قاچێکم هەڵئەبڕی، بۆ ئەوەی هەرکە فەرقیشم بکەن وابزانن سەگە . کە

لە رەشماڵیش نزیك ئەبوومەوە دۆستەکەیشم هەر بە هەست و بۆن ئەیزانی کە منم. بۆ ئەو مەبەستەیش کەلێنێکی لەرەشماڵەکە کردبوەوە،تا لەناو قەدەوە پاشەڵی خۆی بخاتە دەرەوە ، منیش ئیشی خۆم ئەکرد. لەژوورەوە سەری لەسەر سەرینی مێردەکەی بوو، سمت و پاشەڵی لەدەرەوەش لەباوشی من بوو. گەرچی زمانە عارەبیەکەم دووکەڵی ئەکرد، زمانی نێوانمان کڵپەی ئارەزووی هەردووکمان بوو. ئەوەبوو جارێکیان دیتم سکی پڕبوو ، زۆر بێ شەرمانە پێمی ووت: پیرۆت ئەم منالەم ببێ لە تۆیە، زۆریش دڵم پێ ی خۆشە .. کوڕینە بڕواتان هەبێ ژنەکە راستی کردبوو، بۆ ساڵی دوای کە هاتنەوە هەوار ، جارێکیان بە رۆژ چووم بۆ رەشماڵەکان و منالەکەی پیشانم دا ، بە عومراتی خۆم منالی عارەبم نەدیبو سفت وسپی بێ، چاویشی ئەتووت چاوی منە. دیار بوو کوردیش بوو، هەر بەو ساواییەوە لووتی وەکو لووتی خۆم بەرانانە هەڵکەوتبوو).

زۆرجار پیرۆت لەگەڵ خوێنەوارەکانی دێیەکە کۆڕی دانیشتنی گەرم دەکرد، ئەوانیش حەزیان بە دانیشتنی ئەو دەکرد. لەرووخساری دا سەربهووردی رابردووی سەختی میللەتێکیان دەخوێندەوە، بەخەتێکی نەبینراو هەڵکەنرابوو ، بۆ هەتاهەتایە چاپ ببوو ، مێشکی کەشکۆڵی مێژوویەکی سەخت بوو، مەرگەساتی جەنگی جیهانی و سەدان جەنگ و، دەیان جەنگی ناخۆی دیبوو ، بەشداریی دوا شۆرشی شێخ مەحموودی کردبوو، بەتایبەتیش پتر هۆگری ( کامەرانی حاجی رەحیم ) ببوو، کە قوتابی کۆلیژ بوو لە بەغدا دەیخوێند. دوای قسەوباسی و سەربوردی مێبازی ، هێندێ لەهەرزەی دێیەکەش دەوریان لێ دەدا، بەواق وورِمای وتامەزرۆییەوە گوێیان بۆ دەمەتەقێ ی ونەستەقەکانیان شل دەکرد. جارێکیان (کامەران) سەربهووردی خۆی گێرایەوە:

– لالە پیرۆت، جارێکیان چوومە لای ژنێك ، ئەزانی هەرکە بەسەریەوە بووم، چیم لێ ی پرسی؟

پیرۆتیش لە کوێ بزانێ چی لێ پرسیوە ؟ بەلآم سەرەرای ئەوەیش پیرۆت هەوەس کەوتە ژێر دانەکانی و کاژێرەکانی دەدا بە یەکەوە و، بە پەلە وتی:

–ئا، بەقوربانە خێراکە ، چیت لێ ی پرسی؟

کامەران بە بزەیەکەوە وتی:

– بڕواناکەی..

پیرەمێردەکەیش کێچ کەوتە کەوڵی و خۆی دەخوراند و وتی:

– پێم بڵێ ، دیقم کرد..

کامەران بە بزەیەك و هێندی شەرمەوە وتی:

– پێم وت ڕات چیە بەرامبەر بە کێشەی کورد؟

پیرۆت و ئەوانەی دەوریشیان لێ دابوون دایەنە قاقای پێکەنێن، کامەرانییش هێندێ سوور هەڵگەڕا، وەلێ داوای لێ کرد قسەکەی تەواو کات:

– هەرکە وامووت ئافرەتی تایین داچەڵەکی و خۆی ڕاپسکان تا خۆی لێم دەرباز کرد. وەك بڵێی ناوی دەعبایەکی ترسناکت هێنابێ و هاتبێتە بەر چاوی.. بە هەزار ناڵی عەلی ئیشی خۆم تەواو کرد. لەژێریشەوە هەر خووتە و بۆڵەی بوو. هەر بە پەلەیش پارەکەی لێم وەرگرت و بە( ئیتڵەع ئیتڵەع )بە پاڵ دەریکردمە دەرەوە.، هەڕەشەی ئەویشی لێ کردم کە جارێکی تر بە قەرەیا نەچم ئەگینا ئەمداتە دەستەوەو بە گرتنم دەدات.!

پیرۆت بە بزەیەکی تەوساوی هەڵیدایی:

– رووی سپی بێ ، بەس نەبوو بەگرتنی نەدایت ؟ هەتیو ئەگینا پێستەتیان بۆ دەباخانە ئەبرد. تومەتی ئەوەیشیان ئەخستە پاڵت ، گوایە پەلاماری ناموسی ئومەتی عارەبت داوە..!

<u>**دیسان**</u> (قادر ڕۆستەم) لە یەکێك لە شەوەکانی (سۆێد) بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی سەربووردەکانی خۆی و ووتی:

(فەرهاد، باوکم کابرایەکی تووندوتیژ و مێباز بوو، باش بوو لە شۆرشی ئەیلول تیاچوو، ئەگینا سەری خۆی بە فتارات ئەدا. زۆر شەو ناهاتەوە یان لەبەر ئیشکردن دوای ئیشی بەردەستیەکەی بە ڕۆژ ، شەوان لە گەڵ هەندێ جامبازی خزمی خۆمان ئیشی دەکرد ، یان دەچوو لەسلێمانی وکەرکوك ناهاتەوە، گەرچی تاقانە منی هەبوو، بەلاّم لە گەڵما نەرم نەبوو. سەرەرای ئەوەی خۆشی دەویستم ، بەلاّم دەری نابڕی، ئیدی هەچ شەوێك نەهاتبایەوە ، دەبوو دایکم بچێ (ئامە) کچی خاوەن خانووەکەمان بهێنی و ، شەو لە گەڵمان بێ، گەرچی دایکم گومانی لەوە نەبوو کە (ئامە) قەیرە کچێکی بە ئالۆش بێت و خۆی بە من تاقی کاتەوە، هەربۆیە هەرسێکمان پێکەوە دەخەوتین، من لە نێوان دایکم و (ئامە)دا دەخەوتم ، ئیدی( ئامە)یش لە ژێر جێگەوە لە دەستی دەگرتم و دەیخستە سەر گەڵ وقنگە خرپنەکەی ، یان دەیخستە سەر تووکەبەرەکەی و، هەندێ جاریش بۆ شەقەکەی خوار تووکە بەرەکەیەوە، منیش نزیکەی هەشت ساڵان بووم و گرم دەگرت لە دواوەوە خۆم پێوەی دەنووسان. دواجاریش (ئامە) رووتی دەکردمەوە و ، دوای ئەوەی دەیزانی دایکم پرخەی خەوی دێت، سنگ و مەمکی خۆی رووت دەکرد، منی بە خۆیەوە دەنووساندو، حەسرەتی تامەزرۆیی هەڵدەکێشا. ئیدی چەند جارێك ئەمە روویدا. ئەوە بوو شەوێکیان ناحەزانی باوکم ئاگریان لە ژوورەکەمان لەدیوی کۆڵانەوە تێ بەردا. چونکە باوکم

پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵ قەیرە کچێکدا هەبوو ناوی(حەلاو) بوو، که خاوەنی خانووەکەمان بەم کەین وبەینی زانی بوو، بۆیە هەر دوای ئەوە بە باوکمی ووتبوو ، دەبێ بارکەین و تاقەتی گێچەڵی براکانی (حەلاو)ی نیە. هەر ئەوە نەبو هەرکە لەویش گواستمانەوە ، کەوتمە دوای ئاڵۆشەکانی کیژۆڵەیەکی وەکو(ئامە) کە لەمەو بەر باسمان کردبوو.ئیستایش باجی ئەو هەڵس و کەوتەی (ئامە) دەدەمەوە، کە تووشی لادانی کردم و ، منی خستە ناو دنیای ژنە سۆزانی و بەدبەختەکانەوە . دوای رووداوەکانی تەمموزی ساڵی 1959 لە کەرکوك، ئیدی لەو شارۆچکەیە بارمان کرد بۆ ئەوێ. دوای چەند ساڵێك ژنێك یان مێیەکی دیکەم ناسی ناوی (خەجاو) بوو، بەراستی سۆزانی بوو، ئیشی بەرەواڵەت درووست کردن و فرۆشتنی تۆپی گەنمەشامی سوور بوو ، خۆت دەزانی زۆر خێزان ئەم ئیشەیان دەکرد . یەکێکە لەو ژنە سۆزانیانەی ، کە دوای سۆزانیەکانی (عەفەچ) لەبیرم ناچێتەوە، هێشتا قوتابی ئامادەیی بووم، لەرێگای برادەرێکمەوە کە پێ ی فێر بوو ناسیم و، منیش بەشداریم کرد لە گەڵیدا ، دەمانبرد بۆ چاڵە بەردەکانی دووری گەڕەك، لەوێ سواری دەبووین. ئیدی دوای ماوەیەك ونن بوو نەمزانی چی لێهات ..

پێم ووت:

– قادر، لە ئەوروپا ئەگەر شارێك سۆزانی خانە ، یان سۆزانی لێ نەبێ بە شاری لەقەڵەم نادەن!.سۆزانی بوون واتای کراوەی خەڵکەکەی دەگەیەنێت..گەرچی لە شارە ئایینی و داخراوەکاندا قەحپە رۆزترن . بۆ نموونە هەردوو شاری( نەجەف) و( کەربەلا) لە عێراق ، یان (مەشهەد )و(تاران) لە ئێران.

بەڵام تا رادەیەك داپۆشراوون ، چونکە بە دزیەوە قەحپەیان پێ قبووڵە ، کەچی بە ئاشکرا نا. ئەمەیش دووفاقی کۆمەڵگا ئاینیەکانی رۆژهەڵات دەگەیەنێ.. تۆ دەزانی شاری کەرکوك کەم نیە لە رووی شارستانیەوە؟. بۆیە تەماشادەکەیت هەموو شتە شارستانیەکانی دنیا لە شاری کەرکوك هەبوون و ، دواجار لە شارەکانی دیکە پەیڕەو کراون. بۆ نموونە دەڵێن لە ساڵی چلەکانی سەدەی بیست سەماخانە هەبووە(نایت کلاّپ) لە کەرکوك،کەچی لە شارەکانی دیکەی کوردستان سفوور بوونیشی کفر بووە!

قادر رۆستەم لەسەر گێڕانەوەی سەربووردەکەی بەردەوام بوو: (دوای ئەوەی هاتینە کەرکوك ، لە ماڵی خزمێکمان ژوورێکیان داینێ، لەوێش چوومە پۆلی سێ، بێگومان قوتابیەکی تەمەڵیش نەبووم، بەڵام نازانم بۆ ڕقم لە خوێندن بوو ، دیار بوو هەڵس وکەوتی قوتابیەکان ئاوها لە خوێندن بێزاریان کردبووم. نازانم زۆر لە گەڵیان ناتەبابووم، رقم لێیان دەبووەوە، چونکە زۆریان حاڵیان باش بوو ، منیش خاوەنی باوکێکی

دەستکورت و دڵرەق بووم، هەرچەنێ وتم کوڕی کوێخا دێ بوو، بەڵام زۆر سەرەڕۆ بوو ، حەزی بە ژیانی لادێ نەبوو، هەمیشە حەزی بە گۆرانیەکانی (لەمیعە تۆفیق) و (زهورە حسێن) و(ئەحلام وەهبی ) بوو. دواجار بۆم دەرکەوت کە کەسێکی عەدەمی بوو، هەرچەنێ ترە خوێنەواریەکی هەبوو، ئەویش ساڵێك لەلای مەلای گوند خوێندبووی، ئیدی وازی هێنا بوو. زۆر حەزی لە کەیف وسەفا بوو، شایی و زەماوەند نەبوو لە گوند وشار ولادێ ئەو سەررچۆپیەکەی نەگرێت. بۆ هەر شوێنێك بچووایە دۆستەژنی پەیادەکرد.)

منیش پێم ووت:

– قادر ، گیا لەسەر بنجی خۆی دەروێ.

**ئای (فەرزەند)**، بە دەگمەن بەو ناوەوە بانگی دەکرد ، پێی دەووت (خولە چەخماخە)، تاوای لێهات ئەوانی دیکەش بەو ناوەوە بانگیان دەکرد. پێی خۆش بوو ، پێشی ناخۆش بوو، ئەگەر پێ ی خۆش نەبووایە چاوێکی زیت دەکردەوەو، تەنیا خێسەیەکی بە مۆڕەی دەکرد.. لەو سەرسەختر بوو ، بزێو بوو، سرك و ورياش بوو ، هەروەها قۆشمەو نوکتەبازیش بوو، دنیای بە پوولێك نەدەکڕی، هەرکە دڵیشی تەنگ بووایە ، (زۆربا) ئاسا بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی دەووت. ئەو دەنگ خۆشیەی لە دایکیەوە بۆ مابووەوە، دەکەوتە سەماو سێ پێ ی کردن ، باوکی لە شۆرشی ئەیلوول سێ جار بریندار بوو، دوا بریندابوونی دەستێکی گۆج بوو ، هەروەکو خۆی دەیووت:( ئێمە بە بنەماڵە دەروێش بووین، موودمین بووین لە سەر پێشمەرگایەتی و شەری خۆترێن..ئێ بۆ کورد لەشەڕی خۆترێن بەولاوە چی کردوە؟.لەوەتەی هەیە شانازی بە شکستیەکانیەوە دەکات، ناوی یەك شۆرشی کوردم پێ بڵێ سەرکەووتوبێت؟ هەر لە شۆرشی خانی لەبزێرین و سمکۆی شکاکەوە تا دەگاتە شێخ سەعیدی پیران و شۆرشەکانی شێخ مەحموود، تا دەگاتە شۆرشی ئەیلوول و، لەوانەیە بگاتە ئەم شۆرشە نوێیەشمان!.شێخ سەعیدی پیران بە درۆ و دەلەسەی تورك خۆی و هاورێکانی دایە دەستەوە، ئەو وێنەیەت بینیووە کە دوای خۆبەدەستەوەدانیان بە جل و بەرگی پیس و پۆخڵ و دیشداشە و کەواو سەڵتەی دڕاوەوە لە سەر زەویەکی خۆڵە پەتانی دانیشتوون و سەرشۆرو داماو ، لە پشتیانەوە کۆمەڵێ سەربازی تورك بە جل و بەرگی سەربازی خاوێنەوە و بە فیزەوە وەستاوون، ئەمە وێنەی هەموو شکستیەکانی کوردە!. کورد میللەتێکی بێ بەهرەیە ، میللەتی بەهرەمەند ئاوها بە ئاسانی خۆی ناداتە دەستەوە. بەس نەگبەتیەکەی پێی ئێمەی گرتووەتەوە، بۆ راستی خیابان و شارستانیەت نەخوڵقابووین، کێوی بووین، بەشێکە و خوا داویەتی، بەشێك باشە خوا بیدا ..!) . ئەنجامیش بە تەوسێکەوە دەیووت(وانیە؟!).بەڵام ئیستا بۆی دەرکەوت کە قسەکانی ئەو سەردەمەی (فەرزەند) بێ

ئەوەی پێ ی بزانێت پێشبینیەك بوو بۆ ئیستا. ئەوەتا ئەوانەی ئەو ووتی راست دەرچوون ، دەیووت:(لەوانەیە ئەنجامیش ئەگەر ئەم جارە سەرکەووتین وەکو ئەوەی لێ بێت ، کە دەڵێن گا دەیکا و کەر دەیخوا)). بەڵێ ئەوەتا بە چاوی خۆیان دەبینن ، شۆرشە نوێیەکەی ئەمانیش بەشی شکستی بوو، سەرەرای ئەوەی شەری دووبەرەکی و خۆکوژیشی هاتەسەر ..

(فەرزەند) تەوەزەل وبێ هیچ بنەمایەکی فیکری بوو، وەکو خۆی دەیووت هەروەکو مەسەلەیەکی ویراسی ببووە پێشمەرگە، لەو کەسانەش بوو ، لەناو دەیخوارد و لەپەڕ دەنووست. ، تەنانەت قوتابخانەیشی نەبردەسەر ، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێند بووی، ئیدی لەوێ چەقی بوو، سەربازی پڕ بەپێستی خۆی بوو، گەرچی ماوەی سێ ساڵ سەرباز بوو، زۆر جاریش لەوێ هەڵدەهات ، دایکی بە زۆر دەینادردەوە، یان دەستگیریان دەکرد و بە بەندکراوی دەیانبردەوە..زۆر شتی بۆ (پەروێز) گێرابۆوەوە، لەوانە، لەگەڵ ماڵی (نەخشین) ی پووری لە حەوشێك پێکەوە کرێچی بوون، خاوەن خانووەکە قەیرە کچێکی هەبوو ، لە (فەرزەند) گەورەتر بوو ، ناوی (خەرامان) بوو، دیاربوو لەوەتەی هەبووە دەستی نێرینەی پێ نەگەیشتبوو، زۆربەی دەردەسەریەکانی لەگەڵ مێینەدا دەگەڕایەوە بۆ سەروەختی زارۆکی، هەست و نەستی مرۆڤیش لە تەمەنی زارۆکی دا، وەکو کاغزێکی سپی و بێگەردە، هەرچەندێ خەت خەتێن و لێ رووشانی لەسەر بکرێت، تا تەمەن دەبڕێتەوە جێگای ئەو خەت خەتێن و لێ رووشانانە دیاردەبن. هەربەسۆن ، دەبنە هەوێن و ماکی هەموو رەفتارێکی ئایندەی ، یان چەشنی کۆنە برینی تیراوە وەختاو وەخت هەودەکاتەوەو دێتە سۆ ، ئۆقرەی لێ هەڵدەگرێت. ئەو رەفتارانەش چ دەستێکی ئەویان تیا نەبوو ، لەوانەیە بەرێکەوت لەدایك دەبوون، یان ئەوەتا دەستی کەسانی دیکەی تیا بوو . زۆرجار ژنی زۆر لێکراوو کڵۆڵ و بێ بەشکراو ، دەبوونە کلیلی ئەو رەفتارانەی، تا ئیستا تام و چێژ و ئازاری وێژدانی هەریەکێك لەو رەفتارانە، لە قوژبنی ماسوولکەکانی مێشکیدا خۆیان شاردوەتەوە. لە کاتی پێویستی بێ ئاگایی دا خۆیان دەخەنە بەرچاو و، ئاڵۆش دەخەنە جەستەیەوە..

ئەو دەمەی وەکو دەڵێن هێشتا بۆنی شیری خاو لەزاری دەهات، (خەرامان)ی خرت و گەورە کچ ، چەشنی زۆربەی ژنانی کۆمەڵگایەکی زۆر لێکراو و دواکەوتوو، کچێنی خۆی بەو تاقی کردەوە، دیار بوو پەنجەی ئەفسووناوی پڕ لەزەتی نێرینەی پێ نەگەیشتبوو، بێبەشبوون و کڵۆڵی ئەوەندە ئازار و ئەشکەنجەی تفاندبووە گەرروویەوە، هەرکە دەگەیشتە کڵپەی خۆشاوی پەیوەندی قەدەغەکراو و نائاسایی، نێوان مێردمنداڵێکی وەکو ئەوو گەورە کچێکی تامەزرۆ، بە چپەیەکی پڕ هەوەسەوە خێرا خێرا دەیووت:

– حەزت لێ دەکەم بۆت دەمرم ، بابەراستی ببینە ژن و مێرد..

دواجاریش دەیدایە پرمەی گریان، ئەویش لە ترسان دەستی بە زۆرە زۆری گریان دەکرد ، هەستی دەکرد ژن و مێردایەتی تاوانێکی گەورەیە، خوداوەند لەو دنیا تووڕی دەدا نێو دۆزەخەوەو، قورقۆشمی تواوەش دەڕژێننە نێو کێریەوە. (خەرامان) یش گەرم و گووڕی نێرینەیەکی مێردمندالْ ، ئەوەی لەبیربردوەوە ، کە ئامێرەکەی هێشتا ئاژەڵێکی تەمەڵ و نووستووە ، تەنها ئەرکی میزکردن ئەنجام دەدات... ئیستایش خۆشاوی ئەو تەمەنەی ، وەکو دەڵێن تام و ئازارە دەروونیەکەی لە بۆ شایی نێوان دانەکانی خۆی مەلأس داوە..

(خەرامان) هەموو شەوێك دەیان خەونی بە نێرینەوە دەبینی، هەرکە رۆژ دەبووەوە چاوی لەرێ بوو ، کەس نەدەهات تا قفڵی داخراوی بەختی بکاتەوە، ئەنجامیش وەکو گوڵێکی تینوو ، خۆزگەکانی لە نێو سنگیدا پەژمووردە دەبوون . دواجاریش ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر هەموو هۆیەك ، بۆ ئەوەی هەستی مێینەی خۆی بسەلمێنێ. جا ئەگەر ئەو هۆیەش مێردمناڵێکی بەلەسەو چەتوون و دەمشڕی وەکو (فەرزەند) بێت بەلایەوە گرنگ نەبوو ، کە لەلای هاوڕێ مێردمناڵەکانی خۆی باسی ئەو پەیوەندیە قەدەغە وبەلەزەتە بکات..هەستی دەکرد خەریك بوو کانیاوی کچێنی ووشکی دەکرد و تاقە رێبوارێکیش نەبوو مژی تینوویەتی پێوە نێت.(خەرامان) لە رێ و رۆیشتندا هەندێ دەلەنگی ، زیاتر دەیویست بە لەنجە و خۆبادانە نائاساییەکەی، ئەو لەنگیە بشارێتەوە، کەچی بێسوود بوو، بەڵام لەلای ئەو دڵگیرتر بوو : (پەروێز، ئەزانی ئەو لایە لەنگەی گەلێك لەلام ئازیزتربوو، لە لایە ساغەکەی !چونکە بەزەییم بەو لایە لاوازەی ئەهات و، تارادەیەك حەزم لە لایە ساغەکەی ناکرد، ئای چ گرێکی تێ بەرئەدام، دەم لستەوە و دەممژی ، هەستم ئەکرد بەو کارە دڵنەوایی کەمو کوپیەکەی ئەکەم و، ئەویش گەلێکی پێ خۆش بوو، ئەوەندەی تری هەستی ژنایەتی لەلای بەرز دەبوو. زۆریش لەو هەستەی خۆم ئەترسام، وەك بڵێ ی بەلاسەنگی لە دایك بووم! بۆیە حەزم لێ ی بوو، دیار بوو هەر هۆی ئەو کەمئەندامیەش وەها ئاڵۆشاوی کردبوو. هەستت ئەکرد شەوانە لە خەوو خەیاڵدا ، دەیان پیاو لەگەڵی ئەخەوتن و سکیان پڕ ئەکرد. هەرکە رۆژیش ئەبوەوە مایەپووچ ئەبوو..پەروێز، هەتیوو زۆر حەزم لە ژن و وکچی وایە، وەکو (جەمە)ی دایکی ئەیووت: ( لە ساڵی هەرای کورد و تورکمانەکە، خەرامان کچۆڵە بووە ، دوانزە یان سیانزە ساڵ بووە، کاتێ تورکمانەکان دەسەرێژ لە (فازیلی حاجی عەلی) ئەکەن و ئەیکوژن، ئەوەیش لەگەڵ باوکیا بوو، ئەو لاقەی بەرگووللە کەوت.دوو مانگ لە تۆی جێ کەوێت ، چونکە کوردیش بوو ، تورکمانەکانیش لە نەخۆشخانەکان زۆر بوون ، بۆیە ئەوەندە بە تەنگیەوە نە ئەهاتن ، بۆ دکتۆری کوردیان لە کەرکوك هێشت بوو ، هەموویان بە فیت و بەرتیل بۆ شارەکانی تر گوێزرابوونەوە. ئەوەی مابوونەوە تورکمانی رق لەکورد و عارەبی ئەم لا وئەلا بوون،

ئەترساین لە خۆرایی لاقی ببڕنەوە، بۆیە (سلێمان) دەریهێنا و هەر لە ماڵەوە تیمارمان ئەکرد، زوویش چاك نەبووەوە، بگرە لێی پیس کرد و ناویان نا نەخۆشی تیراوە.پرۆپیرێژن ئەوەندە دەرمانی لادێیانە بۆ گرتەوە و تێیان گرت، لێی پیس کرد و خەریك بوو قاچی ببڕنەوە، ئیتر خوا رەحمی کرد و دکتۆر ئەحمەد ، هەرچەنێ تورکمان بوو ، بەڵام دیار بوو بە ئەسڵ کورد بوو ، بۆیە عەمەلیاتی بۆ کرد و چاك بووەوە). پەروێز، ئەو قەحپەیە دەسخەرۆی کردم.چونکی چەند ساڵێك لە حەوشەکەیان پێکەوە بووین ، هەتیو خۆی پێ کون کردم، چونکی بە چاکی ئامادەی کردبووم.. سەرەتا زۆر ئەترسام سکی پڕ ببێ ، بەڵام جارێکیان پێم ووت:

– ناترسێ ی سکت پڕ بێت ؟!

ئەویش زۆر بی باکانە وەڵامی دامەوە ووتی:

–نەخێر ، مەترسێ ، یەك دوو رۆژ پێش بێ نوێژی ئەوەمان کردوە..

ئەویش زۆرزانی خۆی بوو سەرم لێ ی دەرناچوو.. ئیدی حاجی سلێمانی باوکی بەزۆرەملێ دای بەخزمێکی لادێ ی خۆی ، کە کێری خۆی و گێزەری لە یەك جیاناکردەوە. بۆ مەسەلەی نەبوونی پەردەی کچێنیش بە سەلامەتی تێپەر بوو . زۆر جاریش ئەچووە ژێر کلێشەمەوە تا رەدووی بخەم. گاڵتەم بە داواکەی ئەهات ، من لە تەمەنێك بووم کەی ژن و ماڵم بۆ بەرێوە ئەچوو؟ ئیستایش بۆم ناکرێت. دوای سێ مانگ لە شووکردنی بەو خزمەی خۆی ، بریارێکی دابوو ، بریارەکەش دیارە ئەنجامی دەست شۆرین بوو لە هەموو شتێك ، هەواڵی بۆ ناردم کە ئەگەر فریای نەکەوم و رەدوی نەخەم ، خۆی ئەسووتێنێ، منیش قسەکەیم بە فشەو گاڵتە وەرگرت و خۆم لێ ی بێ ئاگاکرد. هەتیو ئەوەندە کەریش بوو ، بە خاڵ ناوی منی لەسەر مەچەکی راستی نووسی بوو، دیاربوو (خەرامان) بێ ئومێد بوو بۆیە دەمەو عەسری رۆژێك هەواڵی سووتانی (خەرامان) گەیشت و بڵاو بوەوە..

**رۆژێکی** تووش بوو، خەستەوە بووی سەرجەم رۆژە تووشەکان بوو. کە (فەرهاد) و (فەرزەند) لە یەك دابڕان، یان قەدەرێك وەکو تەڵە بۆیان نرابووەوو پێیاندا تەقی. مەرگ و دابڕانیش هێندەی خوێن و برین تەبان، دەمەوئێوارەیەك بوو، وەکو دەمەوئێوارەی گەیشتنی هەواڵی خۆسووتاندنی (خەرامان) ، هەتاوی زەردەپەر لە نشێوەکان خۆی دەدۆزیەوە، بەرەو دوندەکان وەکو مەلێکی باڵ شکاو و تەرپوو هەڵدەکشا ، تارایەکی خۆڵەمێشی شینایی بەهاری لەدوای خۆیەوە کاڵ دەکردەوەو، لە دیدی ئەماندا دەیشاردەوە، (فەرزەند) بۆ ململانێی خۆرلەزەردە پێشکەوتبوو، بەدەم مزەمزی گۆرانیەوە کلاشنکۆفەکەی بۆ فیز خستبووە سەر شانی، هەر هێندەی زانی وەك لەبەرزاییەکەوە بەربێتەوە، لەدوا کلکەی یاڵەکە ئاوەدیو بوو، ئەوەندەی یەك دوو جار چاو بترووکێنیت، هێندەی زانی ناڵیەکی ئیجگار نزیك بەرز بووەوە ، دەسبەجێ

لەگەڵ خۆیدا گەردەلوولێك تۆزی بەرەو ئاسمان راپێچ کرد، پلوورەی بەست، هەموو هەستەکانی لەسەر پێ بوون، لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا، ناڵەی دیکەی بەدواوە نەبوو، ویستی بیربکاتەوە کە( فەرزەند) چی بەسەر هات؟ لەپڕ گوێ ی بە هاوارێکی ئاشنا داخورپا (فەرهاد ....فەرهاد)!! وگەیشتە سەر یاڵەکە واقی وڕما، چاوەکانی ئەبڵەق بوون ، بیرکردنەوەی لەگۆچوو، نەیزانی چۆن لە شوێنەکەی خۆی ووشك بوو، بیرکردنەوە و تەگبیرکردن بوونە دوو زاراوەی بێ واتا ، وەکو تیشکی گوڵە ئەستێرە هەڵبوون وکوژانەوە :

– فەرهاد ...نەکەی ، مەیەرە پێشەوە، ئەم ناوە هەمووی مین ڕێژە..

دەسبەجێ سەربووردەکە ئاشکرا بوو، هەستی کرد مردن دەسەڵاتێکی عاجباتیە و هیچ دەسەڵاتێکی دیکە پێ ی ناوێرێت..

– فەرهاد ..بیرلە هیچ مەکەرەوە ، تەنها پیاوەتێکم لە گەڵ بکە و هیچی تر ..چونکە هیچ دەرفەتێك نیە بۆ رزگار بوونم..فیشەکێك بنێ بە تەوقی سەرمەوەو لێ ی دەو برۆ. دەبینی کە ئەسپ دەگلێت و ئیتر ناتوانێ هەڵسێتەوە، خاوەنەکەیشی بۆ ئەوەی ئەسپەکەی لەوە زیاتر ئازار نەبینێ ، گوللەیەك دەنێ بە تەوقی سەریەوە..منیش ئیستا ئەسپەکەی تۆم و چارم فیشەکی رەحمەتە.. من ساڵانێکە ئەسپێکی چەتوونم..ئەسپی رەسەنیش لە مەیدانا ئەگلێ..

بێگومان ئەم ووشانەی بەرێکی و پێکی نەدەووت ، بگرە بەدەم نووزە و ئازار و بچڕبچڕ دەیووت.. ترس و خۆشەویستی بە تەواوەتی شانەکانی مێشك لە خڵت و خەوش پاك دەکەنەوەو تەگبیری بۆ ساز دەدەن، بۆیە ملی نا لە مەرگێکی چاوەروان کراو ودەست وبرد، هات و نەهاتی هەڵبژارد، لەبری ئەوەی فەرمایشتێکی ئەهریمەنانە ئەنجام بدات ، ئەگینا تا مردن ژیانی دەبووە ئێڵنج وخۆخواردنەوە، لە لایەکی دیکەوە بە چ روو ئەمانەتێك هاورێ ی سەنگەری وپوورزایەکی لەو دەشتە بەجێبهێڵێ بۆ قەل و داڵاشان؟ ئەو شوێنەی پیا ملی نا چ ئاسەواری مینی پێوە نەبوو، بۆشی روون بوەوە کە (فەرزەند) پێ ی نابوو بەسەر یەکەم میندا، باشی بیر نایەت چۆن قووتاری کرد، بەڵام ئەوەی لەبیر دێت کە چۆن کەوتە هەڵپەی چارەسەر کردنی برینی قاچە لە خوار ئەژنۆ پەڕیوەکەیەوە. خێرا پشتوێنە کوتاڵەکەی خۆی کردەوە، لە ژوور ئەژنۆیەوە رانی توونـد جەڕاند، تا خوێن بەربوونەکەی کەم بێتەوە ، دواجاریش باوشێك چیلکەو چێواڵی خڕکردەوە، ئاگری کردەوە، هەردوو مەخزەنی کلاشینکۆفەکەی خۆی بەتاڵ کردەوە ، خستنیە سەر ئاگرەکە ، هەر زۆریش داخ دەبوون یەکێکیانی هەڵدەگرت و خێرا دەیخستە سەر پارچە گۆشتەکانی قاچە بڕاوەکەی ، (فەرزەند) یەك دوو جار هاواری دەکرد، بەڵام ئەنجام کپ و بێ دەنگ بوو. تومەز لە هۆش خۆی چوو بوو، بە ئاستەم هەناسەی تیا مابوو، بۆیە ئەو لەهۆشخۆچوونەی بە هەل زانی ،چونکە هیچ هۆیەکی بەنج و سڕکردنی پێ

نەبوو، لە کوێ لەو دەشتە چۆل وهۆڵ و دوور لە ئاوەدانیە شتی واهەبێ، بۆیە لە ژووری ئەژنۆیەوە قاچی گرت و برینەکەی خستە سەر گڕی ئاگرەکە، قرچە قرچ وبۆنی گۆشتی ئادەمیزاد ئێڵنجی پێ دەدایەوە. یەک دوو جاریش ڕژایەوە، دانی بە خۆیدا گرت ، تا ئەرکێکی پیرۆزی مرۆڤانە ئەنجام بدات، پارچە گۆشتەکان هەڵپرووکان و گرژبونەوە، خوێن بەربوونەکەیشی دەیدا لە کەمی ، هەرکە دڵنیاش بوو کەهەموو سەرە دەمارەکان سووتاون و قەتماغەیان گرتووە، بە پشتوێنەکەی (فەرزەند) خۆی برینەکەی توند شەتەك دا، لە پاشان گریتە کۆڵەوە، بەرەو گوندێکی نزیکی برد ، ئیدی لەوێ بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکرد.

لێرەدا بەسەرهاتی ( نەجیب گەرمیانی) بیرهاتەوە ، کە باپیرەی بۆی گێڕابووەوە.( نەجیب گەرمیانی) لە گەڵ باپیرەی (فەرهاد) پێکەوە چەکداری شێخ مەحموود بوون، لە یەکێك لەو شەڕو پێکدادانەی دەستەویەخە لە گەڵ ئەرتەشی ئینگلیزدا گوللە تۆپ لە ئەژنۆوە قاچێکی (نەجیب گەرمیانی) قرتاند، هەر ئەوەندە فریا دەکەوێت و، لەسەر ئەسپەکەی لە پشتی خۆی دەنێت و بەرەو دێیەکی نزیك دەیڕفێنێ، تا چارەسەرێکی بکات ولەمردن قووتاری کات . لە خوێن شەلاڵ بوو، بە ئاستەم نووزەی لێوە دەهات ،بە باپیرەی ووتبوو: هەقت نەبێ هەر ئەوەندە بمگەیەنە ئاوەدانیەك خۆم چارەسەری خۆم ئەکەم. بە نیو سەعاتێك گەیاندیە دێی (ئاودارە) ، بەلأم هەستی دەکرد کە (نەجیب گەرمیانی) لە گیانەلأیە، هاسات نا ساتێکی دیکە گیان بادەدستەوە، خوێنێکی زۆریش لەبەری ڕۆیشت بوو، خۆیشی هەر دەسبەجێ زیرەکانە لەژوور زرانیەوە بە خرێنەیەك، توند توند رانی شەتەك دابوو، بە پاڵتۆ شرێکیش ئەژنۆی پێچابووەوە، کەچی بەو حاڵەشەوە سەیری زامەکەی خۆی دەکرد ، کە چۆن خوێنی لێ دەچۆڕا، قەت بڕوای نەدەهات ئەو زەلامە ئەوەندە خوێنی زۆر بێت ، کابرایەکی مامناوەندی بوو، لەش و لاریشی ئەوەندە قەڵەو نەبوو ، تا بڵێ ی خوێنی زۆرە، جار ناجارێکیش هەرکە سەیری ئەو خوێنەی خۆی دەکرد، دەیدایە قاقای پێکەنین ، وایدەزانی (نەجیب گەرمیانی) لەبەر ئێش و ئازار ئەقڵی تێکچووە، وەك بڵێ ی و دەیووت،

– پیرۆت، ترست نەبێ وەکو داری بنێشت وام تا بنێشتاوی لێ بڕوات پوازەکەی ئەستوور ئەبێ !!.

هەر بەدەم ڕێگایشەوە قسەی بۆ دەکرد و دەیووت:

– ئاخۆ لە دێر زەمانەوە چەندین تەنەکە خوێن لەم زەویە ڕژابێت و، هەزاران سواری وەکو من و تۆیش بەم دەردە چووبن ؟! سەیرکە ئەم خوێنەی کە لێم ئەروات ، نەخشە بۆ دوژمنان ئەکێشێت ، بۆ ئەوەی زوو بە زوو بە جێگاکەمان بزانن..

ئەویش بێ باکانە جرتێکی بۆکێشا و ووتی:

– خوێنی کورد وەکو تێزاب وایە بەر کێ بکەوێت ئەیسووتێنێت و، زوویش بە زەویا رۆئەچێت و ئەبێتە گوڵاڵە سوورە.. ئەی نابینی ئەم خاکە ولاّتی گوڵاڵە سوورەیە.؟!

هەرکە گەیشتنە دێیەکە، لە پایین ئاوایی بەدزیەوە خۆیان کرد بە ماڵێکدا ، کابانەکەیش بە سەرسوورماوی دەرگای لێ کردنەوەو لەبەر دەرگا وەستا و فەرمووی لێ نەکردن ، ترسا پیاو خراپ بن و، (نەجیب)یش لە رێگای خراپەدا خەڵتانی خوێن بووبێت، بۆیە باپیرەی لەسەر رووی خۆی لێی هاتەدەنگ و وتی:

– خوشکێ پیاو خراپ نین، ئێمە چەکداری شێخ مەحموودین..

ئیدی ژنەکە خێرا لە ترسا بووبێت ، یان لەبەر دڵسۆزی بووبێت فەرمووی لێ کردن، دەسبەجێ (نەجیب گەرمیانی ) داوای لە کابانی ماڵەکە کرد، کە تاوەیەك رۆنی کوردی بخاتە سەر ئاگر ، هەروەکو خۆی پێشنیازی کرد ، ژنەکەیش هەرکە بەو حاڵەوە ئەوانی بینی واقی وورما، نەیزانی چی بڵێ، سەری دنیای لێ هاتەوەیەك، بۆیە بە نیمچە توورەیەك ئاوڕی لێ ی دایەوەو ، نەجیب پێ ی ووت:

– خوشکێ تۆ ئەو کارەمان بۆ بکە و هەقی هیچت نەبێ، پاشان تێ دەگەیت.

ئیتر ژنەکەیش دەسبەجێ تاوەیەك رۆن دەخاتە سەر ئاگر، باپیرەی نەجیب دەباتە ژوورێکی دیکەو، لە سەر شرەو پرەیەك درێژی دەکاتەوە ، بەلاّم ئەوە هەمووی تەگبیری (نەجیب گەرمیانی) خۆی بوو . باپیرەیشی سەری سوورما بوو، کە تاوە رۆنی داخکراوی بۆچیە؟! پێ ی ووت:

–پیرۆت، دان بەخۆتا بگرە ، ئیستا ئەزانی ئەم رۆنە داخکراوەم بۆ چیە!!

هەرکە کابانی ماڵەکە تاوە رۆنە داخکراوەکەی هێنا ، لەبەردەمیان دانا ، هێشتا رۆنەکە قرچە قرچی بوو،وتی:

– براینە نانتان بۆ بێنم؟

(نەجیب) بەبزەیەکی کاڵ و بەدەم ئازارە هاتە قسە:

– نا خوشکی کاکی، نان و رۆن ناخۆین، بەلاّم دوایی هەرکە نەجاتم بوو و نەمردم ، هەرچیەك هەبێ خوا نەیبڕێ.

باپیرەی (فەرهاد) هەروەکو (نەجیب) چۆنی ووتبوو ئاوهای کرد ، پەڕو پاڵەکەی ئەژنۆی کردەوە، رۆنەکەیش هیشتا قرچەی دەهات، پریشکی بەم وبەلادا دەهاویشت پەنجەی لێ بدایە دەتری، باپیرەی بزەیەکی هاتێ ، چونکی ترپینەکەی پوورە (شەمسە)ی بیرکەوتەوە، جارێکیان شەکری دەکوولاّن بۆ دیژلەمە، هەرکە پەنجە دەخاتە شەکرە کوڵاوەکەوە، لە تاوا ترپێك بەر دەدات. (نەجیب) راست بووەوە و یەکسەر قاچە براوەکەی خۆی خستە ناو تاوە رۆنە قرچاوەکەوە، تەنها دانەکانی بردە جیڕەوەو نرکەیەکی

لێوە هات ، وەکو نرکەی قەڵبەزەیەکی دوورە دەنگ ، ئینجا یەکسەر بە پشتا کەوت ، باپیرەی ترسا خەریك بوو ببوورێتەوە ، وایزانی (نەجیب) مرد.. بەڵام دوای قەدەرێك تەماشای کرد بەئاستەم هەناسە دەدات ، ئاهێکی پیادێتەوە ، ئیدی دەسبەجێ خوێن بەربوونەکەی دەوەستێت و، گۆشتە براوەکەیش هەڵقرچابوو، خێرا بە پەڕۆی پاك وخاوێن ئەژنۆی دەپێچێتەوە.. هەرگیز زەلامی وەهای لە ژیانی خۆیدا نەدیبوو..

ئیتر (نەجیب گەرمیانی) لەو رووداوە بە دواوە پەکی کەوت و ، لە هاورێتی ئەو سەردەمەی دادەبڕێت . ئەوە بوو لە ساڵی رەشبگریی ساڵی 1963 دا بەر چنگی سوپای عێراق دەکەوێت و، هەر لەوێ بەبێ سووچ و گوناح گوللە بارانی دەکەن. هەندێك دەیانووت گوایە جنێوی بە ئەفسەرەکەیان دابوو ، بەدار شەقەکەیەوە پەلاماری دابوو ، ئەویش بەر دەمانچەی دەدات ودەیکوژێت، گەرچی (نەجیب) ئەو دەمە تەمەنی گەورە دەبێ..

(فەرهاد) دوای ئەوەی لە (فەرزەند) جیا دەبێتەوە، سەری لێ دەشێوێ، نەیزانیوە بڕیاری چی بدات، ئەوەی دڵی پێ خۆش بوو (فەرزەند) بوو، دوای کوژرانی (پەروێز) ئەویش لاقێکی لەدەست دا ..(فەرزەند بەر لەوەی بچێتە شاخ ، سەربازی عێراق بوو، ئیدی زۆر وەڕس بوو ، تا جارێکیان بۆی هەڵدەکەوێت ئەو مەدالیا نیکڵەی کە ناوی خۆی و پلەی سەربازیەکەی لەسەر نووسرابوو، دەیخاتە سەر تابووتی یەکێك لە سەربازە کوژراوەکانی عێراق ، لەو بەرەی جەنگەی کە ئەوی لێ بوو، دواجار بەرەو شاخ تێ تەقاند بوو . دوای ئەوەی تەرمە درۆکەی (فەرزەند ) دەبەنەوە بۆ دایکی، بە یەکجاری ناوی گوم دەبێت .

جارێکیان (فەرهاد) بە (فەرزەند) ی ووت:

–کاولبوونی نیشتیمان لە کاول بوونی خود و کەلتوری ناوەوەی مرۆڤە، بۆ نموونە دوای کاول بوونی نیشتیمان ورزگار کردنی ، دروست کردنی ئاسان نیە ، یان هەرگیز کارنەکردەیە، سەرلەنوێ خودی گشتی وەکو جاران بنیات بنرێتەوە ، بەرای من خودی مرۆڤی ولأتی ئیمە زۆر جیاوازە لە گەڵ خودی مرۆڤی ئەڵمانی ، سەرەرای ئەوەی تووشی دوو جەنگی کاولکاری گەردونی بوو، کەلتوورەکەی یاریدەدا خودی گشتی بنیات بنێتەوە. بنیاتنانی خودی تاکە کەسی ، یان خودی گشتی دەبێ بە رووخانی کەلتووری پێشینە دەست پێ بکات ، مەبەست لە کەلتووری کۆمەڵأیەتیە، نەك کەلتووری رۆشنبیریی مێژوویی، کە پتر کەلتوری ئایینیە، ئەگینا زەحمەتە دوای ئەم هەموو کاوڵکاریانەی ولأتەکەمان ، خودی تاکەکەسی بنیات بنیرێتەوە..

**<u>(فەرهاد)</u>** نەیزانی و هەرلە خۆیەوە دەستی کرد بە گێرانەوەی سەربووردێك بۆ شوڤێرەکە.ئەویش سەیری بەردەمی خۆی دەکردو، پێکەنی و نەیزانی بۆ لەوێوە دەستی پێ ی کرد:

–جارێکیان هەرکە لە بەندیخانە لێیان پرسیم ناوت چیە ؟ دەسبەجێ ناوی خۆم نا (زۆربا). بێگومان لەلای زیندانیەکان ، نە لەلای گارد و دێوەزمەکان ! ئەگینا حەسیر مەیدانیان دەکردم، ئەوەندەش حەسیرمەیدان کراوم، هەر کەسێکی تر بووایە ئیستا تۆزی نەمابوو .(شوفێرەکە پێکەنی).

–پێ مەکەنە، ئیتر لە ووزەمدا نەماوە ، دڵنیاشت دەکەم کە ئەم ناوە پڕ بە پێستی خۆم بوو، بەڵام با ناوە راستیەکەی خۆمت لێ بشارمەوە ، پێویست ناکات بیزانی. دەڵێن و وەکو دایکیشم بە رەحمەت بێ دەیفەرموو کە (خولەپیزە) ئەو ناوەی لێ ناوبووم، بێگومان خولە پیزەیەکی مزەوەر بووە کە دواجار دەرکەوت بوو، نەك ئەسڵەکە کە بەرلەوەی بە دەستی نامەردی بیکوژن ، بە گوندەکەماندا تێ دەپەڕێ و، شەو دەبێتە میوانی ماڵی ئێمە. دایکیشم ئەو شەوە لە ترسی ئەو جەردەیە، زوو بەرەکەی فڕێ دەدات، ئەوان وایان زانیبوو ئەسڵەکەیە، هەرکە خولە پیزە لە کەین وبەینەکە دەبێتەوە ، کە نێرە یان مێیە؟ ئەوانیش راستی رەگەزەکەمی پێ دەڵێن. دەسبەجێ ناوێکم بۆ دەدۆزێتەوە ، تا بەینێکیش ئەو دەمەی هێشتا نەخرابوومە بەر خویندن لەدێدا بە ناوی کوڕەکەی خولەپیزە بانگیان دەکردم و، توانجیان لێ دەدام بەدبەختییش لەوەدایە کە باوەڕمان بە مێژووی خۆمان نەبووە، مێژوو بێگانەمان پەرستووە. مێژووی خۆشمان وەکو خولەپیزە بەر تف داوە و بەردەبارانمان کردوە. هەربۆیە ئەو قسەیە چووبووە کونە لووتمەوە(کوڕەکەی خولەپیزە)، هەرچی کاتێکیش بۆ گوندەکەمان بگەڕامایەوە، لە لولە قامیش تفەنگێکم ساز دەکرد و دەمکردە شان و بە سەر چیاکەی بەرامبەر ئاوایی دەکەوتم و، ئاواییم دەدایە بەر سیرەی دەسەرێژی درۆزنانە، تاوای لێهات دایك و باوکم ترسی ئەوەیان لێ دەنیشت کە (جنۆکە) دەستی لێ وەشاندبم و ئەقڵم تێکچووە!. ئەوەبوو ڕزمەیەك دوعا و قەزمە نووشتەیان کردەملم .منیش هەرکە بەرەو شار بۆ خوێندن دەگەڕامەوە، لە ڕێگا هەمووم بە تف سوواخ دەداو، بۆ بەردەم ئۆتۆمبیلەکەم تووڕدەدان. بە ڕێکەوتیش پێچەکان کاغزە جووراوەکانیان پان دەکردەوەو، شوێن پێیکی هاوچەرخیان لەسەری دەنەخشاند.ترس و، بیروباوەڕی باوانیشم تێکەڵ بە قوڕەلیتەی ژێر پێچەکانی ئۆتۆمبیلەکە دەبوون. لەوانەیە بپرسی چ کارەم و، لە کوێوە هاتووم.سی ساڵە ئەم خاکەم بە جێهێشتووە، لە سوێد بژی و مەمر دەژیم ، دوای ئەوەی ژنەکەم ومنداڵەکەی سکی بوونە ژێر داروری وپەردوەوە، ئەوکاتەی پێشمەرگە بووم.

شوفێرکەش هاتە قسە و وتی:

– بۆ نازانم ؟ لەو شاخە پێشمەرگە بووین ، هەندێ کەس لەوێ بوون هەر قسەی قۆڕیان بۆ دەکردین، ئەیانووت گوایە کورد بە شیعر رزگاری ئەبێ، دە بەشەرەفم شیعرەکانی ئەوان نەبووایە ئێمە ئاوهامان

بەسەر نەئەهات، هەرکە شەر گەرم بووایە، هەبوو سەرکردەش بوو خۆی نەخۆش ئەخست .هەشبوون ئەیانقووچان بۆ هەندەران..

– بەڵێ، ئەمانە لەوێش هەروابوون و لەوێشەوە دەیانەوێ کورد بە شیعر رزگارکەن..دەسا بە شەرەفم و بەگۆری شەهیدانیش هەموو کورد ببێ بە شاعیر ئەوجا چش..یەکێك لەو شاعیرانە دەناسم ئیستا بووە بە یەکە شاعیری کورد، هەرجارەی لە ئاشێکی دەکا .جارێك لە ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و شەش ، کۆمەڵە خەڵکێکی بە جاش لە قەڵەم دەدا و شیعرێکی بۆ هەڵبەستن، هەرکە ئەوانە لە ساڵانی هەشتاکان بوون بە دەسەڵات لەکوردستان لەو شاخانە و دەستی کرد بە مەدحکردنیان و، جارێکیان یەکێك لەو سەرکردانەی کوردی کرد بە قارەمانی زەمانە.بەڵام لە رووداوی 1996دا لە 31ی ئاب دا جنێونامەیەکی بە خۆی بنەماڵەکەی دا بڵاو کردەوە. هەرجارەیش لەسەر ئەو جۆرە شیعرانە پارەی مۆڵی وەردەگرت.. توو شەرەفت ئەمە شاعیرە یان بازرگانە؟..

کەچی (زۆربا) نەیدەویست ناوی خۆی لەسەر ئاو بنووسێ، یان سواری پشتی رەشەبا ببێ، ئاواتەکانی زۆر سادەو هەرزان بوون، ژن و مەی خواردنەوە، قسەی زل و لەناو جەرگەی کارەساتەکاندا سەمای دەکرد و پێ دەکەنی ، سەرەرای ئەوەی داوێن گیری ژیان بوو، بۆیە لە مردنیش دەترسا، ئاگرێکی لە دەروونیدا بوو بەشی ئەوەی دەکرد سەرپاکی قەشە و پیاوانی ئایینی پێ بسووتێنێ، خۆشە هەموو کەسێك وەکو ئەو بە پێیەوە گیانی دەرچێت..

لە بەر ئەو دوو هۆیەش بوو (فەرهاد) زۆربای خۆشدەویست و رقبوونەوەی لە پیاوانی ئایین و بە پێیەوە مردن. ئەو رۆژەی (فەرزەند)ی بە جێهێشت، بۆ شەوەکەی گەیشتە شارەکەی خۆی ( واتا ئەم شارەی کە ئیستا بۆی گەراوەتەوە)، تەنها کپ و خامۆشی و سەگوەڕ و تروسکایی چراخانی شەقامە نیمچە چۆڵەکان بە پیریەوەهاتن، وەکو هاورێکانی دیکەی دیسان بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە ناو شار. چەند رۆژێك لەماڵی دۆست و برادەر مایەوەو خۆی شاردەوە.هەرکە دڵنیان کردەوە کە لەو بێ ئاگان ، ئەوەندە خۆیان تەسلیم کردوەتەوە هێشتا خەریکی ئەوانن و، ئەمیان لەبیر نیە. دەمەو بەیانیەك دوای ئەوەی لە خزمی دووری سۆراخی گۆرەکەی دایکی کردبوو، بەناونیشان و گردۆڵکە و تەپۆڵکەو گۆڕی فلان وفیسار گۆرەکەی دایکی دۆزیەوە. لەگەڵ زەویدا تەخت ببوو، گەرچی دڵنیاش نەبوو ، بەڵام گۆڕی دایکی بێ ، چەند دڵۆپە فرمێسکی بۆ هەڵڕشت ولە دڵەوە بۆی لاواندەوە، تا دەمەو نیوەرۆ بە دیاریەوە هەڵکورما و، دوارۆژی خۆی تاوتوی دەکردو، ئیدی بۆ دواجار ماڵئاوایی لە هەموو بیرەوەریەکی دایکی کرد، گەرچی زەحمەتیشە بە ئاسانی دەردی سەریەکانی دایکی لەبیر بچێتەوە. دایکی لە تۆڵەی خوێن درابوو بەباوکی، چونکە خاڵۆیەکی مامەی

لەسەر زەوی و زارکوشت بوو. هەر بۆیەش باوکی تا مرد خۆشی بەچارەی دایکیدا نەدەهات و ، فەرهادی بە زادەیەکی زۆرەملێ دەهاتە پێش چاو، بۆیە (فەرهاد) بەری هەڵەیەکی مێژوویی بوو ، لە نێوان ئەو دوو قوتبە ناکۆکە کەسایەتی و بوونی هەڕەزانەی دەکرد.

ئەمە دووەم جاری بوو دەهاتەوە ، دەمەو نیوەڕۆ بوو فەرهاد لە شار دەسووڕایەوە ، بە ئومێدی ئەوەی کۆنە برادەرێکی بدۆزێتەوە ، یان کۆنە ناسیاوێکی ، بەڵام بێهوودە ، دەم و چاوەکان لەلای نامۆ بوون و نامۆش نەبوون! هەندێ کەس بە گەرمی رووبە رووی دەبوونەوەو بەگەرمی چاک وچۆنیان لەگەڵ دەکرد ، بەڵام نەیدەناسینەوە، زۆرجار خۆی دەیپرسی (تۆ کێ ی؟)، ئەویش مۆرەیەکی لێ دەکرد و بە تووڕەییەوە بە جێ ی دەهێشت.

ئیدی لەو دەمەدا ناڵەیەکی گەورە سەراپا شاری تەنی، ئیدی لەو ساتەوە (فەرهاد) سۆراغی نەما. شار هێندە شپرزەی کوژراوو بریندارەکان بوو ، کەس ئەسڵەن لەسۆراغی ئەو نەبوون، چونکە ئەو کێ بوو ؟ کەسی دڵسۆز و نادڵسۆزیشی نەبوو تا بەدوایدا بگەڕێن . تەنها باڵیۆزخانەی ( سوێد)ی لە بەغدا رایگەیاند کە هاووڵاتیەکی بەناوی (فەرهاد) لە ناو قوربانیەکانی تەقینەوەکە دۆزراوەتەوە، بە پێی ئەو پاسەپۆرەتەی کە سویدیە لە باخەڵی دۆزراوەتەوە،بەڵام لە سووتانی پاسەپۆرتەکە لە هەندێ جێیەوە، ناوی باوکی فەرهاد نەمابوو. بۆیە تەنها ناوی خۆی مابوو وێنەکەیشی رەشە هەڵگەڕابوو..

فەرهاد بەر لەوەی بەو چارەنووسە بگات، رۆمانێکی خوێند بووەوە ، کە ئێمەیش وەکو فەرهاد ناوەکەیمان لەبیرچووەتەوە، بەڵام هەندێ پەرەگراف لەبیر ئێمەیش ماوە ،وەکو جارێکیان لە (سوید) خۆی بۆی گێراڕەوە. بۆیە چیرۆکەکەمان بەو پەرەگرافانە کۆتایی پێ دەهێنین :

(( هەموو شتێ بە شانۆکراوە،کە لەلایەن دەرهێنەرێکی نادیارەوە پێشتر ئامادە کراوە، ئەویش دووفاقی کۆمەڵایەتیە. نیمچە رێکەوتنێك لەسەر بنەما وەهمیەکانی و یاسایەکی موزەیەف کە لەو هەڵبژاردنانە سەرکەوتوو بوو کە مێژووییان نەبوو . هەموو رۆژێك رۆژی دەنگدان و هەڵبژاردنە بە بەڵێ بۆ بەرژەوەندی رووخسارگەلێکی بۆش و رۆشنبیریی نا رۆشنبیریی، رۆشنبیریی لاسایی کردنەوەی شتگەلێك کە رچەڵەکیان نیە، هەر ژنێك کۆپی کراوی ژنێکی دیکەیە نەك کاغەزە ئەسڵەکە بێت. پیاوان وەکو بووکەشووشە وان ، پێستە ناسك ، ناسکتر لە پێستەی ژنەکانیان ، پرۆتۆکۆلە بۆش و بەتاڵەکان و خۆنووشتاندنەوە بێ تامەکان. زەردەخەنەکان، زەردەخەنە قێزەوەنەکان لەسەر رووخسارە زەردهەڵگەراوەکان،فەرهەنگەکان دەهەژێن ، واتاکان دەکەونە خوارەوە و تەنها دەرگاکان دەمێننەوە.هەموو چەمکەکان دەگۆڕدرێن لە پیتی خاوە، خۆشەویستی لە دەرگای سۆزە میرخاسەکانەوە دەرکرایە دەرەوەو ، خەونیش چووە ناو پێخەف شتە

بەدیلەکانەوە، وەلێ جەنگ بلاوبوەوە لە هەموو جەڵەدەکاندا بە ناوی زۆرەوە، یەکەمیان ئازادی و دیموکراسی، پاشان یەککگرتنی نیشتیمانی . پێناسەی نوێی کۆمەڵەی نەخوێنەوارە پسپۆڕەکان لە کاروباری زمان بریاریان لێ ی داوە، هەلاوسانی واتاکان ، زۆربوونی تەئویلەکان، ئەمەیش قرچۆکی زمان و، کەمی ئاماژەیە.دەربڕین لە شتە نیمچە هەبووەکان بە شتێ کە لەوانەی بوونیان هەبێ لەسەر بەڵگەی نەبوو. وەك ئەوەی نیشتیمان بە پەرەمووچی وەفاداری لە سەر دڵمان وێنەی بکێشین. وەك ئەوەی وێنەی خۆشەویستی بە پەرەمووچی دڵسۆزیی لە سەر جەستەمان بکێشین. وەك ئەوەی ئاو بە پەرەمووچی خۆڵ لەسەر هەوا بکێشین، وەك ئەوەی نمایشی شانۆگەریەکی بێ دەنگ بکەین لەسەر تەختەیەکی تاریك لەودیوی دیوارەوە. ئەمەیش بێ واتاییە (ئەمەیش کارەساتی واتایە)– ژان بۆدریار– کشانەوەی شت بۆ سوودی دژەکەی. نەمانی ناوەرۆك بۆ بەرژەوەندی شێوەو، نەمانی شێوە لەبەر بەتاڵی لە ناوەرۆك.هەمووان ئەفسانە درووست دەکەن، تا بە دریژایی ژیانی تیا بژێن، پاشان بەر لەمردنی لێ ی دەکەوێتە گوومانەوە.جیهان دادەتەپێ ، هەموو دەسبەردای رۆڵی خۆیان بوون، تیرۆر لە ئارامترین ناوچە روودەدات و، لەکوێ شەڕ هەبێ خەڵکی لەوێ بە ئاشتی دەژین )).

(فەرهاد) بەتەما بوو دوای نیوەرۆ بڕوات بە لای ماڵە کۆنەکەیانەوە و یادگاریی پڕکوێرەوەری وتاڵی دایك و باوکی یادکاتەوە. هەرکە لەو سەرەوە گەڕایەوە بۆ ئەو مەبەستە، خۆیشی نەیزانی بۆ بە بەردەم ئەو دەرگایەدا ڕەت بوو، دەشێ رێکەوت بووبێت ! لەوێدا لەو خانووەدا ماڵێکی لێ بوو ژنەکە ناوی (سەبری) بوو، مێردەکەیشی ناوی (فەتاح) کەبابچی بوو . کەچی دوای دوو سێ منداڵ ، دڵی چوو بوو لە لاوێکی دراوسێی خۆیان ، چونکە رۆژانەش مێردەکەی لەسەرکار بوو شەوا وشەو دەهاتەوە، بە رۆژیش دۆستەکەی دەهاتە لای ، هەرچی پارەی کەباب هەبوو دەبووە مەی و پاکەتە جگەرە بۆ دۆستەکەی. تا مێردەکەی پێ ی زانی و تەڵاقیدا و، ئیدی لەوە بە دواوە دۆستەکەیشی وازی لێهێنا بوو ، ناچار بوو سەری خۆی هەڵگرێت کەس نەزانێ بۆ کوێ. دەیانووت چوو بوو بۆ (بەسرا) و لەوێ بە داوێنپیسی دەژیا، ئەم بوختانە یەکێك بوو لەو دەیان بوختانانەی بۆیان هەڵبەستبوو، کێ دەڵێ لەسەرهەڵگرتنەکەیدا نەمردبوو؟. ئەم بەسەرهاتە بەسەرهاتێکی خۆی بەیادهێنایەوە لە (سوێد). لەوێ ژنێکی عەرەب ، کە ناوی (حەنان) بوو، دوای ئەوەی مێردەکەی ، کە ئەفسەری سوپای عێراق بوو ، لە شەڕی عێراق ئێران کوژرا بوو، شووی بە کەسێکی دیکە کردبوو، هاتبوونە سوێد. دیار بوو مێردەکەی لە ئۆپۆزسێونی عێراقی بوو. دوای ساڵێك لەو ئاپارتمانەی کە پێکەوە لێ ی بوون ، چەند جارێك یەکیان دیبوو، ئەنجامیش بووە دۆستی و لە ژوورەکەی خۆی سێکسی لە گەڵدا کردبوو ، ئەگەرچی مێردەکەی پێ ی زانی و، ئیدی (حەنان)یش لەترسان گەڕابوەوە بۆ عێراق و

نەهاتەوە، هەندێ قسەش هەبوو کە گوایە حکومەتی عێراق گرتبووی ودواجاریش بەریان دابوو. ئەویش بووە بازنەیەك لە زنجیرەی مەرگەساتەکانی (فەرهاد). گەرچی ئەو وای دانابوو بەسەرهاتەکەی خۆی و (حەنان) یش، وەکو چیرۆکی ئەو فلیمەی لێ بێ کە ناوەکەی لەبیر نەماوە، بەڵام دەزانێ لە نواندنی (کلینت ئیستوود) و (میریل ستریب) بوو. چیرۆکەکەیش (رۆبەرت) ناوێك کە (کلینت ئیستوود) رۆڵی دەبینی، پیاوێکی وێنەگری گەڕیدە وبێ ژن وماڵ و بێکەس وکار، تەمەنی لەسەروی شەستەوە دەبێت، بەرێکەوت لە گوندیی گەشت وگوزاری ، چاوی بە (فرانشیسکا) دەکەوێت، کە(میریل ستریب) رۆڵی دەبینی، ئەویش مێردی هەبوو کوڕوکچێکی گەورەشی هەبوو، بەڵام تەنهایی وای لێدەکات، پەیوەندیەکی خۆشەوستی زۆر توونددوتۆڵ لەگەڵ (رۆبەرت)دا ببەستێت، تا دەگاتە سێکس کردن لەگەڵیدا، چونکە زۆربەی کات مێردەکەی یان منداڵەکانی لە دەرەوە بوون. دەگاتە ئەوەی تا بیر لە هەڵاتن بکاتەوە لەگەڵ پیرەمێردێکی وەکو رۆبەرت و. مێردو مناڵەکانی بەجێبهێڵێ. وەلێ دواجار پەشیمان دەبێتەوە. دوای ماوەیەکیش پۆستێکی لە (رۆبەرت)ەوە بۆ دێت ، کە هەواڵی مردنی ودەفتەرێکی یادەوەریەکانی و هەندێ شتی تایبەتی تیادەبێت، کە وەسیەتی کردبوو بدرێن بە(فرانشیسکا)..کەچی (فەرهاد) هیچ میراتیەکی لێ بە جێ نەماوە ، ئەگەر هەشی بووبێ ، کەسێکی ئەوتۆی نەبوو بۆی وەسێتی کات.

***2007-2008 سلێمانی***